# ڕامانێک

## لە ڕابردوو و ئێستا، بۆ بەدیهێنانی داهاتوو

ئەلبورز ڕۆئین تەن

کوردستان ٢٠٢٠

# ڕامانێک

## له ڕابردوو و ئێستا، بۆ بەدیهێنانی داهاتوو

ئەلبورز رۆئین تەن

کوردستان ٢٠٢٠




**ڕامانێک**

**له ڕابردوو و ئێستا، بۆ بەدیهێنانی داهاتوو**

نووسینی:

**ئەلبورز ڕۆئین تەن**

گرافیك و دیزاین:

**هۆزان**

تیراژ:

**٥٠٠ دانه**

چاپخانه:

**رۆکسانا**

نرخ:

**٤٠٠٠ دینار**

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانه گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٤٠٣) ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوه.

**پێشکەشە**

**بە باوکم کە بەردەوام خەمی پێگەیاندنی منی هەبوو...**

**بە دایکم کە سەرچاوەی میهرەبانی و خۆنەویستییە...**

## پێرست


پێشەکی ........ ٧

### بەشی یەکەم

چاوخشاندنێک بە مێژووی تێڕوانینی ئێران بۆ کورد ........ ١١

١. گرینگی مێژوویی و تێڕوانینی مرۆڤ ........ ١٢

٢. زانینی هۆیەکانی سەرنەکەوتن، ئەسڵێکی گرنگە لە مێژوودا ........ ١٥

٣. تواندنەوەی کورد لەنێو نەتەوەی باڵادەستدا ........ ١٧

٤. حکوومەتی ماد رووخا، بەڵام کورد لەناو نەچوو ........ ١٩

٥. شۆڕشی فەراوەرتیش ........ ٢٢

٦. ئۆتۆنۆمی ساتراب ........ ٢٣

٧. کورد لەسەردەمی ئیسلامدا ........ ٢٥

٨. سیاسەتی سەفەویو عوسمان بەرانبەر کورد ........ ٢٧

٩. کوردانی خوراسان ........ ٢٩

١١.لەداو خستنی ڕێبەرانی کورد ........ ٣٠

### بەشی دووەم

ویستی ئاشتییانەی حیزبی دێموکراتو وەڵامی دیکتاتۆران ........ ٣٧

١. کۆمەڵەی ژێکاف و گرنگی بوونی ........ ٣٨

٢. دامەزراندی کۆماری کوردستانو هەوڵی پێشەوا ........ ٤٢

٣. بەڵێنی بێبنەماو لەسێدارەدانی پێشەوا ........ ٤٤

٤. جووڵانەوەی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ ........ ٤٦

٥. بیرۆکەی ستراتژی دروشمی حیزب ........ ٤٧

٦. خەباتی کوردو شۆڕشی گەلانی ئێران ........ ٤٩

٧. وتوویـژ یان تێرۆر ........ ٥١

**بەشی سێیەم**

ئایـا تێڕوانینـی حکوومەتی داهاتووی ئێران بۆ کورد دەگۆڕێت!!؟؟ ........ ٥٥
١. گۆڕینی عەقڵییەت یان دەسـەڵات ........ ٥٦
٢. سـناریۆکانی داهاتووی ئێران ........ ٥٨
٣. ئەزموون‌کردنەوەی ڕێژیمی پاشـایەتی ........ ٦٠
٤. پرسـی کوردو یەکپارچەیی ئێران ........ ٦٢
٥. کۆنگـرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدڕاڵ ........ ٦٤

**بەشی چوارەم**

چاوخشـاندنێک بەسـەر گۆڕانکارییـە ئابـووریو کۆمەڵایەتیـو کەلتووریەکانـی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات ........ ٦٩
١. لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە گرنگـەکان ........ ٧٠
٢. هەڵکەوتەی کوردسـتان و ئامارە ئابوریەکان ........ ٧١
٣. کۆمەڵـگای مەدەنی چالاک ........ ٧٩
٤. دێموگرافی کەلتووری و پەروەردەیی ........ ٨٠

**بەشی پێنجەم**

گۆڕانکاری لە فاکتەرە کاریگەرەکانی ژئۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ........ ٨٥
١. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بایەخەکانی ........ ٨٦
٢. کورد نەتەوەی بێ‌دەوڵەت ........ ٨٨
٣. ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست ........ ٩٠

٤. سیاسەتی ئوروپا سەبارەت بە کورد ........................................................ ٩٠
٥. دەوری ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ................................................. ٩٢
٦. کوردستان گۆڕەپانی ململانێ هێزە بیانیەکان ........................................ ٩٥
٧. کوردستان سەرچاوەی نەوتو ئاوە ........................................................ ٩٨
٨. دۆخی ئەو وڵاتانەی کوردی تێدایە ...................................................... ١٠٠

## بەشی شەشەم

دانانی بەرنامە لەسـەر بنەمای خەباتی داگیرکراو دژی داگیرکەر ........................ ١٠٧
٩. کۆیلایەتـی یا خەبات بۆ ڕزگاری ........................................................ ١٠٨
١٠. ئایا بە دێموکڕاسی پرسی کورد چارەسەر دەبێ ......................................... ١١١

## بەشی حەوتەم

سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک دوای چەند دەیە! .............................................. ١١٥
١. شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو خەسارەتێکی گەورەی لە بزووتنەوەی کورد دا .......... ١١٦
٢. سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک لەبەرچی هاتە نێو پرۆگرامی حیزبەوە ........................ ١١٨
٣. تایبەتمەندییەکانی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک ........................................... ١٢١
٤. سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک و خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێ .................................. ١٢٧
٥. ڕێگا چارە ............................................................................... ١٣٢

کۆبەند ...................................................................................... ١٣٥

# پێشەکی

لەســەردەمێکدا کــە خێرایـــی گۆڕانکارییــەکانو پێشـــڤەچوونی مرۆڤایەتــی لــە بــوارە جیاوازەکانــدا خــۆی دەنوێنــێ و ئاســتی ژیانــی گــەلان بــەردەوام لــە بەرەوپێش‌چــوون دایــە، کــورد وەک نەتەوەیەکــی چەوســاوە لەزێــدی خــۆی، واتــە کوردســتانی داگیرکــراو، بــەرەوڕووی کۆمەڵکــوژیو ســەرکوت دەکــرێ و هەوڵــی ســڕینەوەی شۆناســی دەدرێــت. وێــڕای خەباتــی دێریــنو بەردەوامــی کــوردو گیانفیداییەکــی بێ‌وێنــە بــۆ بەدەســتهێنانی سەربەســتی و ڕزگاری؛ لــە دۆخــی ئەمــڕۆدا زیاتــر لەهــەر کاتێکــی دیکــە مەترســی بۆســەر کــورد هەســت پێ‌دەکرێــت.

لــە بارۆدۆخێکــی وادا وێــڕای درێــژەدان بەخەبــاتو تێکۆشــان، ڕامــان لــە چۆنییەتــی خەبــاتو هێڵــە گشــتییەکانی بــۆ داهێنانــی بەرنامەیەکــی نــوێ لەپێنــاو سەرخســتنی ئــەو بزاڤــە ڕەوایــە، ئەرکــی هــەر ڕێبوارێکــی ئازادیخــوازی کوردســتانی ڕۆژهــەڵات بەگشــتیو ڕۆڵەکانــی دێموکــرات بەتایبەتیــە کــە لەچوارچێــوەی ڕێکخراوێکــی نەتەوەیــی پێشــکەوتنخواز وەک حیزبــی دێموکــرات بــۆ بەدەســتهێنانی ئــەو ئامانجــە تێبکۆشــن.

لــەم ســۆنگەییەوە پێداچوونــەوە بــە بەرنامــەو ئەساســنامەی حیــزبو دارِشــتنەوەی گوتــاری نــوێ خەبــات لەســەر بنەمــای فاکتــە مێژوویــیو ئــەو گۆڕانکارییانــەی کــە لەڕەهەنــدە جیاوازەکانــدا هاتوونەتــە ئــارا، وەکــوو پێویســتییەک دەبیندرێــت. مەبەســتیش؛ هاوئاراســتە بــوون لەگــەڵ کۆمەڵــگای ڕۆژهــەڵاتو ئاراســتەکردنی هێــزو وزەی کۆمەڵگایــە کــە لەئاکامــی گۆڕانکارییــەکان ئاڵوگــۆڕی بەســەرداهاتووە، ئەمــەش

مەرجـــی ســـەرکەوتنی خەباتـــی نەتەوەیی‌یـــە.

لـــەو کتێبـــەدا هەوڵـــی ئەوەمـــان داوە، پێویســـتی گۆڕانـــکاری چوارچێـــوەی بەرنامـــەو گوتـــاری داهاتـــووی حیـــزب وەک هێزێکـــی شـــوێندانەر لـــە ڕۆژهەڵاتـــدا بخەینـــە بەربـــاس کـــە لـــە ســـەر بنەمـــای فاکتگەلـــی؛ مێژوویـــی، هەڵســـوکەوتی داگیرکەرانـــەی داگیرکـــەران بەرانبـــەر ئاشـــتی‌خوازی کـــورد، گۆڕانکارییـــە ژئۆپۆلیتیکـــی‌و کۆمەڵایەتـــی‌و ئابورییـــەکان کـــە کاریگـــەری لەســـەر دۆخـــی کـــورد هەبـــووە، داڕێژرابـــێ. بـــێ گومـــان ئـــەو باســـە پێویســـتی بـــە بیـــرو بۆچوونـــی کەســـانی شـــارەزای بوارەکانـــی؛ مێژوویـــی، ڕامیـــاری‌و یاســـایی‌و ئابـــوری‌و کۆمەڵناســـی کـــە لـــە هەمـــوو کەلێـــن‌و کەلەبەرەکانـــی ڕوون‌و لێڵـــی ئـــەو پرســـە وردبوونەتـــەوە هەیـــە، تـــا بەهێـــزو بیرێکـــی دەوڵەمەنـــدەوە گەڵاڵەرێـــژی بـــۆ بەدەســـتهێنانی بەرنامەیەکـــی ســـەرکەتوو بکـــەن کـــە لـــە ئایدیـــاو هـــزری خـــاوەن هزرانـــی کـــورد ســـەرچاوەی گرتبـــێ.

لێـــرەدا بـــە پێویســـت دەزانرێـــت ئامـــاژە بـــە بەرنامـــەی ئێســـتای حیزبـــی دێموکـــڕات بکرێـــت کـــە لـــە پڕۆســـەیەکی دێموکراتیکـــدا پەســـەندکراوە، هەروەهـــا ســـەری ڕێـــز بەرامبـــەر خەبـــات‌و تێکۆشـــانی ڕۆڵەکانـــی گەلـــی کـــورد لەچەنـــد ســـەدەی ڕابـــردوودا دادەنوێنـــم کـــە لـــەو پێنـــاوەدا لەخۆبـــردووی‌و ئازایەتـــی بێ‌وینەیـــان نوانـــدووەو ئەگـــەر نەڵێـــم هەمـــوو، بەڵکـــوو زۆربـــەی هـــەرەزۆری ڕێبەرانـــی شـــۆڕش‌و جوڵانـــەوەی کـــورد لـــەو پێنـــاوەدا ســـەریان نـــاوەو بوونەتـــە قارەمـــان‌و هێـــمای نەتـــەوەی خۆیـــان. لەگـــەڵ ئـــەوەی هـــەرکام لـــەو شۆڕشـــانە بەگوێـــرەی هەل‌ومـــەرج‌و قۆناغـــی ســـەردەمی خۆیـــان تاکتیـــک‌و ســـتراتژیان داڕشـــتووەو بـــۆ گەیشـــتن بـــە ئامانـــج پەیڕەویـــان لێ‌کـــردووە،

بــەڵام ئێمــە وەکــوو حیزبێکــی شۆڕشــگێڕ کــە بڕوامــان بــە ئاڵوگــۆڕ و پێشــڤەچوون هەیــەو خــۆم وەک ڕۆڵەیەکــی کــورد و ئەندامێکــی دڵســۆزی حیزبــی دێموکــرات، پێم‌وایــە بەپێــی هەل‌ومەرجــی ئەمــڕۆو ئــەو گۆڕانکارییانــەی کــەوا بەخێرایــی لەناوچــەدا ڕوودەدەن کاتــی ئــەوە هاتــووە چاوخشــاندنەوەییەک بەســەر دروشــم‌و ســتراتژی‌و سیاســەت‌و هێڵــە گشــتیەکانماندا بکەیــن؛ چونکــە گەلانــی ڕزگاربــووی دیکــەی جیهانیــش بــە کەڵک‌وەرگرتــن لــە وانەکانــی ڕابــردووو داهێنانــی نــوێ، توانیویانــە هەنــگاو بــەرەو ســەرکەتن بنێنــن.

هیــوادارام ئــەو کتێبــە لــەو بــوارەدا بتوانــێ بەســود بێــت، لــەو ڕوانگەیــەوە کــە کەســانی شــارەز و قەلــەم بەدەســت هان‌بدرێــن‌و بێنــە دوان، بۆئــەوەی ڕێــکارو میکانیزمــی گونجــاو دەستنیشــان بکــەن بــۆ گەیشــتن بــەو ئامانجــە ســەرەکییەی کــە ئاواتــی لەمێژینــەی هەمــوو تاکێکــی نەتــەوەی کــوردە.

بــە پێویستیشــی دەزانــم سوپاســێکی تایبەتــی هەمــوو ئــەو بەڕێزانــە بکــەم کــە لــە بــە چــاپ گەیاندنــی ئــەو کتێبــە یارمەتیــان داوم بــە تایبەتــی سپاســی بەڕێــز لوقــمان مێهفــەر ئەندامــی هەیئەتــی ئیجرایــی ناوەنــدی سیاســی حیــزب بــۆ ڕێنوێنیەکانــی و هەروەهــا بەڕێــز خاتــوو ئەویــن مســتەفازادە بــۆ پێداچوونــەوەی زمانەوانــی و هــاوڕێ کاک هــۆزان بــۆ دیزاینــی بــەرگ و نــاوەوەی کتێــب دەکــەم.

بەهیوای سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان...

# بەشی یەکەم

## چاوخشاندنێک بە مێژووی تێڕوانینی ئێران بۆ کورد

### ١. گرنگی مێژوویی‌و تێڕوانینی مرۆڤ

«ئیحسـان نـوری پاشـا» لـە کتێبـی «مێـژووی ڕەگ‌و ڕەچەڵەکـی کـورد» لەسـەر گرنگـی مێـژوو و تێڕوانینـی مـرۆڤ بـۆ مێـژوو دەڵێـت: «بێ‌ئاگایـی لـە ڕابـردوو، دەبێتـە مایـەی فەراموش‌کردنـی ئاینـدە»[1]. هۆکارەکانـی بێ‌ئاگایـی کـورد لـە مێـژووی خـۆی جێـگای سـەرنجە، بـەڵام گرنگتریـن هـۆکارەکان ئەمانـەی خـوارەوەن:

یەکـەم؛ هەوڵـی بێ‌وچانـی دوژمـن بەدرێژایـی سـەدان سـاڵی ڕابـردوو بـۆ سـڕینەوەی شۆناسـی نەتەوەیـی کـورد وای‌کـردووە کـە کـورد لەڕابـردووی خـۆی ئاگادارنەبێـت، هەروەهـا هەوڵـدان بـۆ نەهێشـتنی مێـژوو و چەواشـەکردنی، بەشـێکی گرنگـی لەڕاسـتای سیاسـەتی داگیرکارانـەی داگیرکەرانـی کوردسـتان بـووە؛ چونکـە ئـەوە مێژوویـە کـە دەتوانـێ ڕاسـتی سـتەمی بێ‌کۆتایـی‌و گـزی هەمیشـەیی‌و تێڕوانینـی داگیـرکاری بـۆ کوردسـتان ڕوون بکاتـەوە. مێژوونوسـی ئەرمەنـی «ئارشـاک ئافراسـیان» لـەو بارەیـەوە دەڵێـت: «لەوانەیـە هیـچ گەلێکی‌تـری نیشـتەجێی ناوچەیەکـی جوگرافیـای نـاسراوو ئاشـکرا ئەوەنـدەی کـورد بـەر گەردەلولـی ڕەشـی شـاردنەوەو چەواشـەکاری‌و لەبەرچـاو ڕەش‌کـردن نەکەوتبـێ، ئـەم ڕاسـتییە دەبـێ هـەر لەسـەرەتاوە دووپـات بکرێتـەوە تـا کێشـە مێژووییەکـە بەباشـی بخرێتـە بەرچـاوو مەسـەلەی کـورد بەوجـۆرە تاووتـوێ بکـرێ کـە ئەمـڕۆ خـۆی دەردەخـاو دێتـە پێشـەوە».[2]

تەنیـا «ئارشـاک ئافراسـیان» نەبـووە کـە ئامـاژەی بـە شـاردنەوەی مێـژووی کـورد بەمەبەسـتی سـڕینەوەو نەهێشـتنی هەسـتی نەتەوەبوونـی کـورد کـردووە، بەڵکـوو هـەر لێکۆڵەرێـک بیهـەوێ لەسـەر کـورد

لێکۆڵینــەوە بــکات ئــەو گرفتــەی بــۆ دروســت بــووە. یەکێــک لــەوان دکتــۆر «ئەحمــەد مەحمــود ئەلخەلیــل»ە کــە لــە کتێبــی «مەملەکەتــی مــاد»دا دەڵێت:»مــن وای بــۆ دەچــم کــە (فارســە باوەڕپێکــراوەکان) -وەک خــۆی دەڵێــت- ئەوانــەی زانیارییــان بــە «هیــرۆدۆت» داوە، بەشــێک بوونــە لــە دیاردەیەکــی مێژوویــی درێژخایــەن، ئــەوەش خواســتو پێداگیــری لایەنــە هەرێماتییــەکان بــووە بــۆ شــاردنەوەی میــژووی دووهەزاوپینجســەد ســاڵەی باب‌وباپیرانــی کــورد؛ زەمەنێکــی دوورودرێــژ کــە دیرۆکی نەتەوەیەکی دێرینــی ڕۆژئــاوای ئاسیایی تێدا بزرکــراوە، نەتەوەیــەک کــە بــە زۆری زۆرداری فڕێدراوەتــە دەرەوەی میــژووەوە. ئــا لێرەدایــە مەترســیە گەورەکــە؛ مەترســییەک نەتەنیــا لەســەر نەتــەوەی کــورد، بگــرە لەســەر هەمــوو مرۆڤایەتــی بەگشــتی و لەســەر گەلانــی ڕۆژئــاوای ئاســیا بەتایبەتــی، چونکــە ئــەو کەســەی بــەم شــێوەیەو بەڕۆحییەتــی ڕەشــکردنەوەو هەڵکێشــانی بنج‌وبناوانــی نەتەوەیــەک کاربــکات، ئامادەیــی ئەوەشــی تێدایــە ئەگــەر هەلــی بــۆ هەڵبکەوێــت، بەهەمــان زەینیەتــەوە مامەڵــە لەگــەڵ ســەرجەم گەلانــی دنیــادا بــکات.»[٣]

کاتێــک ســەیری ژیانــی ئەمڕۆمــان دەکەیــن، پرســیاری چۆنیەتــی دروســتکردنی پێکەوەژیــان لەگــەڵ لۆژیکــی ئــەو ئــاوەزە کــە نووســەر»ئەحمەد مەحمــود ئەلخەلیــل» بــە مەترســی بــۆ هەمــوو مرۆڤایەتــی زانیــوە لــە مێشــکمدا دروســت دەبێــتو لەمێشــکی زۆر کەســیش ئــەو بابەتــە جێگــەی تێڕامانــە، بۆیــە بیرکردنــەوە لەســەر بنەمــای فاکتەکانــی میــژووی هــەزاران ســاڵە، دەبــێ یەکێــک لــە بنەماکانــی دانانــی بەرنامــەی داهاتــوو بێــت.

کـورد بەتایبەتـی لەسـەدەی بیسـتەمدا توانیویەتـی کەشوکەنـی ئـەو مێـژووە بـکاتو بەهـۆی هەوڵـی جیـاواز، وێـڕای ئـەو سـەختییە زۆرەی هەیبـووە، دێـڕە سـڕدراوەکانی دەسـتی داگیرکـەر بەشـێوەیەکی زانسـتییانە دەربخـات. ئەمـڕۆ لەئاکامـی ئـەو هەوڵانـە هـەر خوێنەرێکـی کـورد تەنانـەت ئەگـەر خـاوەن پسـپۆڕێکی تایبەتیـش نەبێـت، دەتوانـێ لـە مێـژووی ڕەچەڵـەکو خەبـاتو ئـەدەبو ژیانـی نەتەوەکـەی ئاگاداربێـتو هەسـتبکات کـە وەک نەتـەوەی کـورد، جیـا لـە عـەرەبو فـارسو تـورکو تەنانـەت هاوشـانی ئـەوان خاوەنـی مێـژووەو میراتـی شارسـتانییەتی بـۆ ماوەتـەوە. ئـەو هەسـتکردنە بـە مێـژووی کەونـاری خـۆی، هەسـتی باوەڕبـوون بـە کـورد دەداتو تەنانـەت وەکـوو فاکتەرێکـی ئەرێنـی، شـوێندانەری لەسـەر خەباتـی گەلـی کـورد هەیـە.

دووەم؛ هـۆکاری گرنگـی بێئاگایـی لـە مێـژوو دەگەڕێتـەوە شـینەکردنەوەی ئـەو مێژووییـە، بۆئـەوەی ببـێ بەوانـە بـۆ داهاتـوو، واتـە دروسـتکردنی ئاگایـی بەمەبەسـتی گرتنەبـەری ڕێـکاری پێویسـت، بۆئـەوەی هەڵـەکان دووبـارە نەبنـەوە، دەبـێ مێژوویەکـی ڕاسـتەقینە بەئاگایـی تـەواوەوە بنـوسرێو شـیبکرێتەوە. ئەگـەر بەدرێژایـی مێـژوو تێڕوانینـی ئێـرانو حکوومەتـە یەکلـەدوای یەکەکانـی ئێـران بەنیسـبەت پرسـی نەتـەوەی کـورد نەگۆڕابێـت، ناتوانیـن هیـوادار یـان خۆشـبین بیـن کـە ئەمجـارەش چ لـە ئێسـتا یـا داهاتـوودا عەقڵییەتـی باڵادەسـت بەئاسـانی بگـۆڕێ. کاتێـک دەبینیـن زۆربـەی ڕێبەرانـی کـورد یەکلەدوایـەک بەشـێوازی جۆراوجـۆر بەدەسـتی دوژمـن لەسـەر هەمـان عەقڵییەتـی ڕابردوویـان لەنـاو دەبردرێـن، دەرخـەری

ئەوەیــە بەداخــەوە بەخوێندنــەوەی مێــژوو تائێســتا نەمانتوانیــوە کەڵــک لــە ئەزمــوونو ئاگایــی پێویســت بــۆ دووبارەنەبوونــەوەی هەڵــەکان بــۆ بەدیهێنانــی داهاتوویەکــی جیــاواز وەرگریــن.

ئــەوەی مەبەســتمە لەئاگایــی مێژوویــی، زیاتــر ئــەو لایەنــەی ئاگایــی دەگرێتــەوە کــە بتوانیــن لەســەر بنەمــای مێــژووی ڕاســتەقینە، هەڵــەکان لەداهاتــوو کەمتربکەینــەوە. ئــەو لایەنــە بەتایبەتــی بــۆ کەســانێک کــە خۆیــان بــە بەرپرســیار دەزانــن لەبەرامبــەر گەلــی کــورد جــا لەهــەر چینوتوێژێــک بــن گرنگییەکــی زۆری هەیــە. هەوڵــدان بــۆ دروســتکردنی ئــەو ئاگاییــە لەنێــو کــورددا دەســتی پێکــردوە، ئــەو هەوڵــدانو ڕۆشــنگەرییە وێــڕای توێــژی ڕۆشــنبیران لەنێــو سیاســیەکانیش، ئەگــەر لەئاســتی پێویســتیش نەبــێ، تاڕادەیــەک دەبینــدرێ. بۆیــە پێویســتی بــە بەرنامــەو پڕۆژەیەکــی تۆکمــە هەیــە کــە ڕەنگدانەوەیــەک بــێ لــە ژیــانو بەســەرهاتی پڕلــە کارەســاتو ئەزموونــی تــاڵ، بۆئــەوەی نــەوەی نــوێ بتوانــێ بــەرەو ســەرکەوتنی یەکجــاری هەنــگاو بنێــت، ئەوکاتــە هیــوای دووپــات نەبوونــەوەی هەڵــەکان دێتــە دی.

**٢. زانینی هۆیەکانی سەرنەکەوتن ئەسڵێکی گرنگە لە مێژوودا**

لەبەرچاوگرتنــی ئــەو ئەســڵە لــە مێــژووی کــورددا ئــەوە دەخــوازێ بــەدوای هۆکارەکانــی ســەرنەکەوتندا بگەڕێیــن تاکــوو لــەو هۆیانــە تێبگەیــنو ئــەو زانســتە ببێتــە تیشــکی ڕۆناکایــی ڕێــگا بــۆ خەباتــی داهاتوومــان لەپێنــاو بەدەســتهێنانی ئــەو ئاگاییــە کــە دەبێتــە ســەرەتایەک بــۆ هەوڵــدان و دووبارەنەکردنــەوەی هەڵەکانــی ڕابــردوو کــە بوونەتــە هــۆکاری نســکۆی شــۆڕش و شکســتەکانمان. بەوشــێوەیە دەتوانیــن بیــری

دوژمــن بەنیســبەت نەتــەوەو شــۆڕشو ســەرهەڵدانەکانمان بــەوردی بخوێنینـەوە، چونکـە نەخوێندنـەوەی بیروکـردەوەی دوژمـن بەهۆکارێکـی گرنگــی شکســتەکانمان هەژماردەکــرێ. مامۆســتا «هــەژار موکریانــی» لــە پێشــەکی وەرگێڕانەکــەی بــۆ «شــەرەفنامە» کــە بــە شــاکاری مێــژووی کــورد دەزانــرێ لــە وەڵامــی پرســیاری «هــۆی دواکەوتــن و ســەرنەکەوتنمان چیــە؟ یـا کێیــە؟» بـەو شـێوەیە وەڵام دەداتـەوە: «وەک مـن بـە بیـری خـۆم بـۆی چـووم، کـوردە کـە هـەروەک لەهەمـوو کـەس ئازاتــرو بێباکــترە، لەهەمــوو کەســیش ڕاســتو دڵپاکــترەو هەتــا بڵێــی خۆشبــاوەڕو بێگەڕوگزییــە؛ جــا ئــەم ڕەوشــتە پەســندانەی لێبــوون بــە ســندانو لەســەر دڵــی خڕبــوونو گەســتوویانەو بەســتوویانەو خســتوویانە!»[٤]

ئـەو وەڵامـە دەتوانـێ هەڵقـوڵاوی خوێندنـەوەو ئاگایـی لەمێـژووو هەروەهــا ئەزموونــی دەیــان ســاڵەی ئــەو بلیمەتــەی کــورد بێــت. بێگومــان هێنانــەوەی بەڵگــە بــۆ ســەلماندنی ڕاســتی وەڵامەکــەی مامۆســتا هــەژار ئەســتەم نابــێ، بــەڵام بـۆ شـیکردنەوەی زیاتـری ئـەو بابەتــە بەکورتــی ئامــاژە بــە بەشــێکی زۆرکــەم لــەو ڕووداوانــە بــۆ نیشــاندانی هەڵســووکەوتی دڕندانــەو ناجوامێرانــەی دوژمــن بەرامبــەر ویســتی کــورد بــۆ ژیانێکــی ئــازاد یــان پێکەوەژیانێکــی ئاشــتییانە دەکەیـن کـە بەدرێژایـی مێـژووی خەبـاتو تێکۆشـانمان دووبـارە بۆتـەوە. بەتایبەتـی جەختکـردن لەسـەر مێـژووی سـێچارەکە سـەدەی ڕابـردوو کـە چـۆن هەوڵەکانـی کـوردو حیزبـی دێموکـرات لـە ڕۆژهەڵاتـدا بـۆ دروســتکردنی قەوارەیەکــی دێموکراتیــک و کەشــی لێکتێگەیشــتن بەسـێدارەو تیـرۆر و سـەرکوت وەڵام دراوەتـەوە. خسـتنە بەرچـاوی ئـەو

ڕوانگەیـــەی حکوومەتـــی ناوەندیـــش بـــۆ چارەســـەرکردنی پرســـی کـــورد نابـــێ پشـــتگوێ بخرێـــت، چونکـــە ئەگـــەری دووبارەبوونـــەوەی بـــەردەوام لەئـــارا دایـــە.

یەکێـــک لـــە لێکۆڵینەوەکانـــی ســـەدەی بیســـتویەکەم لەســـەر مێـــژووی کـــورد کـــە بەمەبەســـتی دروســـتکردنی ئاگایـــی لـــە مێـــژووی ڕابردوومـــان نـــووسراوە کتێبـــی «عقـــل سیاســـی ایرانـــی و هویـــت خواهـــی کردهـــا» لـــە نووســـینی دکتـــۆر زەکەریـــا (هێـــرش) قادریـــە، لـــەو کتێبـــە کـــە نووســـەر یەکێـــک لـــە هۆکارەکانـــی نووســـینی «بـــۆ تێگەیشـــتن لـــە ســـەرهەڵدانی هەمیشـــەیی کـــوردەکان» ناودەبـــات، وێـــرای شـــیکردنەوەی دژایەتـــی ئـــاوەزی سیاســـی ئێرانـــی لەگـــەڵ ناســـنامەخوازی کـــوردی، هەبوونـــی خۆی(ئێـــران) لەدژایەتـــی و نەبوونـــی ناســـنامەی کـــوردیدا دەبینێـــت. ئـــەو لێکۆلینـــەوە بـــاس لـــە ڕابـــردووی کـــۆن دەکات، بـــەڵام دەکـــرێ وەک ڕیشـــەی پرســـی ئەمـــڕۆی کوردیـــش ببینیـــن. چونکـــە لێکچوونـــی زۆری ڕووداوەکان بەڵگـــەن بـــۆ ئـــەو ڕاســـتییە. دکتـــۆر هێـــڕش زەکەریـــا دەڵـــێ «لـــە هەمـــوو چاخـــی کۆنـــدا هەرکاتێـــک شۆڕشـــێک لەلایـــەن مـــادەکان دەســـتیپێکردبێو لەهەوڵـــی بەدەســـتهێنانەوەی دەســـەڵاتی خـــۆی بوویێـــت، ســـەرەتا لـــەڕووی لەشـــکریەوە ســـەرکوت کـــراون و دواتـــر کاری فەرهەنگـــی و چەواشـــەکردنی دەســـتپێکردووە.»[٥]

**٣. تواندنەوەی کورد لەنێو نەتەوەی باڵادەستدا**

لەســـەردەمی ڕووخاندنـــی ئیمپراتـــۆری مـــادەکان تـــا داگیرکردنـــی خاکەکەیـــان، سیاســـەتی داگیرکـــەران تەنیـــا بەئەوەنـــدە نەوەســـتاوە، بەڵکـــوو کاری فەرهەنگـــیو چەواشـــەکردنیش دەســـتی پێکـــردووە. بەهەبوونـــی

زانیـاری لەسـەر دۆخـی چەواشـەکردنی شـۆڕش‌و شۆڕشـگێران لەلایـەن حکوومەتـی ئێسـتای کۆمـاری ئیسـلامی دەردەکـەوێ، ئـەوە میراتێکـە کـە ٢٥٠٠ سـاڵە بـۆ دوژمنەکانمـان لـە بـاب‌و باپیرانیـان بەجێ‌مـاوەو بەباشـترین شـێوەش جێبەجـێ دەکـەن.

مـادەکان بـەردەوام دەکەوتنـە بـەر هێرشـی دراوسـێکانیان، بـەڵام ئـەوەی جێـگای سـەرنجە سـەردانەنواندنیان بـووە. دوکتـۆر» ئەحمـەد مەحمـود ئەلخەلیـل»، لـە کتێبـی «مەملەکەتـی ماددا» لـە زمانـی «ویـل دورانـت» مێژوونووسـی بەناوبانـگدا دەڵێـت: «ئاشـوورییەکان جارلەدوای‌جـار هێرشـیان دەبـردە سـەر مـادەکان‌و وایان‌دەزانـی شکسـتێکی ئابرووبەرانـەی وایـان پێکەوتـووە کـە جارێکی‌تـر سـەر بـەرز ناکەنـەوە، بـەڵام دواجـار بۆیـان دەرکـەوت ئـەم گەلـە بـۆ دەستخسـتنی ئـازادی خۆیـان لـە خەبـات و کۆشـش کـۆڵ نـادەن.»[٦] ئـەو چەنـد ڕسـتەیەی سـەرەوە سـەلمێنەری ئـەو ڕاسـتیەن کـە ئـەو گەلـە بەدرێژایـی مێـژووی چەندهـەزار سـاڵە لەپێنـاو مـاف و ئـازادی کۆڵیـان نـەداوە، هەربۆیـە مێـژوو ئامـاژە بـەوە دەدا کـە خەباتـی ئـەو گەلـە پەرەدەسـتێنی و تـا سـەرکەوتن پشـوو نـادات.

هـەر لەسـەدەکانی پێـش زایینـەوە زانیارییـەکان لەسـەر ئازایەتـی کـورد لـە گێڕانەوەکانـی مێژووناسـان جەخـت لەسـەر ئـەو بابەتـە دەکەنـەوە کـە ئـەو گەلـە لـە ئازایەتیـدا بێ‌وێنـە بوونـە، تەنانـەت ڕووخانـی ئیمپراتۆریەتـی مـاد بەدەسـتی کـوروش تەنیـا لەئاکامـی شـەڕی نێـوان ئـەم دوو لایەنـە نەبـووە، چونکـە ئـەو خـاوەن دەسـەڵاتانە نەیاندەتوانـی ڕاسـتەوخۆ دژی «ئاژیدهـاک» ڕاوەسـتن، هەربۆیـە دەسـتیان دایـە پیلانگێڕانێکـی نەهێنـی. لـە سـەرەوەی هەمـوو ئـەو

گـەورە کاربەدەستانەشـدا وەزیـری «ئاژیدهـاگ»، «هارپـاک» بـوو کـە زۆر بەزیرەکـیو نییەتـی خـراپو لەبنـەوە ئـەو پیلانگێڕیانـەی ڕێبـەری دەکـرد.»[٧] ئەنجامـی ئـەو نییەتناپاکییـەو پیلانـی کـوروش، ڕووخانـی بەناوبانگـی مادەکانـی لێکەوتـەوە و لـە ٥٥٠ی پێـش زاییـن بـەدواوە پارسـەکان بەسـەر کوردسـتاندا زاڵ دەبـن.

ڕووخاندنـی ئیمپراتـۆری مـاد بـووە سـەرەتایەک بـۆ هەڵسـوکەوتی داگیرکارانـەی فارسـەکان بەرامبـەر نیشـتمانی کـوردان. هەروەهـا نەهێشـتنی مێـژووو چەواشـەی میـژووی کـوردان کـە لەسـەرەتاوە باسـمان کـرد، وەک چـۆن؛ «فارسـەکان مەملەکەتـی ئەسـتیاگیان داگیـر کـرد، بـەڵام بەمەشـەوە نەوەسـتان و دڵیـان ئـاوی نەخـواردەوە، هـەر بۆیـە لەسـەردەمی ئەخمینیـەکان و بـەدوای ئەویشـدا بەمەبەسـت، هەوڵـی شـێواندنی ناوبانگـی ئەسـتیاگیان داو ناویـان لێنـا -بەیوەراسـب- و بـە «ئەژدەهاک»یـان بـە خەڵکـی ناسـاند و چیرۆکیکـی سەیریشـیان بـۆ هەڵبەسـت.»[٨]

### ٤. حکوومەتی ماد رووخا، بەڵام کورد لەناو نەچوو

ڕاسـتە حکوومەتـی مـاد ڕووخـا، بـەڵام گەلـی کـورد لەنـاو نەچـوو، بەڵکـوو دەسـتی بـە سەرفەسـڵێکی نوێـی خەبـاتو سـەرهەڵدان بـۆ بەدەسـتهێنانەوەی دەسـەڵاتی خـۆیو دەرکردنـی بێگانـە لەخاکـی کوردسـتان کـرد.

دوای «کـوروش» کوڕەکـەی «کەمبیـز» بـوو بـە پاشـا، ئەویـش بەنیسـبەت مـادەکان زۆر بەتونـدی دەجووڵایـەوە کـە وایکـرد شۆڕشـی «گئوماتـە» سـەرهەڵبدات. شۆڕشـی «گئۆماتـە»ش بـووە سـەرەتای

سـەرهەڵدانو سـەرکوتی مـاد بەدەسـتی کەمبیـز، ئـەوەش بـووە سـەرەتای سـەرکوتو داگیـرکاریو دامرکاندنـی شۆڕشـەکانی کـوردو سـڕینەوەی مێـژووی ٢٥٠٠ سـاڵە. بـە بۆچوونـی دکتـۆر «ئەحمـەد مەحمـود»، دژایەتـی کردنـی مافەکانـی کـورد دەگەڕێتـەوە بـۆ وەسـیەتی کەمبیـز کـە شۆڕشـی «گئوماتـە»ی سـەرکوت کـرد. وەک چـۆن لەبەشـێک لـە وەسـیەتی کەمبیـزدا هاتـووە؛ «بەهیـچ شـێوەیەک ڕێـگا نـەدەن ئارییـەکان دەسـەلات بهێننـەوە، ئەگـەر هـاتو لەڕێگـەی غـەدرو ناپاکییـەوە دەسـەلاتیان گرتـەوە دەسـت، ئێـوەش بەهەمـان چـەک لێیانـی وەربگرنـەوە، خـۆ ئەگـەر بەهێـز وەریـان گرتـەوە ئێـوەش پیـاو بـن و بەهێـز لێیـان زەوت بکەنـەوە.»[٩]

نووسـەری کتێبـی «مەملەکەتـی مـاد» لەبەشـێکی شـیکردنەوەی بـۆ وەسـیەتەکەی کەمبیـزدا دەڵێـت: «بـەر لـە دووهەزاروپێنسـەد سـاڵ لەلایـەن باڵاتریـن سـەرکردەی دەوڵەتـی فارسـەوە بڕیارێـک دەرچـوو، تێیـدا داوا لـە فارسـەکان دەکات کـە بەهەمـوو هێزوتوانـای خۆیانـەوە تێبکۆشـنو ڕێ لـە دووبـارە دامەزراندنـەوەی دەوڵەتـی میـدی (مـاد) بگـرن، ئیـتر گرنـگ نییـە ئـەو هێـزە، هێـزی چـەک بێـت یـان هێـزی فریـودانو لەخشـتەبردن؛ بەواتایەکـی دیکـە بۆئـەوەی هەتـا هەتایـە کـورد لەژێـر چەپـۆکو بندەسـتی فارسـدا بمێنێتـەوە، دەبێـت فارسـەکان ڕێـگا بەدامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی نـەدەن. ئـا لێـرەدا هەرکەسـێک لەپەیوەنـدی پانـزە سـەدەی ڕابـردووی نێـوان فـارسو کـورد وردبێتـەوە، بەئاشـکرا کاریگـەری نـاوەڕۆکو ڕۆحـی وەسـییەتەکەی (کەمبیـز) و سیاسـەتی دەوڵەتـی فـارس لەمـەڕ کوردانـەوە بـۆی ڕوون دەبێتـەوە.»[١٠]

پێـم وانیـە بەڵگەیـەک بـۆ ڕەتکردنـەوەی ئـەو ڕوانگەیـەو کردەوەکانـی

حکوومەتــە یەکلــەدوای یەکەکانــی ئێــران بەرامبــەر کــورد هەبــێ؛ هەروەکــوو پێشــەوا «قــازی محەممــەد» لــە وەســیاتنامەکەیدا ڕوو بەکـورد دەڵێـت «دڵنیابـن ئەگـەر دوژمـن هەنگوێنتـان پێبـدا، تێکـەڵ بــە ژەهــرە. فریــوی ســوێندە درۆزنەکانــی مەخــۆن. ئەگــەر هەزارجــار ســوێند بخــۆن دووبــارە هیــچ ئامانجێکیــان جیــا لــە لەنێوبردنــی ئێــوە نیــە.» لــەم ســەردەمەشدا کردەوەکانــی ڕێژیمــی کۆمــاری ئیســلامی لــە چواردەیــەی ڕابــردوو ســەبارەت بــە کــوردی ڕۆژهــەڵات نیشــاندەری ئــەوەن لــە هیــچ کردەوەیەکــی قیــزەوەن خــۆی نەبــواردوە؛ تەنانــەت لـــە دژایەتیکـــردن و ســـڕکردنی ڕیفراندۆمـــی خەڵکـــی کوردســـتانی باشــوریشدا دەســتێکی بــاڵای بــووە.

خاڵێکــی دیکــەی جێــگای ســەرنج لــە وەســیەتنامەی «کەمبیــز» ئــەو بەشــەیە کــە دەڵێــت: «ئەگــەر هــاتو لەڕێگــەی غــەدرو ناپاکییــەوە دەســـەڵاتیان گرتـــەوە دەســـت»، کـــورد هیـــچ کات هەوڵـــی نـــەداوە لەڕێگــەی ناپاکــیو غــەدر لــە دوژمنانــی دەســەڵات بگرێتــەوە دەســت، بــەڵام دەتوانــم بەجورئەتــەوە بڵێــم دەســەڵاتدارانی ئێــران بەدرێژایــی مێـــژوو لـــەو بـــوارەدا ئـــەوەی لەدەســـتیان هاتـــووە کردوویانـــە؛ وەک چــۆن بەشــێکی هــەرە زۆری ڕێبەرانــی کــورد بەغــەدرو ناپاکــی لەلایــەن حکوومەتــە یەکلــەدوای یەکەکانــی ئێرانــەوە شــەهید کــراون. تەنیــا لـــە حیزبـــی دێموکـــراتدا کـــە ســـێچارەکە ســـەدەیە خەبـــات دەکات، ســـێ ڕێبـــەری گـــەورەی وەک پێشـــەوا «قـــازی محەممـــەد»، دکتـــۆر «عەبدولڕەحمانــی قاســملوو» و دکتــۆر «ســادق شــەڕەفکەندی» لەگــەڵ دەیــان کادر و ڕێبــەری ئــەو حیزبــە بەشــێوازی جــۆراو جــۆر تیــرۆرو شـــەهید کـــراون.

### ٦. شۆڕشی فەراوەرتیش

دواتــر و لەســەرەتاکانی دەســەڵاتی داریووشــی یەکــەمو پــاش (گئۆماتــە یــا بیردیــای درۆزنــە) لــە مــادی ڕۆژئاوا(کوردســتان)، شۆڕشــێک بــە ڕێبەڕایەتــی (فەراوەرتیــش) کــە خــۆی بــە نــاوی (خەشــتەریتی دووهــەم) و لــە نەوەکانــی هەوخەشــتەر لەقەڵــەم دەدا، ســەریهەڵدا کــە دانیشــتووانی مــاد و پــارت و هەرکاتــە و ئەرمەنســتان بــێ یــەکودوو پێــی پەیوەســت بــوون.»[١١] دوای گەڕانــەوەی داریــووش لــە میــسر، لەگــەڵ «فەراوەرتیــش» کەوتــە شــەڕو شکســتیداو شۆڕشــەکەی ســەرکوت کــرد، هــەروەک خــۆی لەبــەردە نووسراوەکــەی بێســتووندا دەنووســێت: «مــن لــووت و گــوێ و زمانیــم بــڕی و چاوەکانیــم دەرهێنــاو دواییــش زنجیریــان کــردو لــە بــارەگای مــن ڕایانگــرت و ... پاشــان فەرمانــم دا لــە (ئاکباتــان) بــە رمیانــەوە کــردو ئــەو کەســانەی لایەنگریشــیان لــی کردبــوو، لــە قــەڵادا لــە دارم دان...»[١٢] ئــەو دیمەنــە کــە چەندســەدە پێشزاییــن لەگــەڵ شۆڕشــگێرێکی کــورددا کــراوە، دوای هــەزاران ســاڵ بــۆ منــی کــورد نامــۆ نیــە، چونکــە ئەمــڕۆش لــە چاخــی هاوچەرخــی ئێســتادا کــە مرۆڤەیاتــی تائاســتی ژیانکــردن لەســەر هەســارەکانی دیکــەش پێشــکەوتووە، لەســەر خاکــی کوردســتان هــەر شۆڕشــگێرێکی کــورد لەســەر داکۆکــی لەخــاکو دەســەڵاتی نیشــتمانی خــۆی کەوتبێتــە بەردەســتی دەســەڵاتدارانی حاکمــی ژێردەســەڵاتی ناوەنــدی چارەنووســی هــەر بــەو شــێوەیە بــووە.

دوای شۆڕشــی فەراوەرتیــش، ســەرهەڵدانی جیــاواز بەرانبــەر دەســەڵاتی هەخامەنیشــیش بــەردەوام بــوون، تەنانــەت لەکاتێکــدا هێــزی ســەرەکی پاشــاکانی پــارس بــۆ داگیرکردنــی وڵاتــە دراوســێکانیان

لــە هێــزو توانــای مــادەکان کەڵکیــان وەرگرتــووە؛ بــەڵام بــەو حاڵــەش لــە ســەرکوتکردنی بەردەوامــی مــادەکان دەســتیان نەپاراســتوە. هــەروەک لــە «ئاناباســیس»ی گەزنەفونــدا لەســەر کوردانــدا هاتــووەو دەڵێــت: «کــوردوان کــە لەدەڤەرێکــی پــڕ شــاخ و کێــودا دەژیــن، خەڵکێکــی شــەڕکەر و ئــازان کــە تەنانــەت لــە شــاش فەرمــان نابــەن.»[١٣] واتــە کــوردەکان ئەگــەر خــاوەن دەســەڵاتێکی ســەربەخۆی خۆشــیان نەبــن، ســەر بــۆ حکومڕانــی دیکــە شــۆڕ ناکــەن و هــەر ئــەوەش بۆتــە هــۆی بەردەوامــی شــۆڕشو ســەرهەڵدان لــە هەمــوو ســەردەمەکاندا. «کــوردەکان لــە تــەواوی ســەردەمی دەســەڵاتی ئەســکەندەرو ســلووکییەکان دەســتیان لــە بەرەنگاربوونــەوە هەڵنەگــرت و بەشــێوەی جوراوجــۆر بــەدژی ئــەوان کــە داگیرکــەری خاکیــان بــوون هەرچــی بۆیــان کــرا کردیــان.» [١٤]

لــە ســەردەمی ئەشــکانیانیش، کوردســتان ئارامییەکــی ئەوتــۆی بەخــۆوە نەبینیــوە، چونکــە وێــڕای شــەڕی رۆمیــەکان بــۆ پاراســتنی خاکــی خۆیــان و بەرگــری لــە ئێــران بــەردەوام بــوون. «مــادی ڕۆژئــاوا بەتایبەتــی کوردســتانو خەڵکەکــەی، هەمــووکات بەهێزتریــنو کارامەتریــن هێــزی ســەربازییان خســتۆتە بەردەســت حکوومەتــی ئەشــکانی، جگــە لــەو کاتانــەی کــە لەگــەڵ حکوومەتــی ناوەنــدی ناکۆکیــان لــێ پەیــدا دەبــوو».[١٥]

**٧. ئۆتۆنۆمی «ساتراپ»**

ئــەوەی زیاتــر لەهــەر بابەتێکــی دیکــە لــە میــژووی کــورددا دووبــارە دەبێتــەوە، ئەوەیــە کــە کــورد هەمیشــە وەک فاکتــەری

بەهێـزی حکوومەتەکانـی ئێـران بـووە، بـەڵام لەهەمـان کاتـدا کەمتریـن مافیـان پـێ ڕەوا نەدیـوونو بەرانبـەر هەرجـۆرە ویسـتێکی ڕەوا بـە سـەرکوتکردن وەڵام دراونەتـەوە.

«لـە تـەواوی سـەردەمی فەرمانڕەوایـی ساسـانییەکاندا، قەومەکانـی (گیـل) و (کورتـی)و (کادۆسـی)و (کاسـی)، واتـە تیـرە جوراوجۆرەکانـی کـورد، بڕبـڕەی پشـتی هێـزی سـەربازی ئێـران لەمەیدانـی شـەڕ لەگـەڵ ڕۆمییـەکان بـوون، بـەڵام بەینبەیـن لەبـەر بێموبالاتـی فەرمانـڕەواکانو لەخۆبایی‌بـوون یـان هەرشـتێکی‌تر، ئـەو قەومانـە بەتایبەتـی مادەکانـی دانیشـتووی چیا(کـوردەکان) بـەدژی حکوومەتـی ناوەنـدی شۆڕشـیان دەکـرد.»[١٦] ئـەو ڕسـتانەی سـەرەوەی «حەبیبـوڵای تابانـی» کـە زنجیـرە لێکۆڵینەوەیەکـی لەسـەر هاونەتەوەبوونـی مـادو کـوردەکان کـردووە بەڵگـەی ئـەو ڕاسـتییەن؛ دەبینیـن وێـڕای وێرانـی کوردسـتان لەئاکامـی شـەڕی ئیمپراتـۆری ڕۆم لەسـەر خاکـی کوردسـتانو بەهێـزی کوردسـتان بـۆ بەرگـری لەئێـران، دیسـان سـتەمی ئێـرانو شـایەکانی ئـەو سـەردەمە کـە بەگوێـرەی هەندێـک سـەرچاوە لـە کوردیـش زۆر نزیـک بوونـە! هـەر بـەردەوام بـووە، بۆیـەش شـۆڕش هەڵگیرسـاوەتەوە.

بەکورتـی لـەو سـەردەمەش، پێکـەوە ژیانێکـی بـەردەوام بـۆ مێژوونوسـان نەسـەلمێندراوە، هەربۆیـە بەرخودانـی بـەردەوام هـەر هەبـووە.

شـایەنی باسـە کوردسـتان لـەو سـەردەمەدا ئۆتۆنۆمییەکـی ناوچەیـی هەبـووە کـە بـە «سـاتراپ» نـاسراوە.

سیاسـەتی داگیرکارانـەی حکوومەتـە یەکلـەدوای یەکەکانـی ئێـران

وایکــرد کــە مەملەکەتــی مــاد یــا هەمــان کوردســتان لەســەردەمە جیاوازەکانــدا نەتوانــێ خــاوەن دەســەڵاتێکی بەهێــزی یەکگرتــوو بێــت، بــەڵام بەهــۆی بەرخۆدانــی بــەردەوام، خەبــات بــۆ دەستخســتنی ئــازادی چ لەڕابــردوو و چ لەئێســتادا لــە ڕەگو خوێــنو مێشــکی تاکەکانــی ئــەو گەلــەدا جێیگرتــووەو ســەربەخۆیی هەرێمــیو ناوەبەناوەیــان هــەر هەبــووە.

### ٨. لە سەردەمی ئیسلام دا

لەســەردەمی هاتنــی ئیســلامدا کــە دیســان کوردســتان بــووە گۆڕەپانــی ململانێــکان، کــوردەکان توانیــان لەســەردەمی خەلافەتــی عەباســیدا چەنــد حکوومەتێــک دروســت بکــەن، لەوانــە دەتوانیــن ئامــاژە بــە «حەســنەوییەی بەرزەکانــی» لــە هەمــەدان، «ڕەوادییــەکان» لــە ئازەربایجــان، «شــەددابیە» لــە ئــاران (ئازەربایجــان و ئەرمەنســتان)، هەروەهــا «مەروانی»یــا «دۆســتەکی»، «عەنــازی»و «هەزبانیــەکان» لــە هەولێــر بکەیــن. دامەزراندنــی ئــەو دەوڵەتــە کوردییانــە لــە جوگرافیــای بەربــڵاوی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت، بەڵگــەی ســەلمێنەری کوردســتانبوونی زۆر ناوچەیــە، چ لەڕابــڕدوو و چ لەئێســتادا کــە گەلانــی دیکــە داگیریانکــردووەو ئیدعــای کوردســتانی نەبوونیــان دەکــەن؛ ئــەو دەوڵەتانــەش بەهــۆی هێرشــی مەغــولو دواتــر ســەلجوقییەکان ڕووخــان. ئــەوەی شــایانی باســە، ئــەو کوردســتانەی کــە لەژێــر داگیــرکاری ئاشــورییەکانو فارســەکانو یونانییــەکانو شــەڕەکانی بەئیســلامیکردنی ناوچــە، خاپــورو خەڵکەکــەی قەڵاچــۆ کرابــوون، ئەوجــار کەوتــە ژێردەســتی تــورکو مغولــەکان، ئەوانیــش بەحــەق لەوێرانکردنــی

دەستیان نەپاراست. جێگای سەرنجە دوای هێرشی ئیسلام‌و مغول‌و تورکەکان بۆ ناوچە تا سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی‌و عوسمانی ئەوە تەنیا کوردەکان بوون ناوەناوە بەرگریان کردووەو قارەمانێتییان نواندوە، مێژووش ئەوەی تۆمار کردووە. لەکاتی هێرشی خاچ پەرستەکانیش دیسان ئەوە کوردو لەشکری سەلاحەدیینی ئەیوبی بووە کە خاچپەرستانی شکستداوە. بەکورتی دەولەتی فارس‌و حکوومەتە ئیسلامیەکانیش بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان کەڵکی زۆریان لە هێزی کورد وەرگرتوە، بەڵام کاتێک کوردستان دەبێتە گۆڕەپانی هێرشی لایەنەکانی دیکە، هەڵوێستێک لەوان بۆ بەرگری لە کوردستان نابینین.

بەدامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی لەسەدەی شانزدەو جێگیربوونی عوسمانییەکان، چارەنووسی وڵاتی کوردان دەکەوێتە ژێردەستی ئەم وڵاتانەو کوردستان دەکەوێتە قۆوناغێکی نوێی مەترسیدارەوە، لەڕووی نێوەڕۆکیشەوە سیاسەتی داگیرکاری هەر بەردەوام دەبێ.

سیاسەتی شائیسماعیل لە بەرانبەر کوردەکان لەسەر سێ بنەما دانرابوو:

١. «لابردن‌و لاوازکردنی هێزی میرانی کورد لەناوچەداو دانانی گەورەپیاوانی قزلباش لەجێگای ئەوان.

٢. ناچارکردنی خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان بۆ دەستهەڵگرتن لە مەزهەبی سونەو پەیڕەوی‌کردن لە شیعەی جەعفەری.

٣. بەکارهێنانی توندوتیژی‌و ترساندنی خەڵک‌و سەرکوت لەبەرامبەر هەرجۆرە نارەزایەتی و سەرهەڵدانێک.»[١٧]

پێموایــە ئــەو سیاســەتە کــە لەســەردەمانی پێشــوتریش هەبــووە، دەتوانــرێ بەچوارچێــوەی سیاســەتی ناوەنــد بەدرێــژای چەندســەدە لەلایــەن ئێرانییەکانــەوە بزانــرێ، چونکــە لێکچوونــی ئــەو سیاســەتە و جێبەجــێ کردنــی بــە بــێ کــەم و کــوڕی لــە هەمــوو ســەردەمەکان دەبیــنرێ.

**٩. سیاسەتی سەفەوی و عوسمانییەکان بەرانبەر کورد**

«ئارشــاک سافراســتیان» مێژوونووســی ئەرمەنــی، بەوشــێوەیە لەســەر سیاســەتی عوســمانی بــۆ کــوردەکان دەنووســێ: «بــەم جــۆرە تورکەکانیــش هەمــان کارو ڕەفتاریــان کــرد کــە چەندیــن ســەدە لەوەپێــش پیشــەی فارســەکان بــوو، واتــە پــەرتو بڵاوەکــردن بەخێــڵو تیــرەکان بــۆ بەدیهێنانــی ئامانــج و مەبەســتی ســەربازی خۆیــان.»[١٨]

ئــەوەی جێــگای باســە، هــەر دوو دەوڵــەت، شــەڕە گەورەکانیــان بــە هێــزی کــوردو لەســەر خاکــی کوردســتان دەکــردو دواتــر کــە ئاشــتی لەنێوانیانــدا پێکدەهــات، ئەوجــار هێرشــیان دەکــردە ســەر میرنیشــنە کــوردەکان، نــەکا بەهێــز بــبن و ببنــە مەترســی بۆســەر ئــەو دەوڵەتانــە.

مێژوونووســان لــەو بڕوایــە دان، سیاســەتی ســەرکوت کــە لەلایــەن دەوڵەتانــی دیکەشــەوە بەنیســبەت کــورد پەیــڕەوەی دەکــرێ، بەجۆرێــک پەیرەوەیکــردن لــە سیاســەتی ئێرانــە. وەک ئــەوەی بەشــێک لــە هــۆکاری هەبوونــی ئێــران ئــەو سیاســەتە بێــت کــە بــەدژی کــورد پەیــڕەوی دەکات. ڕووداوەکانــی لەباربردنــی گشتپرســی ســەربەخۆیی کوردســتانی باشــوریش نیشــان دەدات کــە چــۆن ئەمــڕۆش دەوڵەتــی ناوەنــدی ئێــران، فاکتــەری ســەرەکی دژایەتــی کــوردو مافەکانییەتــی.

گەلێــک ڕووداوی لەوچەشــنە لەوســەردەمەدا ڕوویداون، بــەڵام پێموایــە چیرۆکــی «ئەمیرخانــی لــەپ زێڕیــن»، دەتوانــێ وێنەیەکــی زۆر ڕوونــی سیاســەتی دەوڵەتــی فــارس کــە تورکەکانیــش زۆر بەباشــی بەرانبــەر کــورد بەکاریــان دەهێنــا، بێــت.

ئەمیرخــان کــە خــۆی یەکێــک لــە فەرمانــدە هــەرە بلیمەتەکانــی شــای ســەفەوی بــوو، تەنانــەت لــە شــەڕ بــۆ ئــەودا دەســتێکی لەدەســت دەدات، دواتــر لەلایــەن شــاوە دەســتێکی زێــڕی بــۆ دروســتدەکرێت، دوای ئــەوەی کــە دەیهــەوێ لەســەر «قــەڵای دمــدم» قەڵایەکــی پتــەو دروســت بــکات، شــا لێــی وەخــۆ دەکــەوێ، کــە دەبینــێ خانــی کــورد ئامــادە نیــە خــۆی بەدەســتەوە بــداتو بــەردەوام دەبــێ لەســەر کارەکانــی _دەتوانیــن بــە هــەوڵ بــۆ ســەربەخۆیی زیاتــر پێناســە بکەیــن_ بــێ لەبەرچاوگرتــنو خزمەتــی ڕابــردووی، دەکەوێتــە بەرهێرشــی دڕندانــەی شــاعەباسو گەمارۆدەدرێــتو دوای بەربەرەکانــیو قارەمانەتییەکــی بێوێنــە شکســت دێنێــت. تراژیدییــای کــوردەکان، دوای چیرۆکــی قــەڵای دمدمیــش کۆتایــی نایــێ؛ بەڵکــوو شاعەباســی ســەفەوەی بــۆ گۆڕینــی دێموگرافــی ناوچــە، هەروەهــا کەمکردنــەوەی شــۆڕشو بەرخــودان، لەناوچــەی ورمــێ بــە بیانــووی جۆراوجــۆر بەهــەزاران کــوردی بــۆ ناوچەکانــی خوراســان، لــە چەنــد قۆناغــدا ڕاگواســت. بــەو شــێوەیە وێــڕای کەڵکوەرگرتــن لەهێــزو توانــای مرۆیــی کــوردەکان بــۆ بەرەنــگاری لەگــەڵ ئۆزبەکــەکان کــە بــەردەوام هێرشــیان دەکــردە ســەر خوراســان، بــەو پیلانــە دەیهەویســت لەلایەکــی دیکەشــەوە بەجێگیرکردنــی هــۆزی ئەفشــار لــە ورمــێ، پێــش بــە شــۆڕشو ســەرهەڵدانی کــوردەکان بگرێــت.

بــەڵام دوای ئــەوەی کــە کــوردەکان لــە خوراســان زۆر ئازایانــە لەبەرانبەر ئۆزبەکەکان وەستانەوە، دیسان کەوتنە بەرهێرشی ناڕەوای دەوڵەتــی ناوەنــدی کــە بــە ڕاشــکاوانە دەتوانیــن بڵێیــن هۆیەکــەی تەنیا بۆ بەرخۆدانو سەردانەنواندنی کوردەکان دەگەڕێتەوە، چونکە ڕاســتە لەزێــدی بــاوو باپیریــان دوورخراونەتــەوە، بــەڵام خەســڵەتی ســەردانەنواندن لــە کــورددا هەرگیــز لەناوناچێــتو بــەردەوام بــووە لەپێنــاو بەدەســتهێنانی مــاف وئــازادی.

**١٠. کوردانی خوراسان**

«کەلیموڵــلا تەوەحــودی» نووســەرو لێکۆڵــەری کــوردی کورمانــج لــە خوراســان کــە هەوڵێکــی زۆری لەپێنــاو زیندووڕاگرتنــی مێــژووی کوردەکانی خۆراسان بۆ پاراستنی ناسنامەی کوردانەیان داوە. لەچەند ڕستەیەکدا ئەو تراژیدییە بەوشێوە باسدەکات: «کوردەکانی خوراسان ســەدان ســاڵ ســنورو ئــەو ناوچانەیــان لەبەرانبــەر هێرشــی گەلــە بیانیەکانــدا پاراســتووەو لەنامــوسو شــەرەفی خەڵکــی خوراســانو ئێــران گیانفیدایانــە بەرگریــان کــردووە، بێگومــان دەبــێ بڵێــم هەروەکــوو ڕۆژهەڵاتناســەکانو مێژوونووســانیش جەختیــان لەســەر کردۆتــەوە، ئەگــەر کــوردەکان نەدەهاتنــە خوراســان، ئەمــڕۆ پارێزگایــەک بەنــاوی خوراســان لەباوەشــی ئێرانمــان نەبــووو لەهەمــوو گرنگــتر، مەکتــەبو مەزهەبــی شــیعە لەژێــر ســێبەری شەمشــێری کوردەکانــی خوراســان کەوتە سەرپێو جێگیربوو. سەرەرای هەموو ئەو خزمەتانە ڕێژیمی شاهەنشای گەنــدەڵو خوێنمــژ بەتایبەتــی قاجــارەکانو پەهلەوییــەکان هەمــوو جــۆرە جنایەتیکیــان بــۆ ســەرکوتو لەنێــو بردنیــان ئەنجامداوە.

چونکە ئەوانی بە ڕێگر لەبەردەم ئامانجە پەستەکانیان بۆ فرۆشتنی خاکی ئێران دەزانی.»[١٩]

ئەمە تابلۆی ژیانی کورد لەژێر دەستی حکوومەتەکانی ئێرانی بووە، لەئێستاشدا هەموو ڕۆژێک هەواڵی گرتنی چالاکوانێکی سیاسی، ئەدەبی یا کەلتووری خوراسان دەبینین. واتە گرنگ نیە چەندە خزمەت بە ڕیژیمەکانی ناوەندی فارس بکەی، ئەگەر کورد بی، دەبێ لاوازو ژێردەستە بیو نەتوانی ئازادی خۆت بەدەستبێنێ. بەو ڕوانین و بیرکردنەوەیە سەبارەت بە کورد، کلتووری پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە چۆن دابین و دەستەبەر دەکرێت؟

بۆیە دوای هەزاران ساڵ، ئەمڕۆش ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ کورد بەردەوامە؛ هەربۆیەش یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دانانی بەرنامەی داهاتووی کورد، وێڕای ئاگایی، دەبێ لەبەرچاوگرتنی مێژووی ڕابردوو بێت تا بەزانیاری تەواوەوە هەنگاوی بۆ هەڵێنێتەوە. نابێ لەبیرمان بچێت، هیچکات ئێرانییەکان بۆ یەک چرکەش لەفریوو کوشتنی بەغەدرو ناجوامێری دەستیان هەڵنەگرتوە.

### ١١. لە داوخستنی ڕێبەرانی کورد

لێرەدا بە پێویست دەزانم، ئاماژە بەکوشتنی بەفێڵی سەرانی عەشیرەتی بڵباس بدەم کە دوای عەشیرەتی برادۆست، توانیبوویان بەهێز بنو لەبەرانبەر ستەمی حاکمانی ئێران بەردەوام سەرهەڵبدەن.

«ئەحمەد ئاغا»، حاکمی مەراغە، لەسەر ڕاسپاردەی دەرباری

ئێـران، بەپیـلان سـەری دۆسـتایەتی و پەیوەنـدی لەگـەڵ «باپیرئاغـای مەنگـور»، سـەرۆک عەشـیرەتی بلّبـاس دروسـت کـرد، دۆسـتی نێوانیـان بەڕادەیـەک پتـەو بـوو کـە داوای هـاوکاری لـە باپیرئاغـا و هـەزار سـواری چەکـداری عەشـیرەتی بلّبـاس بـۆ تۆلەسـەندنەوە لـە حاکمـی تەورێـز _کـە پێشـتر بابـی ئەحمـەد ئاغـای کوشـتبوو_ کـرد. باپیرئاغـاش بەهەزارسـواری بـژاردەوە بـۆ مەراغـە چـوو، ئەحمەدئاغـا لەسـەر نەریتـی میوانـداری، هەرچەنـد لەوانـی لەماڵێکـدا دانـاو لـە نیوەشـەودا هـەر هەموویانـی کوشـت»[٢٠]

ئـەم جـۆرە ڕووداوانـە کەهـەر یەکێکیـان لەمێشـکی نەتەوەیـەک بـۆ سـەدان سـاڵ دەمێننـەوە، لەهـەر سـەدەیەکدا چەندین‌جـار لەبەرانبـەر ویسـتی مرۆڤانـەو ئاشـتیخوازانەی کـورد دووبـارە بوونەتـەوە. ئـەو ڕووداوە نـاخ هەژێنانـە کـە ئەمـڕۆش بەردەوامـن، ئەگـەری دووبـارە بوونیـان لـە سبەشـدا هەیـە، بۆیـە نابـێ بێبیرکردنـەوە لەڕابـردوو هەنـگاو بـۆ داهاتـوو هەڵگیریـن.

«میـر جـەلادەت بەدرخـان» لەسـەر پەیوەنـدی دەوڵەتـی ئێـران بـە میرنیشـینی «ئـەردەڵان» دەڵـێ: «حکوومەتـی ئێـران تاکـوو ئـەم سـاڵانەی دواییـش، توانـاو هێـزی سـەرکوت‌کردنی سـەرهەڵدانی میرەکوردەکانـی نەبـووو نەیدەتوانـی دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەریاندا بسـەپێنێ؛ بەپێچەوانـەوە میرەکانـی ئـەردەڵان بـۆ چەندین‌جـار هەڕەشـەی لەناوبردنـی تەختـی دەسـەڵاتی پادشـاکانی تارانیـان کردبـوو، لـە دواییـدا، حکوومەتـی تـاران تەنیـا بەڕێگـەی فێڵوتەڵەکـە توانـی ئـەو میرنشـینە بڕووخێنـێ. پادشـاکانی تـاران بـۆ گەیشـتن بـەم ئامانجەیـان، تائاسـتی تێکەڵـی بنەماڵەیـی، هەوڵـی دروسـتکردنی

پەیمانــی هەمەجۆریــان لەگــەڵ میرەکانــی ئــەردەڵان دابــوو.»[٢١] تەنانــەت دەبووایـــە هەمیشـــە میرزادەکانـــی میرەکـــوردەکان لـــە دەربـــاری شـــا لەئێرانــدا گــەورە ببــان، تێکەڵــی بنەماڵەیــی بەمەبەســتی فێڵوفریــو و بــە بارمتەکردنــی منــداڵ و پــەروەردەی بەشــێوەیەک کــە مەترســی بــۆ ســەر حکوومەتــی فــارس نەبــێ و لــە کوردســتان داوای مــاف نــەکات؛ واتــە داگیرکردنــی کوردســتان بەهەمــوو شــێوەیەک و نەهێشــتنی هیــچ ســنورێک لەرێگــەی فێڵوفریــو لــە ئەرکــە ســەرەکییەکانی حکوومەتــی فــارس بــووە.

لــەدوای نەمانــی میرنیشــنەکان لــە کوردســتان، شۆڕشــی «شــێخ عوبەیدوڵــلای نەهــری» وەک ســەرەتایەک بــۆ هــەوڵو تێکۆشــان لەپێنــاو دابینکردنــی مافــی نەتەوەیــی لەچوارچێــوەی قەوارەیەکــی ســەربەخۆ دەســتیپێکرد. « ئــەوە یەکەمیــن شۆڕشــی کــوردی بــوو کــە بەئامانجــی ئازادکردنــی هەمــوو ناوچەکانــی کوردســتان ســەری هەڵدابــوو، ئــەو شۆڕشـــەش بەپیـــلانو یەکێتـــی لەشـــکری تـــورکو فـــارس شکســـتی خــوارد.»[٢٢]

شۆڕشــی ســمکۆش ڕەگــی لــە دڵــی کــورد داکۆتــاوەو شــەهیدبوونی لــە هــزرو مێشــکی تاکــی کــورددا هەرگیــز لەبیــر ناکــرێ، هۆکارەکەشــی زیاتــر دەگەرێتــەوە بــۆ بیرکردنــەوەی شۆڕشــگێڕانەی ســمکۆ لەمێــژووی هاوچەرخــدا، هەروەهــا چۆنیەتــی شــەهیدکردنی خــۆیو بــابو باپیرانــی، وەک «جەوەرئاغــای» بــرای، «محەممــەد پاشــا»ی باوکــیو چەنــد کەســی دیکــە لــە بنەماڵەکــەی بــە ناجوامێــری و بەپیــلانو دەســتی غــەدری ئێرانییــەکان شــەهید کــران. ئــەوەش ســەلمێنەری ئەوەیــە، وەســییەتی «کامبیــز» لەمێشــکی زۆربــەی حاکمانــی دەســەڵاتداری ئێــران بەباشــی

چەسـپاوە کـە ٢٥٠٠ سـاڵە، جیـل لـەدوای جیـل، بەرانبـەر کـوردەکان بـێ کەموکـوڕی جێبەجـێ دەکـرێ.

«نەوشـیروان مسـتەفا»، لـە کتێبـی «کـورد و عەجـەم»دا، تێڕوانینـی شـا و مێژوونووسـانی دەوڵەتـی سـەفەوی بەگشـتیو عەجـەم بەنیسـبەت کـورد لەچەنـد خاڵـدا دەخاتـەڕوو و لەخاڵێکـدا دەڵێـت: «پەیمانشـکێنیو بێبەڵێنـیو پیلانـی ناجوامێرانـە بـۆ لەناوبردنـی مەزنەکانـی کـورد بەشـانازییەوە بـە لطائـف الحیـل، تدبیراتـی صائبـە، کەمەنـدی تدبیـر، وسـائل و رسـائل ، زیرەکـی و زۆرزانـی کاربەدەسـتانی خۆیـان ئەژمێـرن»[٢٣]

نووسـەری کتێبـی «کـورد و عەجـەم»، ئامـاژە بـە نـۆزدە نموونـە لـەو شـێوازە دەکات کـە بەپیـلان و ناجوانمێرانـە، مەزنەکانـی کوردیـان لەناوبـردووەو دەڵێـت ئـەو نـۆزدە نموونەیـە لەنێـو ژمارەیەکـی زۆردا هەڵبژێـردراون. ئـەوەش نیشـاندەری مێـژووی ٢٥٠٠ سـاڵەی پیـلانو غـەدری دوژمنـان بـووە، ئـەوان هیچـکات بەهیـچ شـێوەیەک ئامـادەی دەسـتهەڵگرتن لـە داگیـرکاری خاکـی کوردسـتانو قبووڵـی کـوردی ئـازاد لەسـەر خاکـی خۆیـان نیـن؛ تەنانـەت لـە ناولێنانیشـدا، شـێوەی ئـەو سیاسـەتە دەبینـرێ کـە شانازیشـی پێـوە دەکـەن. «ئـەم ڕووداوانـە ناکـرێ تەنیـا وەک ڕەوشـتی حوکمڕانێـک یـان ڕەفتـاری تایبەتـی دەسـەڵاتدارێک بـۆ لەناوبردنـی دوژمنەکـەی سـەیر بکـرێ، بەڵکـوو ئەمـە نەریتێکـی حوکومڕانـی بـووەو لەسـەردەمی جیـاوازدا پەیـڕەو کـراوە، وەک بەشـێک لـە بۆچوونـی دەسـەڵاتداران بـۆ شـێوەی حوکمڕانـیو بەڕێوەبردنـی گەلانـی ژێردەسـت، بـە درێژایـی زەمانیـش جێگیـرو دووبـارە بۆتـەوە»[٢٤]

لــە وەڵامــی پرســیاری هــۆکاری هەمــوو چەوســاندنەوەکانی کــورد، دەتوانیــن ئامــاژە بــە وەڵامــی مێژوونــوس، «ئارشــاک ئافراســیان» بکەیــن کــە دەڵێــت: «وەک دەردەکــەوێ، گوناحــی گەلــی کــورد ئەوەیــە، ناتوانــێ بــە ژێردەســتەیی بــژی، جــا ئــەم ژێردەســتەییە بــۆ داگیرکــەر بــێ یــان بــۆ هێزێکــی ســەربەخۆی حوکمــڕان یــان بــۆ ئیمپراتۆرییەتێکــی دراوســێ.»[٢٥] کەواتــە چاوەڕوانــی ئاکارێکــی جیــاواز لەمێــژووی ٢٥٠٠ ســاڵە بــۆ پێکەوەژیانــی ئاشــتیانەی ئــەم دوو نەتەوەیــە بــە مومکیــن نابینرێــت.

لێــرەدا پرســیار ئەوەیــە، ئایــا هەمــان ڕەوتــی مێــژوو لــەرۆژگاری ئەمــڕۆ، بــەو هەمــوو پێشــکەوتنانەی کــە مرۆڤایەتــی بەخۆیــەوە بینــوە هــەر بەردەوامــە یــان دۆخیکــی دیکــە هاتۆتــە ئــاراوە؟

بێگومــان لــە یەکــەم چرکــەدا لەمێشــکی ئێمــە، وەڵام ئەوەیــە کــە گۆڕانێکــی ئەوتــۆ نەهاتۆتــە ئــاراوە. لەبەشــەکانی دیکــەدا بــە شــیکردنەوەی هەوڵەکانــی حیزبــی دێموکــرات بــۆ ئاشــتی و ئــازادی لــە ٧٥ ســاڵی ڕابــردوودا، بــە دوای وەڵامێکــی عەقڵانــی لەمــەڕ داهاتــوو دەگەڕێیــن.

## سەرچاوەكانی بەشی یەكەم

١. مێــژووی ڕەگ و ڕەچەڵەكــی كــورد، ئیحســان نــووری پاشــا، وەرگێڕانــی حەمــە كەریــم عــارف.
٢. كــورد و كوردســتان، ئارشــاك سافراســتیان، وەرگێرانــی لــە ئینگلیزییــەوە ئەمیــن شــوان.
٣. مەملەكەتــی مــاد، دوكتــۆر ئەحمــەد مەحمــوود ئەلخەلیــل، وەرگێڕانــی حەمــە ســەعید كــەلاری.
٤. شــەرەفنامە مێــژووی ماڵــە میرانــی كوردســتان، میرشــەرەفخانی بدلیســی، وەرگێڕانــی مامۆســتا هــەژار.
٥. عقل سیاسی ایرانی و هویت‌خواهی كردها، دكتر ذكریا (هیرش) قادری.
٦. مەملەكەتــی مــاد، دوكتــۆر ئەحمــەد مەحمــوود ئەلخەلیــل، وەرگێڕانــی حەمــە ســەعید كــەلاری.
٧. زنجیــرە لێكۆڵینەوەكانــی مێــژووی هاونەتەوەیــی كــورد مــاد چاوگــە ڕەگــەز مێــژووی شارســتانیی كوردســتان، حەبیبوڵــڵای تابانــی، وەرگێڕانــی جەلیــل گادانــی.
٨. مەملەكەتــی مــاد، دوكتــۆر ئەحمــەد مەحمــوود ئەلخەلیــل، وەرگێڕانــی حەمــە ســەعید كــەلاری.
٩. مەملەكەتــی مــاد، دوكتــۆر ئەحمــەد مەحمــوود ئەلخەلیــل، وەرگێڕانــی حەمــە ســەعید كــەلاری.
١٠. مەملەكەتــی مــاد، دوكتــۆر ئەحمــەد مەحمــوود ئەلخەلیــل، وەرگێڕانــی حەمــە ســەعید كــەلاری.
١١. زنجیــرە لێكۆڵینەوەكانــی مێــژوو هاونەتەوەیــی كــورد و مــاد چاوگــە ڕەگــەز مێــژووی شارســتانیی كوردســتان، حەبیبوڵــڵای تابانــی، وەرگێڕانــی جەلیــل گادانــی.
١٢. زنجیــرە لێكۆڵینەوەكانــی مێــژوو هاونەتەوەیــی كــورد و مــاد چاوگــە ڕەگــەز مێــژووی شارســتانیی كوردســتان، حەبیبوڵــڵای تابانــی، وەرگێڕانــی جەلیــل گادانــی.
١٣. زنجیــرە لێكۆڵینەوەكانــی مێــژوو هاونەتەوەیــی كــورد و مــاد چاوگــە ڕەگــەز

مێــژووی شارســتانیی کوردســتان، حەبیبوڵــڵای تابانــی، وەرگێڕانــی جەلیــل گادانــی.
١٤. زنجیــرە لێکۆڵینەوەکانــی مێــژوو هاونەتەوەیــی کــورد و مــاد چاوگــە ڕەگــەز مێــژووی شارســتانیی کوردســتان، حەبیبوڵــڵای تابانــی، وەرگێڕانــی جەلیــل گادانــی.
١٥. زنجیــرە لێکۆڵینەوەکانــی مێــژوو هاونەتەوەیــی کــورد و مــاد چاوگــە ڕەگــەز مێــژووی شارســتانیی کوردســتان، حەبیبوڵــڵای تابانــی، وەرگێڕانــی جەلیــل گادانــی.
١٦. زنجیــرە لێکۆڵینەوەکانــی مێــژوو هاونەتەوەیــی کــورد و مــاد چاوگــە ڕەگــەز مێــژووی شارســتانیی کوردســتان، حەبیبوڵــڵای تابانــی، وەرگێڕانــی جەلیــل گادانــی.
١٧. تاریخ سیاسی کردها، نوشیروان مصطفی امین، ترجمە اسماعیل بختیاری.
١٨. کــورد و کوردســتان، ئارشــاک سافراســتیان، وەرگێڕانــی لــە ئینگلیزیــەوە ئەمیــن شــوان.
١٩. حرکت تاریخی کرد بە خراسان، کلیم‌الله توحدی (کانیمال).
٢٠. تاریخ سیاسی کردها، نوشیروان مصطفی امین، ترجمە اسماعیل بختیاری.
٢١. لەبــارەی کێشــەی کــوردەوە، جــەلادەت عالــی بەدرخــان، وەرگێــڕان زریــان ڕۆژهەڵاتــی.
٢٢. ملتــی پژمــردە و سرزمینــی پــارە پــارە، دکــتر عبدالرحمــن قاســملو مصطفــی، نــازدار کەنــدال نــەزان آرچیبالــد روزولــت.
٢٣. کورد و عەجەم، نەوشیروان مستەفا.
٢٤. کورد و عەجەم، نەوشیروان مستەفا.
٢٥. کــورد و کوردســتان، ئارشــاک سافراســتیان، وەرگێڕانــی لــە ئینگلیزیــەوە ئەمیــن شــوان.

# بەشی دووەم

## ویستی ئاشتیانەی حیزبی دێموکرات و وەڵامی دیکتاتۆران

## ١. کۆمەڵەی ژێکاف‌و گرنگی بوونی

کوردستان بەهۆی ستەمی بەردەوامی داگیرکەران، بەدرێژایی مێژووەکەی، زۆرکەم ئارامی بەخۆوە بینیوە، لەبەرامبەریشدا، خەبات دژی ئەو ستەمکارییە درێژەی هەبووە؛ تەنانەت ئەگەرسەرهەڵدانە گەورەکانیش شکستیان هێنابێت، سەرهەڵدانی ناوچەیی‌و بچووک بەردەوام بوونی هەبووە. لەچاخی نوێدا بەهۆی گۆڕانکارییەکان، چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شۆڕشیش لەناو کورددا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. دوای شۆڕشە نەتەوەییەکانی کورد لەرۆژهەڵات بەدامەزرانی «کۆمەڵەی ژێکاف»، قۆناغێکی نوێ لەخەباتی ڕزگاریخوازانە دەست پێ‌دەکات؛ چونکە ئورگانیزاسیۆنی شۆڕش گۆڕانی بەسەردا دێت‌و بەشێوەی ڕێکخراو بەمانا مودێرنەکەی دروست دەبێت. لایەنێکی دیکەی ئەو گۆڕانکارییە بەتایبەتی دوای کۆماری کوردستان، گۆڕانکاری لەئاستی داخوازییەکان‌و هەوڵدان بۆ چارەسەری پرسی کورد لەچوارچێوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکان دایە.

بە شیکردنەوەی قۆناغە جیاوازەکانی ئەو داخوازیانەو و کاردانەوەی حکوومەتی ناوەندی لەبەرامبەر ئەو داخوازییانە، دەتوانین تابلۆی دوو عەقڵی کوردی‌و ئێرانی بۆ پرسی کورد لە سێ چارەکە سەدەی ڕابردوودا وێنا بکەین، تاکوو شیکردنەوەیەک بەنیسبەت ئەوەی، ئایا سیاسەتی داگیرکەر بەگۆڕینی ئاستی داخوازی یا هەوڵی ئاشتیانە دەگۆڕێ؟ بخەینە ڕوو.

کۆمەڵەی ژێکاف ڕۆڵیکی گرنگی لەمێژووی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتدا هەیە، چونکە دامەزرانی حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای تەشکیلاتی کۆمەڵەی ژێکاف، تەنیا بەمانای

بەمیراتمانــەوەی هێــزی مرۆیــی کۆمەڵــەی ژێــکاف بــۆ دێموکــرات نیــە، بەڵکــوو ناوەڕۆکــی ناسیۆنالیســتی کۆمەڵــەی ژێکافــە کــە بــووە بەبەشـێکی دانەبـڕاوی حیزبـی دێموکـرات. چونکـە حیزبـی دێموکـرات، ئەگــەر گوتــاری ناسیۆنالیســتیی لــە فۆڕمــی جیاوازیشــدا داوا کردبــێ، بــەڵام گەوهــەرو ســتراتژی خواســتەکەی بــۆ بەدەســتهێنانی مافــی بڕیاردانــی چارەنــووس بــووە.

هەروەهـا کۆمەڵـەی ژێـکاف بەهـۆی داخـراوی زیاتـر، پێویسـتی بـە بوونـی حیزبـی دێموکـرات هەبـوو تـا ببـێ بـە حیزبێکـی جەمـاوەری، لەهەمـان کاتـدا شـوێندانەری حیـزب بەئەرێنـی، قـەرزداری بنەمـای ناسیۆنالیسـتی کۆمەڵـەی ژێکافـە.

نووســەری نــاودار «جەمــال نەبــەز» لــە کتێبەکەیــدا، لەســەر «گۆڤــاری نیشــتمان» کــە زمــان حاڵــی کۆمەڵــەی ژێــکاف بــووە، بــەو شـێوەیە ئامــاژە بەئامانجــی کۆمەڵــەی ژێــکاف دەکات: «بــە کورتــی، ئامانجــی (کۆمەڵــەی ژێــکاف) دامەزراندنــی کوردســتانێکی ســەربەخۆ بــوو، بەیارمەتــی دەوڵەتــە گەورەکانــی ڕۆژئاوایــیو ڕۆژهەڵاتــی، بێجیـاوازیو گوێدانــە ئیدۆلــۆژی ڕێژیمــی ئــەو دەوڵەتــە گەورەیــەی دایدەمەزرینــێ، بەتــەواوی وەک ســەرکردەیەتی کلاســیکی کــورد»[١]

وێـڕای هەبوونـی ئامانجـی سـەربەخۆیی بـۆ کوردسـتان، «شـایانی باســە کــە ژێــکاف زۆر هەوڵیــداوە کــە بکەوێتــەوە وتووێــژ لەگــەڵ کاربەدەسـتانی تورکیـاو ئێـرانو عێـراق، بۆیـە لەهەمـوو بەیاننامەیەکیـدا داوای لــە کاربەدەســتانی ئــەم ســێ دەوڵەتــە کــردووە کــە بەرادیــۆو رۆژنامــە وەلامــی بدەنــەوە، بــەڵام ئــەم ســێ دەوڵەتــە هەمــوو کاتێــک قوڕوقەپیــان کــردوە لــە وەڵامدانــەوە. تەنانــەت کــە فەهیمولمولک(فهیــم

الملـک) چـوو بـۆ کوردسـتان (ژێـکاف)، بیرخەرەوەیەکیـان دایەدەسـتو داوای چەنـد شـتێکی تێدابـوو. فهیـم الملـک، داخوازییەکانـی رادەسـتی کابینـەی تـاران کـرد، بـەڵام کابینـەی تـاران خـۆی کـەڕ کـرد لێـی»[٢].

ئـەو بابەتـە ئـەو ڕاسـتییە دەردەخـات کـە دەوڵەتـی ناوەنـدی بـە هیـچ شـێوەیەک ئامـادە نیـە بـاس و گفتگـۆ لەسـەر پرسـی کـورد بـکات، واتـە سیاسـەتێک کـە هـەزاران سـاڵە بناغـەی دانـراوە بـە هەمـان شـێوەیە بەردەوامـە.

لەکتێبـی «کۆمـاری میللـی دێموکراتیکـی کوردسـتان»، لـە نووسـینی دکتـۆر «یاسـین سەردەشـتی»، زیاتـر باسـی ئـەو بابەتـە کـراوە، تەنانـەت وەکـوو یەکێـک لـە هەڵوێسـتەکانی کۆمەڵـەی ژێـکاف باسـی لێـوەدەکات. دوای هاتنـی ئاغـای فەهیمـی، وەزیـری ڕاوێـژکاری حکوومـەت بـۆ لێکۆڵینـەوە لەدۆخـی کوردسـتان لەسـەرەتاکانی سـاڵی ١٩٤٥ میـلادی، نووسراوەیەکـی حـەوت مادەیـی، ئامـادە دەکـرێو دەدرێـت بـە ئاغـای فەهیمـی تاکـوو لەتـاران باسـی لەسـەر بکـرێ. بەیاننامەکـەش بـەو شـێوەی خـوارەوە بـووە:

«١ـ پێویسـتە دەوڵەتـی ئێـران دان بـە زمانـی کوردی دابنێـت، وەک زمانـی ڕەسـمی بـۆ سـێ ملیـۆن کـوردی ناوچـە کوردنشـینەکان.

٢ـ زمانـی کـوردی بکرێتـە زمانـی ڕەسـمی خوێنـدنو بەڕێوەبـردنو دادگاکانـی کوردسـتان.

٣ـ هەمـوو ئـەو بـاجو دەرامەتانـەی لـەکوردسـتان کـۆدەکرێنـەوە، پێویسـتە لـە بنیاتنانـی خوێندنـگاو نەخۆشـخانەو ئاوەدانکردنـەوەی خـودی کوردسـتاندا خـەرج بکـرێ.

٤ـ دەبێ کارمەندانی دەوڵەتی لە کوردستاندا کورد بن.

٥ـ پێویستە ئەم داواکارییانە لەمەجلیسدا باسبکرێنو بڕیاری باشیان لەبەرانبەردا بۆ وەربگیرێت.

٦ـ لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوانە داواکاریەکانمانن، بەڵام ئامانجی دواییمان خودموختارییە کە پشت بەمافی یاسایی گەلی کورد دەبەستێت. لە خۆبەڕێوەبردندا گفتوگۆ کردن لەم بارەیەوە پێویستە لەدوای جەنگ دەست پێ بکات، چونکە گومان لەوەدا نییە کە کورد بڕیار لە چارەنوسی خۆی دەدات.

٧ـ گەر هاتوو کورد بڕیاری چارەنووسی خۆی دا، ئەوسا ئێران وەک هاوسێیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.»[٣]

ئەو خواستانە لەچەند ڕووەوە گرنگی زۆری هەیە، چونکە داوای ڕاستەقینەی کوردن؛ بەڵام شیکردنەوەی وەڵامی دەوڵەتی ئەوکاتیش بۆ ئەو داوا ڕەوایانە گرنگە، چونکە داهاتووی خەبات دەبێ لەسەر ئەو بنەمایە دابڕێژرێ.

نووسەر بەو شێوەیە باس لەئاکامی ئەو نوسراوەیە دەکات: «شایەنی باسە، ئەم داواکارییانەی کۆمەڵەو خەڵکی مەهاباد لەلایەن قازی محەممەدەوە کە بانگهێشتی تاران کرابوو، پشتگیری لێکراوو ناوبراو لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ محەممەدرەزاشادا، مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردی دووپاتکردەووە و وتی: «با شاهەنشا لەجیاتی ناردنی تۆپوتانک دژی کورد، بایەخ بە بارودۆخی نالەباری فەرهەنگی و تەندروستی کوردستان بدات»؛ بەڵام ئاغای فهیمی کاتێک گەڕایەوە تارانو لەدانیشتنی مەجلیسدا ئامادەبوو، یەکسەر باسی خراپەکاری لێپرسراوە سەربازییە ئێرانییەکانی لە کوردستان کردو گوێڕایەڵی خەڵکی بۆ(اعلا حضرت شاهنشاهی)

دووپاتکردەوە، بێئەوەی باسێک لەو یادداشت و داواکارییەکانی خەڵك بکات.»[٤] واتە بێئەوەی هیچ شرۆڤەیەک بۆ خواستەکانی نەتەوەی کورد بکرێ، لەهاتنە بەرباسی پرسی کوردیش پێشگیری دەکرێت. ئەمەش دەتوانرێ بە تێڕوانینی داگیرکارانەی دەوڵەتێک بۆ خاکی نەتەوەیەکی دیکە پێناسەبکرێت.

### ٢. دامەزراندی کۆماری کوردستانو هەوڵی پێشەوا

دوای دامەزرانی حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای تەشکیلاتی کۆمەڵەی ژێکافو دامەزرانی کۆماری کوردستان، بەهۆی بوونی دەوڵەتێکی کوردی، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمو لە ڕووبەرێکی کەمی کوردستانیش بووبێت، کورد بەمافەکانی گەیشت. هەرچەند لە بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات کەم تا زۆر داواکارییەکان لەگەڵ داواکارییەکانی کۆمەڵەی ژیکاف کە بەنووسراوە درابوون بە ئاغای فهیمی وەک یەکن؛ بەڵام دو مادەی ٦ و ٧ کە بە ڕوونی باس لە مافی بڕیاردان لە چارەی خۆنووسینو سەربەخۆییو تەنانەت دراوسێتی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ کوردستان دەکات، لە بەیاننامەی حیزبی دێموکراتدا بەو شێوەیە بەدی ناکرێت. نەک ئەوەی حیزبی دێموکڕات لەو ئەسڵە دوور کەوتبێتەوە، چونکە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکرات، لەماوەیەکی کەمدا ئەستێرەی درەوەشاوەی مێژووی کورد واتە کۆماری کوردستانی دامەزراند. بەڵام دەکرێ ئەو بابەتە بەدەستپێکی داواکردنی چارەسەری لەچوارچێوەی ئێراندا وەک تاکتیک یا خوێندنەوەی دۆخی کورد دوای شەڕی دووەمی جیهانی هەژمار بکرێت. ئەم هەوڵەش بۆ

چارسەری پرسی کورد بەدرێژایی ٧٥ ساڵی ڕابردوو بەم شێوەیە بەردەوام بوو، بەڵام ئاکامەکەی هەر وەک ٢٥٠٠ ساڵی ڕابردوو بەسەرکوتی بێکۆتایی وەڵام دراوەتەوە. واتە هەر داواکارییەکو چارەسەری گرفتەکان لەچوارچیوەی دەوڵەتی ناوەندی، ئاکامەکەی یان مەرگە یان ژیانێک کە کوردبوونی تێدا سڕاوەتەوە.

بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کۆمەڵایتی_سیاسی_ئابوری ناوخۆی کوردستانو بارودۆخی سیاسی ناوچە، دەکرێ هەوڵی چارەسەری پرسی کورد لەچوارچێوەی ئێراندا ببێت بە ستراتژی، بۆ ئەوەی پێگەی کورد لە قوناغێکەوە بۆ قۆناغەکانی دیکە بەهێزتر بکرێتو بنرخێندرێت؛ وەکوو هەوڵەکانی نەمر دکتۆر قاسملوو لە قۆناغە جیاوازکاندا، تاکوو لە کۆتاییدا ئەو پێگەیە بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجی ڕەوای سەربەستیو ئازادی بۆ نەتەوەی کورد لە کوردستانمان ببات، هەرچەندە ئاکامەکشی بەڕوونی دەبینین کە چۆن بە تیرۆرو کوشتن وەڵام دەدرێتەوە.

دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستانو حکومەتی میللی ئازەربایجان، ڕێژیم بۆ سەرکوتی ئەو کۆمارانە کە لەسەر بنەمای ویستی خەڵکی ناوچە دامەزرابوون، سەرەتا کەوتە دانوستاندن لەگەڵ شووروەوی، تەنانەت ئامادەبوو بە پێدانی ئیمتیازی زیاتر بەو دەوڵەتە، بەستێنی هێرش بۆ سەر ئەو کۆمارانە ئامادە بکات. پێدانی هەر ئیمتیازێک بە بێگانە لەپێناو چەوساندنەوەو سەرکوتکردنی نەتەوە بندەستەکان و ڕێگری لەگەیشتن بە ئامانجیان کە ئازادییە؛ وەک بەشێك لە سیاسەتی داگیرکەرانەی حکوومەتەکانی ئێران هەژماردەکرێ. بۆ وەبیرهێنانەوەی

سیاسـەتی ئێرانـی، ئامـاژە بـە بەیاننامـەی دەوڵـەت بـەر لەهێـرش بۆسـەر ئازەربایجـان دەکەیـن، لـە بەیاننامەکـەی دەوڵەتـدا هاتبـوو «باوەشـمان بـۆ هاونیشـتمانیانی ئازیـزی ئازەربایجانـی کردۆتـەوەو بـۆ یەکگرتوویـیو برایەتـی بانگیـان دەکەیـن»[٥]، بـەڵام دەوڵەتـی قـەوامو ڕێژیمـی شاهەنشـایی بەکوشـتنی هـەزاران ئازەربایجانـی باوەشـی برایەتـی کـردەوە، باوەشـی برایەتـی بـەو شـێوە خوێناویـە تەنیـا لای دەسـەڵاتدارە ئێرانییـەکان دەبنیـدرێ.

دوای دەسـتپێکردنەوەی دەرگای وتووێـژ لەنێـوان ئێـرانو کۆمـاری کوردسـتانو ئازەربایجـان، دیسـان سیاسـەتی درۆو فێـڵ بـۆ خۆئامادەکـردنو هێرشکردنـە سـەر ئـەو کۆمارانـە بەباشـی کەڵکـی لـێ وەرگیـرا. پیشـەوا قـازی محەممـەد سـەبارەت بـە چارەسـەری ئاشـتییانە لـە وتەیەکـدا دەفەرمـوێ: «ئێمـە گەلـی کـوردی هـەژار، هەرگیـز شـەڕمان نەویسـتووەو هەمیشـە شـەڕمان پـێ فـرۆشراوە لەلایـەن داگیرکەرانـەوە، ئێسـتەش کـەوا حکوومەتـی تـاران هاتۆتـە سـەر ئـەو ڕایـە کـەوا داواو کێشـەکەمان بەشـێوەیەکی ئاشـتیخوازانە چارەسـەر بـکات، ئیمـە نـەک هـەر ڕازیـن، بەڵکـوو سوپاسیشـی ئەکەیـن. ئێمـە لەگـەڵ وەفـدی (فیرقـەی دێموکراتـی ئازەربایجـان)دا ئەچینـە تـاران و داوای ئێمـە هـەر تەنیـا خودموختارییـە».[٦]

### ٣. بەڵێنی بێ بنەما و لە سێدارەدانی پێشەوا

وێـڕای هەوڵەکانـی کۆمـارو نەمـر پێشـەوا بـۆ چارەسـەری ئاشـتییانە لەگـەڵ دەوڵەتـی ناوەنـدیو هەروەهـا سـەردانی چەندیـن جـارەی

وەفـدەکانو پێشـەوای نەمـر خـۆی بـۆ تـاران، دوای کەمـتر لـە سـاڵێک پێشـەوای نەمـرو زانـا، ناچاربـوو لەپـای سـێدارەی ئـەو وڵاتـەی کـە ئـەو بەوشـێوەیە بـۆ گفتوگـۆ لەگەڵـی دەڕۆیشـت، لـە وەسـیەتنامەکەی بنووسـێت: «براکانـم! چیـتر فریـوی دوژمـن مەخـۆن؛ دوژمنـی کـورد لـە هـەر رەنـگو دەسـتەو قەومێـك بێـت، هـەر دوژمنـە، بێروحمـە، بێویژدانـە؛ رەحمتـان پێنـاکا، بەیەکترتـان بەکوشـت دەدا، تەماحـو وەبـەر دەنـێ، بـە درۆو فڕوفێـڵ بەگـژ یەکـترودا دەکا؛ لەنـاو هەمـوو دوژمنەکانـی گەلـی کـورد، دوژمنـی عەجـەم لەهەموویـان زاڵمـترو مەلعوونـترو خوانەناسـترو بێبەزەییـترە، لەهیـچ تاوانێـك بەرانبـەر بـە گەلـی کـورد دەسـتناگێڕێتەوەو هـەر بەدرێژایـی مێـژوو لەگـەڵ گەلـی کـورد، غـەرەزو کینـەی ریشـەداری هەبـووەو هەیەتـی.»[٧]

لـەدوای کۆمـاری کوردسـتان، دیسـان سـەرکوتی گەلـی کـورد لەلایـەن رێژیمـی شاهەنشـایەوە دەسـتی پێکـرد؛ لەهەمـووی ئـەو سـاڵانە بەبەردەوامـیو دڕندانەتریـن شـێوە هەرجـۆرە چالاکییەکـی نەتـەوەی کـورد بـە گوللـەو سـێدارەو زینـدانو ئەشـکەنجە وەڵام دراوەتـەوە. بـەڵام خەباتـی حیزبـی دێموکـرات بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـی گەلـی کـورد هـەر بـەردەوام بـووە، تەنانـەت بـۆ دەسـپێکردنەوەی وتووێژیـش؛ وەک چـۆن لەکۆنگـرەی دووەمـی حیـزبدا «باسـی خودموختـاری لـە کوردسـتانی ئێـرانو ئامادەیـی وتووێـژ لەگـەڵ ڕێژیمـی شـا بـۆ چارەسـەری ئـەم مەسـەلە هاتۆتـە گـۆڕێ»[٨]. ئەمـەش نیشـان دەدات، ڕووداوێکـی وەک رووخاندنـی کۆمـاری کوردسـتانو لـە سـێدارەدانی پێشـەواو و هاوڕێکانـیو دڕندەیـی رێژیمـی شـا بەدرێژایـی ئـەو سـاڵانە،

نەبووتـە ڕێگـری ئامادەیـی بـۆ وتویـژو داوای خودموختـاری لەگوتـاری حیـزبو شۆڕشـی کـورد.

### ٤. جووڵانەوەی ساڵانی ٤٦ و ٤٧

خەباتـی سـاڵانی ٤٦-٤٧، جووڵانەوەیەکـی قارەمانانـەی ڕۆڵەکانـی کـورد بـوو کـە لەبەرانبـەر سـەرکوتی ڕێژیـم دەسـتی پێکـرد. ئـەو جووڵانەوەیـە لەگـەڵ ئـەوەی نرخـی قورسـی بـۆ درا، بـەڵام بـەڕادەی ئـەو نرخـەش دەنگدانـەوەی هەبـوو کـە توانـی بۆمـاوەی هەژدەمانـگ دوورگـەی ئارامـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، واتـە ئێـران بهەژێنـێو شـکۆی ڕێژیمـی پاشـایەتی محەممەدڕەزاشـا خەوشـداربکات. ڕاسـتە ژمارەیەکـی زۆری خەباتکارانـی حیزبـی دێموکـرات لەئاسـتی ڕێبـەری حیـزبدا شـەهیدبوون، بـەڵام سـەلماندیان کـە حیزبـی دێموکـرات نەمـردووەو خەبـات بـۆ ئـازادی هـەر بەردەوامـە.

لـەدوای کۆنفرانسـی دووەمـی حیـزب لەسـاڵی ١٣٤٩هەتـاوی، جارێکـی دیکـە کـە ڕۆژنامـەی کوردسـتان چـاپ دەکرێتـەوە، «دروشـمی سـەرەکی حیـزب کـە لـەدوو بـەش پێکهاتبـوو و هەمـوو جارێـک لەیەکـەم لاپـەڕەی ڕۆژنامـەی (کوردسـتان)دا چـاپ دەکـرا بریتیبـوو لـە؛ بەشـی یەکـەم، ڕووخانـی ڕێژیمـی کۆنەپەرسـتی پاشـایەتی بـۆ ڕزگاری ئێـرانو خەباتـی خۆمـان پـەرە پێددەیـن. بەشـی دووەم، بـۆ پێکهێنانـی خودموختـاری لـە کوردسـتانی ئێـران لەچوارچێـوەی ئێرانێکـی دیموکـڕاتدا تێبکۆشـین. هەروەهـا، (سـەرکەوێ خەباتـی یەکگرتووانـەی گەلانـی ئێـران)، دروشـمێکی دیکـەی رۆژنامـەی «کوردسـتان» بـوو.»[٩]

ئـەو دروشـمانە کـە مەودایەکـی کـەم دوای کۆمـار کوردسـتانو

سـەرکوتی دڕندانـەی خەباتـی ٤٦-٤٧، لـە زمـان حاڵـی ڕەسـمی بـڵاو دەبنـەوە، پێداگـری حیـزب بـۆ چارەسـەری ئاشـتیانە نیشـان‌دەدات؛ لەهەمـان کاتـدا ڕەنگدانـەوەی ناوەڕۆکـی سیاسـەتی شـۆڕش بـوون. دکتـۆر قاسـملوو، کارکتـەری سـەرەکی پشـت ئـەم سیاسـەتە کـە لەکۆنگـرەی سـێیەمدا دەبێتـە سـکرتێری حیـزب، ئـەو هێڵـە سـەرەکییانەی لەسـەر بنەمـای بارودۆخـی ئابـووری، سیاسـی‌و کەلتـووری ئەوکاتـی کـوردو هەروەهـا ڕێئالیتـەی دابەش‌بوونـی کـورد بەسـەر چـوار وڵات لـەدوای ڕووخانـی ئیمپراتـۆری عوسـمانی‌و ژئۆپۆلیتیکـی ناوچـە، داڕشـتبوو. دکتـۆر قاسـملوو، ویـڕای بـاوەڕ بـە کێشـەی کـورد، بـاوەڕی زۆریشـی بـە مافـی دیاری‌کردنـی چـارەی خۆنووسـین‌و دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان هەبـوو، وەک چـۆن لەکتێبـی «کوردسـتان و کـورد»دا کـە لـە دەیـەی شەسـتی زایینـی نووسرابـوو، لـەو بـوارەدا دەڵێـت:» کوردیـش وەک هەمـوو نەتەوەیـەک مافـی دیاری‌کردنـی چارەنـووس‌و دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی هەیـە.»[١٠] بـەڵام بـۆ چۆنییەتـی گەیشـتن بـەو مافـە لەسـەردەمی جیـاوازدا بەشـێوەی جیـاواز بیـری لێ‌دەکـردەوە.

### ٥. بیرۆکەی ستراتژی دروشمی حیزب

لەکاتـی نووسـینی کتێبـی «کوردسـتان‌و کـورد» کـە تەوژمـی بیـری چەپـی دژە ئیمپریالیسـتی لەسـەر بەشـێکی زۆری دونیـاو بەتایبەتـی چکوسـلواکی حاکـم بـوو و دکتـۆر قاسـملوو کـە لـەوێ دەژیـا، دەیگـوت: «چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کـورد بەسـتراوەتەوە بـە پێشـکەوتنی دێموکڕاتـی‌و سۆسـیالیزم لـە ڕۆژهەڵاتـی نیوەڕاسـت.»[١١]

بـەڵام بەلێکدانـەوەی دکتـۆر قاسـملوو، دروشـمی سـەربەخۆیی لـەو کاتـدا لـەڕووی تیـۆری زیـان بەگەلـی کـورد دەگەینـێ، لـەو بـوارەشدا دەڵێـت: « زۆر وێدەچـێ لەسـەرەتاوە ل هەمـوو ئـەو وڵاتانـەی کـە کوردیـان تێدایـە، مافـی خودموختـاری لەچوارچیـوەی ئـەو وڵاتانـەدا بـۆ کـورد دابینبکـرێ، دیـارە لەقۆناغـی ئێسـتادا، دروشـمی خودموختـاری بـۆ کـورد لەچوارچێـوەی هـەر کام لـەو وڵاتانـەدا لەهەمـوو دروشـمێک راسـتتره»[١٢]

لەسـاڵی ١٩٨٥ زایینـی، واتـە چەنـد دەیـە دوای نووسـینی کتێبـی «کوردسـتان و کـورد» کـە دروشـمی حیزبـی دێموکڕاتـی کوردسـتانی ئێـران ببـووە «دێموکڕاسـی بـۆ ئێـرانو خودموختـاری بـۆ کوردسـتان»، دوای شـیکردنەوەیەکی تێروتەسـەل لـە نامیلکەیـەکدا لەژێـر نـاوی (باسـێک سـەبارەت بـە دروشـمی بنەڕەتـی حیزبەکەمـان «دێموکراسـی بـۆ ئێـرانو خودموختـاری بـۆ کوردسـتان»)، هۆکارەکانـی هەڵبژاردنـی شـێوازی خودموختـاری لەچوارچیـوەی مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـدا شـیکرابووەوە. لەبەشـێک لـەو نامیلکەیـەدا، بـەو شـێوەیە بـاس لەهـۆکاری هەڵنەبژاردنـی سـەربەخۆیی دەکـرێ؛ «کەوابـوو ئێمـە بـا کورتـی کەینـەوە، لەبـاری نێوخۆییـەوە، ئـەو هێزەمـان نیـە تـا داوای سـەربەخۆیی بکەیـن. لەبـاری ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتیش، کۆسـپ هێنـدە زۆرن کـە وەزعەکـە بەئێمـە ئیجـازە نـاداتو لەبـاری نێونەتەوەییـەوەش هیـچ پشـتیوانییەکی ئەوتۆمـان نیـە.»[١٣]

ئـەوەی لای قاسـملوو گرنـگ بـوو، ئـازادی بـۆ دیاریکردنـی مافـی چارەنـووس بـوو، هـەر بـۆ ئـەو مەبەسـتەش خەباتـی دەکـرد. بـەڵام لەبـەر هۆکارگەلێـک کـە بەشـێکی زۆریـان ئەمـڕۆ گۆڕانیـان بەسـەردا

هاتــووەو لــە بەشــەکانی دیکــەی ئــەم کتێبــە زیاتــر باســیان دەکەیــن، بــەڵام ئــەو کات وەک ڕاســتیەک وجودیــان هەبــوو شــێوازی خودموختــاری بەبــاش دەزانــی. ئــەوەی پەیوەنــدی بــە باســی ئــەم بەشــەوە هەیــە، کاردانــەوەی ڕێژیمــی شــاو کۆمــاری ئیســلامی بەرامبــەر ئــەو داخوازییــە ڕەواو پێشــکەوتوو و مرۆڤانەیــە، ئەویــش وەک مێــژووی هــەزاران ســاڵەی ڕابــردوو تەنیــا وەڵامێــک کــە لــە بەرانبــەر ئــەو ئاشــتیخوازیە درایــەوە دیســان ســەرکوت و تیــرۆر و کورشــتن و زینــدان بــوو.

شــایانی باســە، ســەرەڕای ڕوانگــەی ئاشــتیخوازانەی خەباتــی گەلــی کــوردو حیزبــی دێموکــڕات، کاردانــەوەی ڕیژیمــی شــا بەتووندتریــن شــێوەو نواندنــی هەرجــۆرە توندوتیژییــەک بــوو؛ تەنانــەت لەڕۆژانــی کۆتایــی تەمەنــی ڕێژیمــی شــا کــە خۆشــی لــە وڵاتــدا نەمابــوو، «شــاپور بەختیار»ســەرۆک وەزیرانــی ئــەوکات وڵاتــی بەرێــوە دەبــرد، هەندێــک هەنــگاوی دێموکڕاتیکــی بــۆ ڕزگاری ڕیژیمــی شــا هەڵگــرت، بــەڵام هیچــکات بــاس لــە مافــی نەتــەوەی کــورد نەکــراو خەباتکارانــی ئازادیخــوازی کــورد هــەر دەکەوتنەبــەر هێرشــی گرتــنو کوشــتنی ســاواک.

### ٦. خەباتی کوردو شۆڕشی گەلانی ئێران

شۆڕشــی گەلانــی ئێــران، دەرەتانێــک بــوو تــا کــورد چالاکییەکانــی بــۆ بەدەســتهێنانی مافەکانــی گروتینێــک پــێ ببەخشــێ، هەربۆیــە چالاکانــە شانبەشــانی هێزەکانــی دیکــەی ئێرانــی، بەشــداری لــە ڕووخاندنــی ڕێژیمــی شــادا کــرد. لەکاتێکــدا شــۆڕش کــرا تــا دیکتاتۆرییــەت بــە دێموکڕاســییەت بگۆڕدرێتــەوە، بــەڵام هــەر زوو خومەینــیو لایەنگرانــی،

دیکتاتۆری مەزهەبیان دامەزراند کە زۆر لە دیکتاتۆری پاشایەتی ڕەشتر بوو. هەرچەند لەسەرەتادا بەهۆی جێگیرنەبوونی دەسەڵاتی خومەینی، وتووێژیان لەگەڵ کورد کە ناوچەی ئازادیان بەدەستەوە بوو، کرد. لەو وتووێژانەشدا، ویستی ئاشتییانەی نەتەوەی کورد، گەلاڵەی خودموختاری لەچوارچێوەی ئێران دابوو، بەڵام زۆری نەکێشا کە خومەینی حوکمی جیهادی دژی گەلی کورد داو ڕێژیمەکەی بێئەملاوئەولا هێرشیان کردە سەر کوردستانو بەو پەڕی دڕەندەیی خەڵکیان کوشتوبڕ کردو کوردستانیان داگیر کردەوە.

بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوەش بکەین کە هەڵوێستی توودەییەکانو مجاهیدینی خەڵق و تەنانەت سکۆلار دێموکراتەکان بەنیسبەت کورد جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبوو، بۆئەوەی تەواویەتی ئەرزی ئێران خەوشدار نەبێ کە ئامانجی خەباتی گەلی کوردیش نەبوو؛ هەر وەک چۆن لەبەرامبەر کەمترین داخوازییەکانی کورد هەڵوێستیان نەبوو، یان پیلانەکانی خومەینیان جیبەجێ دەکرد یان بێدەنگیان دەنواند.

هەروەها لەدرێژەی سیاسەتی ٢٥٠٠ ساڵەی غەدرو فیڵو درۆو چەواشەکاری سەرانی ئێراندا، ڕێبەرانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران کە شوێندانەرییەکی زۆریان لەسەر خەباتو شۆڕش لەو قۆناغەدا هەبوو، وێڕای درێژەدان بەخەبات بەهۆی سەپاندنی شەڕی چەکداری بەبڕیاری دەسەڵاتی ناوەندی، چارەسەری پرسی کوردیان لەڕێگەی وتوێژ درێژەپێدا، بەڵام وەڵامەکەی بە تێرۆری ڕێبەران درایەوە.

### ٧. وتوویژ یان تیرۆر

«ژێـرار شـالیان» لـە کتێبـی «تراژیدیـای کـورد»دا لەسـەر تێـرۆری دکتـۆر قاسـملوو دەڵێـت: «قاسـملوو، بـوو بـە قوربانـی ئـەو بیرۆکەیـەی کـە دەیتوانـی لەڕێگـەی وتوویـژ لەگـەڵ دەوڵەتـی ئێـران، ئەنجامـی بـاش بـۆ کـوردەکان بەدەسـت بخـات».[١٤] ئـەم وتـەی «ژێـرار شـالیان» دەتوانـرێ لەسـەر هەمـوو دۆزی کـورد بەڕاسـت بزانرێـت.

بیرۆکـەی چارەسـەری لەڕێگـەی وتوویـژ هیـچ ئاکامێکـی دیکـەی جیـا لـە نسـکۆو شـەهیدبوون بـۆ کـورد نەبـووە. ئـەو تێـرۆرو توقاندنـەش بەهـەزاران ئەندامـی ئـەو حیزبـەی لەسەرتاسـەری جیهانـدا گرتـەوەو وێـڕای وێرانکردنـی کوردسـتان، گەلـی کـوردی بـە دڕندەتریـن شـێوە چەوسـاندەوە.

دوای شـەهیدبوونی ڕێبەرانـی بـەو شـێوە ناجوامێرانـە، لەگـەڵ ئـەوەی حیزبـی دێموکـڕات بەگۆڕینـی دروشـمی خودموختـاری بـە فیدڕاڵـی هیچـکات لـە ئەسـڵی وتوویـژو داخـوازی ئاشـتیانە لەچوارچێـوەی ئێرانـدا دوورنەکەوتـەوە، بـەڵام حکوومەتـی ناوەنـدی جیـا لـە سـەرکوت، ئامادەنەبـوو یـەک هەنـگاو بـۆ چارەسـەری پرسـی کـورد هەڵبگرێـت. شـایانی باسـە، هەرئێسـتا کـە بـە نووسـینی ئـەو دێڕانـە سـەرقاڵم، ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی بەشـێوەیەکی سیسـتماتیک چەوسـاندنەوەی نەتـەوەی کـورد درێـژە پـێ دەدات.

لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو میـژووە خوێناوییـە، دەردەکـەوێ کـە دەوڵەتـی ناوەنـدی ئامـادە نەبـووە دان بەکەمتریـن مافـی کـورد دابنێـتو بـە هەرشـێوەیەکیش بـۆی کرابێـت بـەدژی وەسـتاوەتەوە. بـۆ دەوڵەتـە یەکلـەدوای یەکەکانـی ئێـران گرنـگ نیـە کـورد تـا چ ڕادەیـەک داوای

مافــی خــۆی دەکات، یــا چەنــدە خزمــەت بــە دەوڵەتــی ناوەنــدیو گەلــی فــارس دەکــەن، بەڵکــوو گرنــگ ئەوەیــە کــورد بەهێــز نەبــێ و نەتوانــێ داوای مافــی خــۆی بــکات، بــۆ ئــەو مەبەســتەش لەهیــچ چەوســانەوەیەک سـڵ ناکاتــەوە.

لــە بەشــەکانی دواتــر، بــە خوێندنەوەیــەک بــۆ بیرکردنــەوەی هێــزو لایەنــە سیاســیەکانی ئێرانــی کــە ئەمــڕۆ لەگۆڕەپانــی سیاســەت دان، ئەگــەری گۆڕینــی ئــەو تێڕوانینــەی دەوڵەتــی ناوەنــدی لەداهاتــوودا دەخەینــە بەربــاسو شرۆڤــە تــا بتوانیــن بــەو ئاگاییــەی کــە لەمێــژوو و هــزری نەوەکانــی داهاتــوو بەدەســتی دێنیــن، بەرنامەیەکــی تۆکمــە بــۆ ئــازادی گەلــی کــورد دابڕێژیــن.

## سەرچاوەکانی بەشی دووەم


١. گۆڤاری نیشتمان، جەماڵ نەبەز.

٢. گۆڤاری نیشتمان، جەماڵ نەبەز.

٣. کۆمــاری میللــی دێموکڕاتــی کوردســتان، نووســینی پرۆفیســۆری یاریــدەدەر دکتــۆر یاســین سەردەشــتی.

٤. کۆمــاری میللــی دێموکڕاتــی کوردســتان، نووســینی پرۆفیســۆری یاریــدەدەر دکتــۆر یاســین سەردەشــتی.

٥. کۆمــاری میللــی دێموکڕاتــی کوردســتان، نووســینی پرۆفیســۆری یاریــدەدەر دکتــۆر یاســین سەردەشــتی.

٦. کۆمــاری میللــی دێموکڕاتــی کوردســتان، نووســینی پرۆفیســۆری یاریــدەدەر دکتــۆر یاســین سەردەشــتی.

٧. http://sorankarbasian.blogspot.com/p/blog-page_17.html

٨. ٥٠ ســاڵ خەبــات، بەرگــی یەکــەمو دووەم، کورتــە مێژوویەکــی حیزبــی دیموکڕاتــی کوردســتانی ئێــران، جلیــل گادانــی.

٩. ٥٠ ســاڵ خەبــات، بەرگــی یەکــەمو دووەم، کورتــە مێژوویەکــی حیزبــی دیموکڕاتــی کوردســتانی ئێــران، جلیــل گادانــی.

١٠. کوردســتانو کــورد، دوکتــۆر عەبدولرەحــمان قاســملوو، وەرگێــڕان عەبدوڵــڵا حەســەنزادە.

١١. کوردســتانو کــورد، دوکتــۆر عەبدولرەحــمان قاســملوو، وەرگێــڕان عەبدوڵــڵا حەســەنزادە.

١٢. کوردســتانو کــورد، دوکتــۆر عەبدولرەحــمان قاســملوو، وەرگێــڕان عەبدوڵــڵا حەســەنزادە.

١٣. تاڤگــەی هەقیقــەت، بەرگــی یەکــەم (بەشــێک لــە بەرهەمەکانــی دوکتــۆر قاســملوو)، کۆکردنــەوەی کاوە بەهرامــی.

١٤. تراژێدیای کورد، ژێرار شالیان، وەرگێڕان وریا ڕەحمانی.

# بەشی سێیەم

## ئایا تێڕوانینی حکوومەتی داهاتووی ئێران

## بۆ کورد دەگۆڕێت؟!

## ١. گۆڕینی عەقڵییەت یان دەسەڵات

هەرچەنـد پێشـبینیکردن لەسیاسـەتدا بەتایبەتـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناڤینـی ئاڵـۆزدا، پڕزەحمەتـەو زۆرجـار خـۆی ئەسـتەم دەنوێنـێ؛ بـەڵام خوێندنـەوەی سـناریۆکانی بـەردەم بـۆ دوای ڕووخانـی کۆمـاری ئیسـلامی لەسـەر بنەمـای هێزەکانـی گۆڕەپانـی خەبـات زۆر ئەسـتەم نیـە، چونکـە دەتوانیـن بەلێکدانـەوەی سیاسـەتی ئـەو هێزانـەی کـە ئەمـڕۆ لەگۆڕەپانـی سیاسـەتدا چالاکـن، گریمانەکانـی داهاتـووی ئێـران شرۆڤـە بکەیـن. مـن پێـم وایـە ڕێـژەی دەستەبەرکردنی مافـە نەتەوەییەکانمـان، بەڕێـژەی ئامادەیـیو پلانەکانمـان بـۆ داهاتـوو دەبەسرێتـەوە؛ نـەک چاوەڕوانـی ئـەوە بیـن کـەی حکوومەتێکـی دێموکڕاتیـک لـە ئێـران دێتـە ئـاراوە. هەربۆیـەش ئامـادەکاری لەهـەر ئاسـتێکدا بەگرنـگ دەزانـم، بـەڵام نابـێ لەبیرمـان بچـێ ناسـینی دوژمنـی هەمیشـەیی کـە خاوەنـی عەقلییەتێکـی نەگـۆڕە، دەتوانـێ سـەرکەوتن ئاسـانتر بـکات، چونکـە دەمانخاتـە نێـو بیرکردنەوەیەکـی ژیرانـە. لەلایەکـی دیکـەوە، کاتێـک تەواویەتـی خاکـی ئێـران بـۆ بەشـیکی زۆری ئـەو هێزانـە هێڵـی سـورە، ئـەو روانگەیـە، ئەگـەری پێکهاتنـی ئێرانێکـی دێموکڕاتیـک زۆر لاواز دەکات، بۆچـی؟ چونکـە هەرجـۆرە ئازادییـەک یـان دابینکردنـی مافێکـی نەتەوایەتـی، دەبێتـە مایـەی ترسـیان لـەوەی نـەکا کـورد زیاتـری دەسـت کـەوێ یـا بخـوازێو تەواوییەتـی ئێرانـی ئەمڕۆیـی بکەوێتـە مەترسـییەوە؛ ئـەوان هەبوونـی حکوومەتێکـی بەهێـزی ناوەنـدی کـە کەمـتر دێموکڕاتیـک بێـت، لەهەبوونـی مەترسـی بۆسـەر یەکپارچەیـی خاکـی ئێـران بـە باشـتر دەزانـن.

ئـەو تێڕوانینـە بەرچاوڕوونـی زیاتـر دەدات، کاتێـک سـەیری

دەوڵەتــی تورکیـا دەکەیــن کــە تاڕادەیــەک بەنیســبەت ڕیژیمــی کۆمـاری ئیســـلامی دێموکڕاتـــترە، بـــەڵام دێموکڕاســـییەتی ئەوانیـــش تاشـــوێنێک بــڕدەکات کــە کــورد ببێتــە تــورکو وەک تورکێــک بژیــت، خــۆ ئەگــەر هــاواری کوردبوونیشـــی هەســـتا، ڕێژیمـــی تورکیـــا بـــە هەرشـــێوەیەکو ئایدیایــەک بێــت لــە چەپــەوە بــۆ ڕاســت، ڕووخســاری فاشیســتی خــۆی تەنانــەت زیاتــر بــۆ ڕای گشــتی دەردەخــات.

ســەرەڕای هەنــگاوە ئەرێنییەکانــی ســەردەمی لەســەر حوکمبوونــی پارتـــی «داد و گەشـــە پێـــدان» بـــە ســـەرۆکایەتی «ڕەجـــەب تەیـــب ئەردوغـــان» کـــە لـــە ســـاڵی ٢٠٠٢ هاتـــە ســـەرکار، بـــەڵام بینیـــمان لەســـاڵەکانی دواییـــدا بـــۆ خاڵـــی ســـیفر گەڕایـــەوە.

ئــەم بابەتــە لەمــەڕ کوردســتانی باشــوریش وێناکــراو بینیــمان کاتێــک کــورد لــە عێراقــی فیدڕاڵیــدا داوای مافــی ڕەوای خــۆی کــرد کــە لــە دەســتووری وڵاتــدا چەســپاو، ئــەو حکوومەتــە فیــدراڵو دێموکڕاتیکــە کــە بەهەڵبــژاردن هاتبــووە ســەرکار بەبیانــووی گشتپرســی هێرشــێکی بەرفراوانـــی بـــۆ لەناوبردنـــی ئـــەو ئەزموونـــە حکوومەتـــە خۆجێیـــە دەســتپێکرد. ســەیر لەوەدایــە ئــەو کەســانەی فەرمانــی هێرشــیان بۆســەر کوردســـتان دا، ماوەیەکـــی زۆر لـــە کوردســـتان داڵدەدرابـــوونو بەڕێـــزو حورمەتــەوە هەڵســووکەوتیان لەگــەڵ کرابــوو. جــا ئەمــە تراژیــدی یــان بەختــی کــوردە، نازانــم، بــەڵام جارێکــی دیکــە ســەلمێنرا، هاتنــە ســەرکاری ڕێژیمێکـــی تەنانـــەت دێموکڕاتیکیـــش بەمانـــای ئۆمێـــدی چارەســـەری پرســی کــورد نیــە، تــا ئــەو کاتــەی ئــەو عەقڵییــەتو بیرکردنــەوە چەوتــە ئاڵوگــۆڕی بەســـەردا نەیـــەت.

بـــۆ داهاتـــووی ئێرانیـــش، بـــە لەبەرچاوگرتنـــی ئـــەو عەقڵییەتـــەو

هەبوونـــی ســـەڵتەنەتخوازەکانو هێزگەلـــی وەک موجاهیدینـــی خەڵـــق و... جێگـــەی پرســـیارە ئـــەو ڕێژیمـــەی کـــە دەســـەڵات دەگرێتـــە دەســـت چەنـــد دێموکڕاتیـــک دەبێـــت. هەربۆیـــە کـــورد دەبـــێ دابینکردنـــی مافـــە نەتەوایەتییەکانـــی، ئەولەوییەتـــی بەرنامـــەی کاری بێـــت کـــە زامنـــی دابینبوونـــی دێموکراسیشـــە.

**٢. سناریۆکانی داهاتووی ئێران**

یەکێـــک لـــە ســـناریۆکانی ئێرانـــی داهاتـــوو، گرتنەدەســـتی دەســـەڵات لەلایـــەن موجاهیدینـــی خەڵقـــە، ئـــەو هێـــزە لەڕابـــردوودا خـــاوەن پێگەیەکـــی گـــەورەی جەمـــاوەری بـــوو، وێـــرای ئـــەوەی ئەمـــڕۆ بـــەو شـــێوەیە بەهێـــز نیـــە، بـــەڵام خـــاوەن تەشـــکیلاتێکی ڕێکوپێکـــە. لەگـــەڵ ئەوەشـــدا دەرکـــەوت کـــە هێزێکـــی پاوانخـــوازی سکتاریســـتەو خـــاوەن ئیدۆلۆژییەکـــی مەزهەبـــیو دیســـیپلینێکی ئیشـــکو دیکتاتۆرییەتێکـــی ڕەشـــی مەزهەبیـــە کـــە لەگـــەڵ ڕێژیمـــی ئاخونـــدیو تەنانـــەت کۆمـــاری ئیســـلامیش جیاوازییەکـــی ئەوتـــۆی نیـــە؛ هەربۆیـــەش بۆتـــە جێـــی نیگەرانـــی ڕۆژئاواییـــەکان بەگشـــتی و ئەمریـــکا بەتایبەتـــی؛ لەلایەکـــی دیکەشـــەوە ئیدۆلۆژیکبـــوونو دیکتاتۆریەتـــی نێوڕێکخراوەیـــی، پێگـــەی جەمـــاوەری لاواز کـــردوون. هەروەهـــا ئـــەو ئیدۆلۆژییـــەی کـــە موجاهیدیـــن هەیەتـــی، تێکەڵێکـــە لـــە دوو ئیدۆلـــۆژی ئیســـلامیو مارکسیســـتی بەشـــێوەی ڕادیـــکاڵ کـــە تێیـــدا مەریـــەم ڕەجـــەوی، ســـەرۆکی موجاهیدیـــن کـــە لەلایـــەن ئەوانـــەوە بـــە ســـەرۆککۆماری ئێرانـــی داهاتـــوو هەڵبژێـــردراوە، خاوەنـــی هەمـــوو بڕیارێکـــەو قســـەی یەکـــەم و کۆتایـــی دەکات؛ حکوومەتێکـــی لـــەو شـــێوەش بـــۆ بەڕێوەبردنـــی وڵاتـــی

ئێــران لــە داهاتــوودا زۆر مەترســیدارە.

بــە وردبوونــەوە لەمێــژووی موجاهیدیــن ســەلماندنی ئــەو ڕاســتیانە زۆر ئاســانن، بەتایبەتــی ئەگــەر ســەیری چۆنیەتــی بــە ســەرۆک بوونــی مەریــەم بکەیــن.

لــە بڵاڤۆکێکــی ١٠ مادەیــدا کــە مەریەمــی ڕەجــەوی بــۆ ئێرانــی ســبەی بــڵاوی کردۆتــەوە، ڕوانگــەی خــۆی بەرامبــەر ئێــران دەخاتــە ڕوو، لەمــادەی ٧ی ئــەو بڵاڤۆکــەدا باســی پشــتیوانی لــە خودموختــاری کوردســـتان دەکات کـــە لـــە ســـاڵی ١٣٦٢ هەتـــاوی «شـــورای ملـــی مقاومـــت» پەســـەندی کـــردوە.

هەرچەنــد پەســندکردنی گەڵاڵــەی ئــەو خودموختارییــە دەکــرێ بەخاڵێکــی درەوشــاوەی موجاهیدینــی خەڵــق لەقەلــەم بدرێــت کــە لەچــاو زۆر هێــزو لایەنــی دیکــە تێڕوانینێکــی ئەرێنییــان بــۆ کــورد هەیــە، بــەڵام تاچەنــدە دەتوانــرێ حیســاب لەســەر هێزێــک بکــرێ کــە ســەرۆکەکەی بــە بێهەڵبــژاردن خــۆی بــە ســەرۆککۆماری ئێــران دەزانــێو بەهــۆی ئیدۆلۆژیەکــی تایبــەت هەڵگــری هیــچ جــۆرە دێموکڕاســییەکی نێوخــۆی نیــە. بۆیــە پرســیار ئەوەیــە، ئەگــەر ئــەو هێــزە لەداهاتــوودا هاتەســەر حوکــم، چەنــدە پابەنــدی جێبەجێکردنــی ئــەو گەڵاڵەیەیــە، هەربۆیــە ئــەوەی دەبــێ لامــان گرنــگ بێــت، یەکگرتوویــی و بەهێزکردنــی توانــای خۆمانــە کــە ئــەوان و هێزەکانــی دیکــە پابەنــد دەکات بــەو بەڵێنانــە.

لەراســتیدا، پەســەندکردنی ئــەو گەڵاڵەیــە ـکاتــی خــۆی_ لەلایــەن ڕێکخــراوی موجاهیدنــی خەڵــق، دەگەڕێتــەوە بــۆ هێــزو توانــاو پێگــەی جەمــاوەری حیزبــی دێموکڕاتــی کوردســتانی ئێــران لەگۆڕەپانــی خەباتێکــی

سـەختی چەکـداریدا کـە تەنگـی بـە ڕێژیمـی ئاخونـدی هەڵچنیبـوو، بۆیـە موجاهیدیـن چ بـەدڵ بـێ چ بەتاکتیـک، ئـەو بەڵگـە یاسـاییەی پەسـەندکرد کـە دەتوانـرێ لـە رووبەڕبوونـەوە موجاهیدیـن لەگـەڵ پرسـی کـورد، ئـەم گەلاڵەیـە ببێتـە بنەمایـەک، بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو ڕاسـتییانەی کـە لەسـەرەوە ئامـاژەی پێکـرا.

### ٣. ئەزموونکردنەوەی ڕێژیمی پاشایەتی

هێزێکـی دیکـەی گۆڕەپانـی ئەمـڕۆ بـۆ ئێرانـی داهاتـوو، سـەڵتەنەتخوازەکانن، کـە لـەدەرەوە خـاوەن هێـزی میدیایـیو پڕوپاگەنـدەی بەهێـزن؛ ڕەزا پەهلـەوی، کـوڕی محەممەدڕەزاشـای پێشـوو، وەک کاراکتـەری سـەرەکی ئـەو هێـزە هەژماردەکرێـت. لـەڕووی جەماوەرییـەوە، پێگەییەکـی بەهێزیـان نیـەو خـاوەن تەشـکیلاتێکی ڕێکخـراو نیـن، بـەڵام ڕوخسـارێکی دێموکراسـییانەو ڕۆژئاوایی‌پەسـند کـە لەگـەڵ سـەردەمی ئەمـڕۆش یەکدەگرێتـەوە لەخۆیـان نیشـان دەدەن. بەپێـی وتارەکانـی ڕەزا پەهلـەوی لـە ڕاگەیاندنـەکانو پەیامەکانـی، وانیشـان دەدات کـە بـڕوای بەدێموکراسـی هەیـەو دەڵێـت بڕیـاری کۆتایـی بەدەسـتی خەڵکـە، واتـە بەمانایەکی‌تـر داوای ڕێفرانـدۆم دەکات؛ بـەڵام ئـەوە بـەو مانایـە نیـە کـە ئـەو مۆدێلـی تایبـەت بەخـۆی نەبێـت، بەڵکـوو بەگوێـرەی ئـەو بانگەشـانەی کـە لـە میدیـاکان دەکـرێ و هەروەهـا هەندێـک جووڵـەی لایەنی‌تـر، دەتوانیـن بڵێیـن ئـەو مۆدێلـە جورێکـە لەپاشـایەتی مەشروتـە کەتێیـدا ڕەزا پەهلـەوی دەبێتـە شـاو هەندێـک پێشـکەوتنی دێموکڕاسـی بەنیسـبەت کۆمـاری ئیسـلامی دەبێـتو دەسـەڵات لەنێـوان شـاو حکوومەتـدا

دابــەش دەبێــت.

هەروەهـا دەیانهـەوێ ئـەو مۆدێلـە بـە ڕێفراندۆمێـک بێننـە سـەرکار، هــەر ئــەو تاکتیکــەی کــە کۆمــاری ئیســلامی لــە ڕێفراندۆمــی ســاڵی ١٣٥٨ ی هەتــاوی کەڵکیــان لــێ وەرگــرت، واتــە لــە لایــەک کۆمــاری ئیســلامی و لــە لایەکــی دیکــە ڕێژیمــی ڕووخــاوی شــا کــە خەڵــک بەڵێیــان بــە کۆمــاری ئیســلامی گــووت. رزا پەهەلەویــش دەیهــەوێ لــە لایــەک ئــەو ڕێژیمــە دابنــێ کــە خــۆی دەیهەوێــت و لــە لایەکــی دیکــە کۆمــاری ئیســلامی بــێ گومــان ڕوونــە کــە کــەس کۆمــاری ئیســلامی نــاوێ واتــە بەڵــێ بــۆ رزا پەهلــەوی. بەوشــێوەیەش بــە دونیــای دەرەوە نیشــان بــدەن پاشــایەتییەکە بــۆ پێشــگرتن بــە دروســتبوونەوەی کۆمــاری ئیســلامیە و لەناوخۆشــدا، بڵێــن ئەمــە بــۆ پێشــگرتن بەمەترســی جیابوونــەوەو پاراســتنی یەکێتــی خاکــی ئێرانــە.

ڕەزا پەهلــەوی لەســەر پرســی نەتــەوەکان کــە بــە «قــوم» ناویــان دەبــات، لەپێگــەی ئینتێرنێتــی خــۆی لەچوارچیــوەی نووســینێک بەنــاوی «زمــان انتخــاب» بــەو شــێوەیە دەدوێ: «ســەرەڕای خاڵــە هاوبەشــەکان، ئێمــە دەســتهەڵاتەمان زۆرتــر لــە پێشــنیارانەی کــە خەڵــک و پەڕلەمانــی داهاتــوو لەســەر بڕیــاری دەدەن نیــە. یەکپارچەیــی ئێــران بــەو بابەتــە بەســتراوەتەوە، بۆیــە بــەو گرووپانــە کــە زۆربەیــان لایەنگــری حکوومەتێکــی فیدراڵیــن، بەهێنانــە بەرباســی ئــەو ویســتە هۆشــداریان پــێ دەدەمو پێیــان دەڵێــم؛ ئەگــەر زۆر لەســەر ئــەو بابەتــە پێداگــری بکــەن لەوانەیــە کاری خۆیــان زۆرتــر ئاڵــۆز بکــەن، وێــڕای ڕێژیــم، ناسیۆنالیســتە توندڕەوەکانیــش ئــەوان بــە جیاخوازیــی تۆمەتباردەکــەن»[١].

ئــەو چەنــد دێــڕە زۆر بەباشــی نیشــان دەدات کــە بیرۆکــەی رەزا

پەهلەوی بۆ ئێران لەگەڵ محەممەدرەزا شای باوکی کە قاتڵی پێشەوای نەمرەو ئەو ڕێبەرە ئاشتیخوازو نەتەوەییەی کوردی لە سێدارەدا، هیچ جیاوازییەکی نیە.

٤. پرسی کوردو یەکپارچەیی ئێران

بەشێکی زۆری کەسایەتی سیاسیو ئاکادیمی نەتەوەی باڵادەست، لەپەنجەرەی ئێرانیبوونو پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران دەڕواننە پرسی کورد، هەرچەندە دێموکڕاسیدۆست و دێموکڕاسیخوازیش بن، بەڵام ڕەنگدانەوەی لەسەر قبووڵی پرسی کورد لای ئەوان نەبووە.

یەکێکی دیکە لەو ڕەوتانە، «جریان سوم»ە کە هەندێک چالاکی کوردیش هاوکاری دەکەن، بەڵام چەندە توانیویانە پێگەیان هەبێ، وەڵامێکی دروستمان لەبەردەست نیە. بەوجۆرەی لە میدیاو تۆرەکۆمەڵایەتییەکان دەردەکەون، بەگشتی تێڕوانینی ئەرێنییان بۆ بابەتی فیدڕاڵیو مافی نەتەوە بندەستەکان هەیە، بەڵام زیاتر لە باوەڕمەندبوون بەو مافە، خەمخۆریان بۆ پارچەپارچەبوونی ئێرانە کە پێیان وایە ئەم جۆرە ماف پێدانە یان بوونی حکوومەتێکی فیدراڵی، ڕێگری جیابوونەوەیە. لەبەشێکی وتارێکی»جریان سوم» کە لە پێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکەیان بڵاوبووتەوە، هاتووە: «ئەمڕۆ هەرجۆرە پێداگرییەک لەسەر مۆدێلی سیاسی پاوانخواز بۆ داهاتووی ئێران لەسەر بنەمایەکی کرچ وکاڵی وەک پاراستنی یەکپارچەیی ئێران، لەراستیدا هەڵەیەکە لەڕەوتی گەیشتن بە دیموکڕاسی. هەروەها هەرجۆرە گوشارێک بۆ بە ڕێبەری گەیاندنی تاکێکی ناسیاو دەبێتە مایەی دواکەوتنو خەساری زۆری لێدەکەوێتەوە.»[٢]

خاڵــی بەرچــاوی ئــەم تێڕوانینــە ئەوەیــە، ئــەوان خەمــی مافــی نەتەوەیەکــی بندەســتیان نیــە، بەڵکــوو خەمــی ئێرانیــان هەیــە. بۆیــە پرسـیار دروسـت دەبـێ، ئەگـەر ئـەو خەمـە نەمـا ئـەرێ گەلـۆ ڕەوتـی بێبەریکردنــی کــوردو گەلانــی دیکــە لەمافــی نەتەوایەتییــان دەســت پــێ ناکاتــەوە؟

زۆرجــار دێموکڕاســیو ســکۆلاریزم وەک گرنگتریــن پێداویســتی داهاتــووی ئێــران وەســفدەکرێن، تەنانــەت حیزبێــک بەنــاوی « حــزب ســکولار دمکــرات ایرانیــان» دامــەزراوە کــە وەک ئۆپۆزســیۆنی ئێرانــی کاردەکات. لەیەکــەم ڕوانینــدا هەمووشــتێک وادێتــە بەرچــاو گۆیــا دێموکڕاســی بــۆ ئــەوان زۆر گرنــگ بێــت، بــەڵام کــە ســەیری مەرامنامەکەیــان دەکەیــن، وەک لەمــاددەی ٤ هاتــووە: «(حیــزب لەســەر بنەمــای بــاوەڕ بــە حکوومڕانــی نەتەوە(یــا حکوومڕانــی ملــی) دروســت بــووە. لەئاکامــدا حیزبێکــە بــاوەڕی بــەو ئەســڵە (یــەک وڵات_یــەک نەتەوە_یــەک حکوومــەت) هەیــە.» [٣]

هەرئێســتا، ڕێــک لەژێــر ئــەو دروشــمەو بەنــاوی دێموکڕاســی لــە وڵاتــی تورکیــا، شــارەداری ســێ شــاری گــەورەی کوردســتانی باکــوور(وان، دیاربەکــر، ماردیــن)، لەســەر کاری خۆیــان لابــردراون. کەواتــە ئێمــەی کــورد نابــێ بکەوینــە داوی هەبوونــی دێموکڕاســییەکی بەگرەنتــی؛ بــە بــڕوای مــن وێــڕای یاســامەندکردنی دیموکڕاســی، دەبــێ پشــت بــە هێــزو توانــای کاریگــەری خۆمــان ببەســتین، چونکــە ئێمــەی کــورد دەبــێ ئــازادیو ڕزگاری لەســەرووی هەمــوو بابەتەکانــەوە دابنێیــن.

لێــرەدا پێویســت نــاکات بــاس لــە چەپــەکان بکەیــن، چونکــە لــەو بــاوەڕەدام لــە چەپــی خۆمــان خێــری ئەوتۆمــان نەدیــوە تــا چاوەڕوانیــمان

لــە چەپــی بێگانــە هەبــێ. هەرچەنــد ئێســتا بەشــێکی بەرچــاو لــە چەپەکانــی خۆمــان وازیــان لــە مەکتەبــی مارکسیســتی هێنــاوەو زیاتــر گرنگــی بەلایەنــی نەتەوەییبــوون دەدن، بــەڵام بەگشــتی هێــزە چەپــەکان بەنســبەت دەیەکانــی پێشــوو زۆر لاواز بوونــە. نووســەری کورد،»جەمــال نەبــەز»، لەســەر ئــەو بەشــە لــە فــارس کــە خۆیــان بــە چــەپو پێشــکەوتنخواز دەزانــنو لــە ئوروپــا نیشــتەجێن، دەڵێــت: «کەسـێکیان لەمـاوەی ئـەم دەسـاڵەی شۆڕشـی کـورددا قروشـێکیان بـە کــورد نــەداوە و یەکێکیــان نەچۆتــە کوردســتان پێشــمەرگەیەکی زامــدار تیــمار بــکات.»

**٥. کۆنگرە نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ**

لــەو بەشــەدا بەجێیــە ئامــاژە بــەو ڕێکخراوگەلانــە بکەیــن کــە لەلایــەن نەتــەوە بندەســتەکانەوە دروســت کــراون، چونکــە لەیەکــەم ڕوانینـدا وادێتـە بەرچـاو ئـەو ڕێکخراوانـە بەهـۆی ئـەوەی کـە لەلایـەن نەتــەوە بندەســتەکانەوە دامــەزروان زۆر بەجــددی لایەنگــری مافــی دیاریکردنــی چارەنووســی نەتەوەکانــن. یەکێــک لــەو ڕێکخراوانــە «کۆنگـرەی نەتەوەکانـی ئێرانـی فیدراڵـە» کـە لەسـاڵی ٢٠٠٥ی زایینیـەوە کاردەکات. کۆنگــرەی نەتەوەکانــی ئێرانــی فیــدڕاڵ لــە مــاددەی ٤ی ئەساسـنامەکەیدا دەڵێـت: «دامەزراندنـی حکوومەتێکـی فیـدڕاڵ، خـاوەن خەسـڵەتی نەتەوەیی-جوگرافـی، لەسـەر بنەمـای دێموکراسـی، بڵاڤۆکـی جیهانــی مافــی مــرۆڤو کۆنوانســیۆنەکانی هاوپێــج، حکوومەتێکــی بــەردەوامو بەمەبەســتی بەکارهینانــی ئیــرادەی سیاســی کــە زامنــی مافەکانــی هەمــوو نەتــەوەکان لەچوارچێوەیەکــی ئــازادو دێموکڕاتیــک

دەبــێ»[٤].

هــەروەک دەردەکــەوێ، ویــڕای ئــەوەی ئــەو ڕێکخــراوە لەلایــەن نەتــەوە بندەســتەکانەوە دامــەزراوە، تائێســتا هیــچ لایەنێکــی نەتــەوەی فــارس تێیــدا بەشــدارنین، بــەڵام هەمــوو ئەندامانــی ئــەو ڕێکخــراوە لــە هاوپەیمانییــە فارســەکان بەنــاوی جیــاواز، بەشــدارن. واتــە ئــەو ڕێکخــراوە، بــەو شــێوەیە، وێــڕای نەرمی‌نوانــدن، بەجۆرێــک کار بــۆ ئێرانــی ئــازادو یەکپارچــە دەکات تــا کارکــردن بــۆ مافــی دیاریکردنــی چارەنــووس. ئەگــەر ڕێکخــراوی کۆنگــرەی نەتەوەکانــی ئێرانــی فیــدراڵ بەوشــێوەیە کاربــکات، دەبــێ چ چاوەڕوانییەکــمان لــە ڕێکخراوگەلــی فــارس و حکوومەتــی ناوەنــدی یــان هاوپەیمانییەتــی و لێکتێگەیشــتنانە بێــت کــە هێــزە فارســەکان تێیــدا بەشــدارن.

ئەگـەر لـە ئێرانـی داهاتـوو یـەک هێـز بەدەسـەڵات نـەگات، بەڵکـوو چەندیــن هێــزی بــەو شــێوەیەی کــە لەســەرەوە باسکــرا، دەســەڵات بەدەســت بگــرن، لەوانەیــە تەنیــا خاڵــی هاوبەشــیان دژایەتــی کــوردو شۆڕشــەکەی بێــت بــۆ پاراســتنی یەکپارچەیــی ئێــران تــا لەداهاتــوودا مەترســی نەکەوێتــە ســەری.

ماوەتــەوە بڵێیــن، بەلێکدانــەوەی بیروئایدیــای ئــەو هێزانــەی کــە باسکــران، داهاتــووی ئێــران زۆر ڕووناکــتر لەمێــژووی ڕەشــی ڕابــردوو نابێــت؛ چونکــە هــەر هێزێــک لــە ئێرانــی دوای کۆمــاری ئیســلامی دەســەڵات بەدەســت بگــرێ، ئاســۆی گەیشــتن بــە ئــازادیو پەرەســەندنی مافــی دیاریکردنــی چارەنــووس لــە ئێرانــی ئــازاددا بەدی‌ناکرێــت، لەبارودۆخێکــی وەهــادا پێویســتیمان بــە پێناســەی خەبــات لەســەر بنەمــای ڕزگاری نەتــەوەی کــوردو خــاکو ئازادییەکەیەتــی نــەک ئێرانــی

ئـازادو یەکپارچـە کـە هیـچ خێرێکـی بـۆ کـورد نەبـووە، تەنانـەت خـودی ڕێکخــراوی ئــەو نەتــەوە بندەســتانەش تــا ئێســتا هەنگاوێکیــان بــۆ دیتنــەوەی هێزێـک کـە بـڕوای تـەواوی بـە مافـی گەلانـی بندەسـت هەبــێ بــەرەو پێــش نەبــردووە.

دوای ئــەو مێــژووە خوێناوییــە ئیــتر کاتــی ئــەوە هاتــووە کــە یەکپارچـە خوازانـی خاکـی ئێـران پێشـنیاری فیدرڵـی و هتـد، بـە نەتـەوە بـن دەسـتەکان بـدەن بـۆ ئـەوەی جیاخـواز نەبـن، نـەک ڕێکخراوەکانـی نەتــەوە بــن دەســتەکان داوای فیدراڵــی بکــەن بــۆ ئــەوەی بســەلمێنن کـە جیاخـواز نیـن، چونکـە بـە درێـژای سـەدەی ڕابـردوو کـورد کـە بــە شــێوازی جیــاواز خەریکــی ســەلماندنی جیاخــواز نەبووونــی بــووە نــەک گوێــی لــێ نەگیــراوە بەڵکــوو ســەرکوت کــراوە، ژنۆســاید کــراوە، شــەهید کــراوە زینــدان کــراوەو ڕێبەرانــی تیــرۆر کــراوە.

## سەرچاوەکانی بەشی سێیەم

1. http://fa.rezapahlavi.org/2018/1994

2. https://www.facebook.com/IranThirdFrontier/

3. https://isdparty.com/?p=10

4. http://www.iran-federal.org/%da%a9%d9%86%da%af%d8%b1
%d9%87-%d9%85%d9%84%db%8c%d8%aa%d9%87%d8%a7%d9%89-
%d8%a7%db%8c%d8%b1%d8%a7%d9%86-
%d9%81%d8%af%d8%b1%d8%a7%d9%84/

# بەشی چوارەم

## چاوخشاندنێک بەسەر گۆڕانکارییە ئابووریو
## کۆمەڵایەتیو کەلتووریەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

**١. لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە گرنگەکان**

خوێندنـەوەی مێـژوو و پێشـبینی داهاتـوو، تەنیـا فاکتـەری دانانـی بەرنامـەی پێویسـت بـۆ داهاتـووی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـی نیـن، بەڵکـوو فاکتەرگەلـی دیکـە وەک گۆڕانکارییـە ئابـووریو کۆمەڵایەتـیو کەلتوورییەکانـی نێوخـۆی ڕۆژهەڵاتیـش دەبـێ ڕەچاوبکرێـت؛ چونکـە ناکـرێ لـە سیاسـەتدا ئـەو گۆڕانکارییانـە کـە بـە هۆکارگەلـی جیـاواز هاتوونەتـە ئـاراوە لەبەرچـاو نەگیرێـن، واتـە ناتوانیـن پەیـڕەوی لـە سـەنتێزیک بکەیـن کـە بـۆ دۆخـی چەنـد دەیـە پێـش ئێسـتا نـوسراوە یـان ئامادەکـراوە.

بەچاوخشـاندنێکی کـورت، دەتوانیـن بڵێـن ئـەو گۆڕانکارییانـەی لەسـەر دۆخـی ئابـووری، کۆمەڵایەتـیو کەلتـووری ژیانـی خەڵکـی ڕۆژهـەڵات ڕوویانـداوە، کاریگـەری ڕاسـتەخۆیان لەسـەر بزووتنـەوەکان هەبـووەو بەرچاوترینیشـیان ئـەو گۆڕانکارییـە زۆرەیـە کـە لـە ئابـووری کوردسـتان ڕوویـداوە. دیـارە وەدەسـتهێنانی ئامـارو زانیـاری پێویسـت سـەبارەت بـە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات کارێکـی ئاسـان نیـە، بگـرە بـەو هۆیانـەی کـە لەخـوارەوە ئامـاژەی پیدەکرێـت، زۆریـش ئەسـتەمە؛ نەبوونـی ئامـاری فەرمـی حکومەتـی ناوەنـدی، دابەشـکردنی کوردسـتان بەسـەر چەنـد یەکـەی ئیـداری، هەروەهـا گومـان لـەو زانیارییانـەی کـە لەلایـەن ڕێژیمـەوە بـڵاو دەکرێنـەوە؛ کـە سـەرجەمیان کاریگـەری لەسـەر بارودۆخـی ئەسـتەمی ئابـووری دەکات. بـەڵام مەبەسـتی مـن لێـرەدا، ئاماژەپێدانـە بەهەندێـک ئامارگەلـی گشـتی کـە نیشـاندەدات گۆڕانکارییەکـی زۆر لەبـواری ئابـووریو کۆمەڵایەتـی کوردسـتان هاتۆتـە ئـاراوە. ئـەوەی بـەلای ئێمـەوە گرنگـە، کەڵکوەرگرتـنو بەرجەستەکردنی

ئـەو گۆڕانکارییانەیـە، بـۆ ئـەوەی ببێتـە بەشـێکی هـەر بەرنامەیەکـی سیاسـی بـۆ داهاتـووی کوردسـتان.

## ٢. هەڵکەوتەی کوردستان و ئامارە ئابوورییەکان

بـەر لەهەمـوو شـتێک، جێـگای ئاماژەیـە، کوردسـتان بـەراورد لەگـەڵ زۆر وڵاتـی دونیـا بەهـۆی هەڵکەوتـی جوغرافیایـیو هەبوونـی سـامانی سروشـتیو خاکـی بەپیـتو ئـاوی زۆرو هێـزی مرۆیـی کارامـە؛ چـاوی تەماحـی زۆرکـەسو لایەنـی لەسـەرە، ئەمـەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی کـە ڕۆژهەڵاتیناویـن ببێتـە ناوچەیەکـی ئاڵـۆزو پڕلەناکۆکـیو سـەرهەڵدانی جۆراوجـۆر. بۆیـە ئەگـەر بەسیاسـەتی داگیـرکاری لەلایـەن ڕێژیمـە داگیرکەرەکانـەوە بەڕێوەنەبردرێـت، دەتوانـێ ببـێ بەیەکێـک لـە وڵاتـە ئـارامو هـەرە پێشـکەوتووەکانی ناوچـە.

ئـەو ئامارانـەی کـە لـەو بەشـەدا دەخرێنـە بەرچـاوی خوێنـەر، لەکـۆی ئامـاری پێنـج پارێـزگای ورمـێ، سـنە، کرماشـان، ئیـلامو لورسـتان کۆکراوەتـەوەو ئامانجـی ئێمـە لـە دەستنیشـانکردنی ئـەو پێنـج پارێزگایـە، ئاماژەیـە بـۆ ڕووبـەری خاکـی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات. بێگومـان ئاگاداریـن کـە دانیشـتووانی ئـەو پینـج پارێزگایـە بەگشـتی هەمـووی کـورد نیـن، هـەروەک لەشـارەکانی پارێزگاکانـی دیکـەی ئێرانیـش کـورد هەیـە؛ بـەڵام ئاماژەکـردن بـەو پێنـج پارێزگایـە لەژێـر نـاوی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات، ئەگـەر زانیـاری وردیـش بـۆ دانانـی بەرنامـەو پـلان بـۆ بەڕێوەبردنـی کوردسـتان نەبەخشـێت، ئـەوا دەتوانـێ وێنەیەکـی گشـتی بـۆ داهاتـووی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـی ئـازاد بداتـە دەسـت. بـۆ ئـەم بەشـە لـە ئامـاری سـاڵانەی «سـازمان برنامـە بودجـە»

لەسەر پارێزگاکانی ئێران، کەڵک وەرگیراوە.

کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەوێتە باکوورو ڕۆژئاوای ئێران، لە باکوورەوە لەگەڵ وڵاتی ئەرمەنستانو کوردستانی باکوور، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ کوردستانی باشوورو وڵاتی عێراق، لەباشوورەوە لەگەڵ پارێزگای خوزستان یا ئەهوازو لەڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ وڵاتی ئێران دراوسێیە. ڕووبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیکی ١٤٢٩٨٣ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە کە دەکاتە یەکلەسەر یازدەی ڕووبەری خاکی ئێران. ئەگەر وەک وڵاتیکی سەربەخۆ سەیریبکەین بە ٩٦مین وڵاتی دونیا لەڕووی ڕووبەرەوە هەژماردەکرێت. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ٦٢ شارستان و ١٥٣ شارو ١٥٩ «بخش» و ٤٢١ «دهستان» و ١١١٤٢ گوند هەیە.

**خشتەی(١)**: ڕێژەی دانیشتووانی کوردستان بەگوێرەی ئاماری ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی

| ناوی پارێزگا | ڕێژەی دانیشتووان | شارنشین | لادێنشین | ڕێژەی تەمەنی نێوان ٢٠-٣٩ |
|---|---|---|---|---|
| لورستان | ١٨١٦٠٠٠ | ٪٦١.٨ | ٪٣٨.٢ | ٪٣٩.٩ |
| کرماشان | ١٩٧٧٠٠٠ | ٪٧١.١ | ٪٢٨.٩ | ٪٣٩.٥ |
| ئیلام | ٥٨١٠٠٠ | ٪٦٥.٦ | ٪٣٤.٤ | ٪٤١.٨ |
| ورمێ | ٣٢٤٢٠٠٠ | ٪٦٣.٨ | ٪٣٦.٢ | ٪٣٧.٧ |
| سنە | ١٥٣٥٠٠٠ | ٪٦٨.٦ | ٪٣١.٤ | ٪٣٨.٩٥ |
| کۆی گشتی | ٩١٥١٠٠٠ | | | |

ئەوەی لەئاماری سەرەوەدا بەرچاوە، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕێژەی شارنشینی بەراورد بەچەند دەیە پێش گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە. هەروەها بەرزبوونی ڕێژەی تەمەنی دانیشتووانی

نێـوان ٢٠-٣٩ســاڵ کـە دەتوانیــن بەگەنــج و نێوانســاڵ هەژماربکەیــن، جێــگای ســەرنجە؛ بەرزبوونــی ڕێــژەی گەنــج یــا گەنجبوونــی کۆمەڵــگاکان گرنگــی هەیــە، چونکــە ئــەو توێــژە وەک دینامیزمــی جووڵــەی کۆمەڵــگا لــەزۆر ڕووەوە هەژماردەکرێــن.

لــەڕووی پیشەســازییەوە، بەهــۆی هەمــوو ناعەداڵەتییــەکانو تێڕوانینــی داگیرکارانــەو ئەمنییەتــی بــۆ کوردســتان بەناوچــەی بێبــەشو دواکەتــوو هەژماردەکرێــت، وەک چــۆن لەنێــوان ســاڵەکانی ١٣٩٣ بــۆ ١٣٩٤، تەنیـا ٨١٤ کارگـە لـە کوردسـتان هەیـە کـە دەگاتـە ٥٪ی هەمـوو کارگاکانــی ئێــران.

**خشــتەی (٢):** ژمــارەی کارگــەو ناوچــەی پیشەســازی لــە ســاڵەکانی ١٣٩٣ و ١٣٩٤ هەتــاوی

| ناوی پارێزگا | ژمارەی ئەو کارگانەی کە لەسەرەوەی ١٠ کەس یا زۆرتر تێیدا کاردەکەن (١٣٩٣) | ژمارەی ناوچەی پیشەسازی (١٣٩٤) |
|---|---|---|
| لورستان | ١٤٩ | ٢٠ |
| کرماشان | ٢٠٦ | ٢١ |
| ئیلام | ٣٠ | ١٤ |
| ورمێ | ٣٠٥ | ٣٤ |
| سنە | ١٢٤ | ٢٨ |
| کۆی گشتی | ٨١٤ | ١١٧ |

ژمــارەی ئــەو کانــگا سروشــتییانەی کــە لــە کوردســتان هەیــە بەهــۆی بارودۆخــی تایبەتــیو دەوڵەمەندبوونــی کوردســتان بــەو ســامانە سروشــتییە جێــگای تێڕامانــە کــە دەکاتــە ١٣.١٪ی هەمــوو ئــەو کانگایەنــەی کــە لەئێرانــدا هەیــە.

**خشـــتەی(٣)**: ژمــارەی کانگاکانــی کوردســـتانی ڕۆژهــەڵات لەســاڵی ١٣٩٣ هەتــاوی

| ناوی پارێزگا | ژمارەی ئەو کانگایانەی کە لە ساڵی ١٣٩٣ هەتاوی کاری تێدا دەکرێت |
| --- | --- |
| لورستان | ٨٩ |
| کرماشان | ٩٠ |
| ئیلام | ٣٢ |
| ورمێ | ٣٢٨ |
| سنە | ١٦٣ |
| کۆی گشتی | ٧٠٢ |

«بووونــی ســەرچاوە نەوتییــەکان لــە کوردســتانی ڕۆژهەڵات(ئێــران)، هەڵکەوتـــوو لـــە نەفت‌شـــای کرماشـــانو پەرەســـەندنی ســـەرچاوە سرووشــتییەکان بەتایبــەت زەوییــە لەبــارەکان بــۆ وەرزێری(کشــاوەرزی) و ئاژەڵــداری، تایبەتمەندییــە گرنگەکانــی دیکــەی پێکهاتــەی ئابــووری کوردســـتانن.»[١]

پیشـــەی جووتیـــاریو ئاژەڵـــداری یەکێکـــی دیکـــە لـــەو بابەتانەیـــە کــە دەتوانــێ وەک جەمســەرێکی ئابــووری لەکوردســتان ســەیربکرێت، هەڵکەوتــەی جوغرافــیو ئاووهــەوای لەبــار بــۆ وەرزێــڕی وای‌کــردوە ئەوبەشــە یەکێــک لەبەشــە گرنگەکانــی داهاتــووی ئابــووری کوردســتان بێــت، هەروەهــا دەتوانــێ بەشــێکی گرنگــی هەناردەکــردن بــۆ دەرەوە لەخۆبگرێــت.

لەخشــتەی خــوارەوەدا، ڕێــژەی بەرهەمهێنانــی وەرزێــریو باغــداری لــە کوردســتانی ڕۆژهــەڵات بــۆ پێدانــی تابلۆیەکــی گشــتی لەجووتیــاری کوردســـتان دەخەینـــەڕوو. هەرچەنـــد ئـــەو ســـکتۆرە بـــەرەوڕووی زۆر گرفتــە لەئێســـتادا، بـــەڵام بەدانانـــی پـــلانو بەرنامـــەو گرتنەبـــەری

ڕێـکاری پێویسـت بـۆ مودێرنیزەکردنـی، ئـەو ڕێژانـە زۆر لـەوەی هەیـە زیاتردەبێـت. هەروەهـا لـەزۆر بەرهەمـدا پارێزگاکانـی کوردسـتان پلـەی یەکەمیـان لەئاسـتی ئێرانـدا هەیـە.

**خشـــتەی(٤)**: ڕێـــژەی گشـــتی بەرهەمهێنانـــی دانەوێلـــەو باغـــداری بەتـــۆن لـــە کوردســـتان بەگوێـــرەی ئامارەکانـــی ســـاڵی ١٣٩٥ هەتـــاوی

| ناوی پارێزگا | بەرهەمی دانەوێڵە | بەرهەمی باغداری |
|---|---|---|
| لورستان | ٢١٤٧٥٣٣ | ٢٥٤٠١٠ |
| کرماشان | ٣١٥٧٠٩١ | ٢١١٢٠١.٦ |
| ئیلام | ٧١٩١٠٤ | ١٨٩١٣.١ |
| ورمێ | ٤٥٧٠٥٨٧ | ١٣٣٣٧١٢.١ |
| سنە | ١٥٩٢٤٩٩ | ٣١٨١٠٨.٧ |
| کۆی گشتی | ١٢١٨٦٨١٤ | ٢١٣٥٩٤٥.٥ |

**خشـــتەی(٥)**: ڕێـــژەی بەرهەمهێنانـــی مـــادە پرۆتینییـــەکان بەهەزارتـــۆن لەســـاڵی ١٣٩٢ هەتـــاوی

| ناوی پارێزگا | گۆشتی سور | شیر | گۆشتی مریشک | هێلکە | هەنگوین |
|---|---|---|---|---|---|
| لورستان | ٣١.٤٦ | ٢٢٥.٥ | ٥٥.٦٤٧ | ٥.٤٥ | ١.٢٧٤ |
| کرماشان | ٢٣.٤٩ | ٢٠٣ | ٤١.٢٩٤ | ٨.٥٨٢ | ٢.٠٥٢ |
| ئیلام | ١١.١٧ | ٤٣.٨ | ٣٣.٩٦ | ١.٠٥٢ | ٠.٤٧٢ |
| ورمێ | ٤٣.٥٨ | ٣٣٨.٩ | ٧١.٢١٦ | ١١.٦٦١ | ١٨.٤٥٤ |
| سنە | ٢١.٠٥ | ١٠٨.٨ | ٤٠.٦١٨ | ٤.٥٨٧ | ١.٠٠٨ |
| کۆی گشتی | ١٣٠.٧٥ | ٩١٩.٧٨ | ٢٤٢.٧٣٥ | ٣١.٣٣٣ | ٢٣،٢٦ |

بـــواری گەشـــتوگوزار کـــە بـــە یەکێـــک لـــە شـــارەگەکانی ئابـــووری وڵاتانـــی پێشـــکەوتوو هەژماردەکرێـــت، لـــە کوردســـتانی ڕۆژهـــەڵات بەهـــۆی

سیاســەتی داگیرکارانــە ئاورێکــی جیــددی لێنەدراوەتــەوە، ســەرەڕای هەبوونـی سـەدان ناوچـەی گەشـتیاری سروشـتیو شـوێنەواری کۆنـی چەنـد شارسـتانییەتی جیـاوازو چەندهـەزار سـاڵە. بـە هەبوونـی حکوومەتێکـی خۆجێـی بـۆ کوردسـتان، گەشـەی ئـەو بـوارە دەتوانـێ سـاڵانە گەشـتیارێکی زۆر بەتایبەتــی لــە وڵاتــە عەرەبیــەکان ڕابکشــێت، ئــەوەش کاریگــەری لەســەر ئابــووریو بەرەوپێشــچوونی کوردســتان دادەنێــت.

لەلایەکــی دیکــەوە کوردســتان بەهــۆی هەبوونــی زنجیرەچیــای بەرزوگرنگــی وەک زاگــرۆس، وێــڕای بوونــی ژینگەیەکــی سروشــتی دەگمــەن، لــەڕووی دارســتانو ســەرچاوەکانی ئــاو بەســامانێک بــۆ هەمــوو ئێــرانو عێــراق هەژماردەکرێــت.

بەگوێــرەی بۆچوونــی زۆرێــک لەزانایــان، گۆڕانکارییەکانــی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســتو بایەخــی ئــاو لەســاڵانی داهاتــوودا، گرنگــی بــە کوردســتان دەبەخشــێت چ لەئێســتاو چ لەداهاتــوودا، بــەڕادەی گرنگـی نـەوت لەڕابـردوودا وەک چـۆن زلهێـزەکان هەسـتیان پێکـردو گرنگییەکــی تایبەتیــان پــێدا. لەحاڵەتێکــی وەهــادا کوردســتان وەک ســەرچاوەی ژیــان _ئــاو_ ســەیر دەکرێــت، هەربۆیــەش هەوڵــدان بــۆ رزگاری کوردســتان لەدەســتی داگیرکــەر بەڕەمــزی ژیانێکــی خــۆشو پێشــکەوتووانەی جیلەکانــی داهاتــووی کــورد هەژماردەکرێــت.

یەکێــک لەپێــوەرە ســەرەکییەکانی هەڵســەنگاندنی ئابــووری لەوڵاتـان، پێـوەری بەرهەمهێنانـی ناخالسـی نێوخۆیـە(GDP). بەگوێـرەی ئامــارەکان رێــژەی (GDP) لــە پارێزگاکانــی کوردســتانی ڕۆژهەڵــەت ٥٩٥٤٩٧ ملیــارد ریاڵــە کــە دەکاتــە ٥.٩٢ ٪ ی بەرهەمــی ناخالســی نێوخــۆی ئێــران بــە نەوتیشــەوە.

**خشتەی(٦)**: ڕێژەی بەرهەمی ناخالسی نێوخۆیی بۆ ساڵی ١٣٩٢ هەتاوی

| ناوی پارێزگا | بەرهەمی ناخالسی نێوخۆی بەملیاردڕیال بەنرخی بازار بۆ ساڵی ١٣٩٢ هەتاوی |
|---|---|
| لورستان | ١٢٩٦٤ |
| کرماشان | ١٧٠٥٣٩ |
| ئیلام | ٨٠٨٢٣ |
| ورمێ | ٢٢٦٢٤٤ |
| سنە | ١٠٤٩٢٧ |
| کۆی گشتی | ٥٩٥٤٩٧ |

بەگوێرەی زۆربەی پێوەرەکان، گۆڕانکارییەکی زۆر لەئاستی ئابووری خەڵکی کوردستان لەماوەی چەنددەیەی ڕابردوو ڕوویداوە، لەکاتێکدا بەشێکی بەرچاوی ئابووری خەڵک لەدەیەکانی ڕابردوودا بە ئاژەڵداریو وەرزێڕی بەسترابۆوە کە بەشێوەیەکی دواکەتووانە بەڕێوەدەبرا. لەئێستادا وێڕای پێشکەوتنی ئەو بوارە کە بەرهەمێکی بەرچاوی هەیە، گەلیک کەرتی دیکەشی پێوە زیادبووە کە شوێندانەری لەسەر ئابووری کوردستان دادەنێت. لەهەمووی بەنرختر هێزی مرۆیی لەڕادەبەدەری کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە دەتوانرێ لەگەڵ سروشتو پۆتانسییێلی کوردستان وەک فاکتەرگەلی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی وڵات هەژمار بکرێن. ئەو فاکتەرانە کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو وەک دەرفەتێکی گەورە هەژماردەکرێن، بەهۆی سیاسەتی داگیرکارانەو تێڕوانینی حکوومەتی ناوەندی بۆ کوردستان وەک مەترسییەک بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی، نەک کەڵکی لێوەرنەگیراوە، بەڵکوو زۆرجاریش تاڵانو وێران کراوە.

«عەباس ئەحمەدی» لە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر گۆڕانکارییەکانی کوردستان، دەڵێت: «زەقترین بەشی گۆڕانکارییەکان لەڕەهەندی پەروەردەو ئاستی خوێندەواریدا خۆی بەرجەستەدەکات، بەچەشنێك کە لەسەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا (٨٠٪) ی دانیشتوانی کوردستان نەخوێندەواربوون، ئەم ڕێژەیە لەناو ژناندا زۆر زیاتر بوو بەچەشنێك کە (٩٠٪) ژنانی شارنشینو تەواو ژنانی گوندنشین نەخوێندەوار بوون (قاسملوو،١٩٩٦، ل ٣٨-٣٩)، ئەمە لەحاڵێك دایە کە ئەم ڕێژەیە بەگوێرەی دوایین ئامار دابەزیوە بۆ (١٣,٦٥٪)، کە ئەم ڕێژەیە لەنێو شارەکان و بەتایبەت لەنێو توێژی گەنجان زۆر زۆر کەمترە.»[٢]

هەروەها خشتەی خوارەوە نیشاندەدات کە لەو پێنج پارێزگایەی کوردستان، ٦٢٦٢٣٦ خوێندکار لە زانکۆکانو ناوەندەکانی خوێندنی باڵا لە ساڵانی ١٣٩٤- ١٣٩٥ هەتاوی دەخوێنن. ئەو ڕێژە بەرچاوە گرنگیەکی زۆری هەیەو بەنیسبەت دەیەکانی پێشوو گۆڕانکاری زۆری پێوە دیارە.

**خشتەی(٦)**: ژمارەی قوتابیانی زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بۆ ساڵی ١٣٩٤ – ١٣٩٥ هەتاوی

| ناوی پارێزگا | ژمارەی خوێندکارانی زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا |
|---|---|
| لورستان | ١٤٧٣٤٣ |
| کرماشان | ١٣٩١٠٠ |
| ئیلام | ٦٠٣٧٣ |
| ورمێ | ١٨٥٩٩٠ |
| سنە | ٩٣٤٣٠ |
| کۆی گشتی | ٦٢٦٢٣٦ |

**٣. کۆمەڵگای مەدەنی چالاک**

یەکێکی دیکە لەو گۆڕانکارییانەی کە دەبێ بەهەند وەربگیرێ، گەشەسەندنی کاری ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە کوردستانی رۆژهەڵاتە. سەرەڕای هەموو بەربەستەکان، ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لەو ریکخراوانە لەبواری جیاوازدا کاردەکەن. «لە نزیکەی ١١٠ شاری کوردستانی رۆژهەڵات، زیاتر لە ٢٢٥ ڕێکخراو هەن کە زۆربەیان ژینگەپارێزین، ئەوە لەکاتێک دایە کە ٥ ساڵ لەمەوپێش تەنیا گوێمان لەناوی «ئەنجوومەنی سەوزی چیای مەریوان» دەبوو، کۆی ئەو ٢٢٥ ڕێکخراوە لە ٥ ساڵی رابردوودا دامەزراون.»[٣]

بەشێکی بەرچاوی ئەو ڕێکخراوانە، ئەنجوومەنە ئەدەبی و هونەرییەکانن کە ڕۆڵێکی باشیان لەناساندنی ئەدەبو فێرکردنو نووسینی زمانی کوردیو هەروەها هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بەنیسبەت شوناسو ناسنامەی نەتەوەیی هەیە. نابێ لەبیرمان بچێت کە بەجیهانیبوونی ئینتێرنێتو خێڕایی بڵاوکردنەوە، توانیویەتی رۆڵێکی زۆرباش لەپاراستنی زمانو کەلتوورو هونەری کوردی ببینێت. هەروەها ببێت بە پرس و خەمی چالاکوانانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیش. ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر بەرزبوونەوەی هەستی ناسیۆنالیستی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە.

بێگومان ڕۆڵی ئێنتێرنێتو دونیای مەجازی، بۆتە مەترسییەکی گەورە بۆ کۆماری ئیسلامی. چونکە هێزی گەلو دژبەرانی ئەم ڕێژیمە لەو ڕێگایەوە توانیویانە پیلانو سیاسەتە دژەگەلییەکانی ڕێژیمی ئاخوندی لقاووبەرپەرچ بدەنەوە، وەک چۆن بینیمان

لەکاتــی خۆپێشــاندانەکانی مانگــی خەزەڵــوەری ســاڵی ١٣٩٨ی هەتــاوی، بۆمــاوەی چەندیــن ڕۆژ، هێڵــی ئینتێرنێــت لەســەر کۆمەڵانــی خەڵکــی ئێرانــی داخــرا. بەهەمــان ئەنــدازەش، بەهــۆی هێــزی گــەورەی کۆمــاری ئیســلامی، ئینتێرنێــت دەتوانــێ وەک مەترســییەک خــۆی بنوێنــێ؛ بــەڵام هۆشــیاری شــۆڕش لــە بەکارهێنــانو وەڵامدانــەوەی پیلانــەکان دەتوانــێ لەدەرفەتــەکان زیاتــر کەڵکوەربگــرێ تــا ببێتــە مەترســی بــۆی.

## ٤. دێموگرافی کەلتووری و پەروەردەیی

«عەبــاس ئەحمــەدی» لــە دووتۆیــی وتارێکــی گۆڤــاری تیشــک بەپێوەرگرتنــی ســێ گۆڕانــکاری (دێموگرافــی، کەلتــووری، پەروەردەیــی) بــەو ئاکامــە گەیشــتووە کــە؛ « بونیــادی کۆمەڵایەتــی(social structure) کوردســتانی خۆرهــەڵات گۆڕانــکاری بەســەردا هاتــووە».[٤]

نووســەری ئــەو لێکۆڵینەوەیــە، کارتێکــەری گۆرانکارییــەکان لەســەر ڕۆڵــی شــارو بزووتنــەوە نوێیــەکان بەگرنــگ دەزانــێو لــەو بــاوەڕە دایــە؛ «لەمــاوەی چەندســاڵی ڕابــردوودا ئــەم تایبەتمەندییانــە لــەڕووداوە جۆراوجۆرەکانــی تایبــەت بــە کوردســتانی خۆرهــەڵات ڕەنگدانــەوەی بەرچــاوی هەبــووە، بۆنموونــە لــە خۆپێشــاندانەکانی (١٣٨٤) لەســەر کوشــتنی لاوێکــی مەهابــادی، مانگرتنەکانــی تایبــەت بــە ٢٢ی پووشــپەڕ، گیانلەدەســتدانی ژینگــە پارێزێــك مەریوانــی(١٣٩٧) و... بەرجەســتە بــووە، بەچەشــنێك لــە ماوەیەکــی کورتــدا ئــەم ڕووداوانــە چەندیــن شــا و ناوچــەی جۆراوجۆریــان تەنیوەتــەوەو خۆپێشــاندان، مانگرتــن و کۆڕوکۆبوونــەوەی جۆراوجۆریــان بــۆ کــراوە.»[٥]

لێکۆڵینەوەیەکــی دیکــە لەلایــەن ئەنســتیتۆی «ئاڵفرێــد داوکیــن»ی

زانکــۆی داوکینـــی ئۆســـترالیایی، توانیویەتـــی ئاکامـــی بـــاش لەســـەر هەســتی نەتەوەیــی کــورد لەئێرانــدا بــەراورد بــە ناســنامەی ئێرانــیو کوردبــوون بخاتــەڕوو، بەگوێــرەی ئــەو لێکۆڵینەوەیــە، «زیاتــر لــە دوولەسەرسـێی کــوردەکان لــە وەڵامــی پرســیاری ئایــا شۆناســی ئێرانــی بــوون بــۆ ئێــوە گرنگــە یــا نــە، دەڵێــن بــە هیــچ شــێوەیەک گرنــگ نیــە یــان گرنــگ نیــە»[٦].

هــەر بەگویــرەی ئــەو لیکۆڵینەوەیــە، ٥٩.٥٪ کــوردەکان پێیــان وایــە ناســنامەی کــوردی مەترســی لەســەر ئاسایشــی نەتــەوەی ئێرانــدا هەیــە.

ئــەو لێکۆڵینەوانــە ئەگــەر لەدۆخێکــی ئاســاییدا ئەنجامبدرێــن، بێگومــان نیشــاندەدات کــە هەســتی نەتەوەیــی زۆر لــەوەش لەســەرترە. ســەرەڕای هەمــوو ئــەو شــەڕەنەرمەی کــە کۆمــاری ئیســلامی بــەدژی کــورد بەڕێــوەی دەبــاتو تێچوونییەکــی یەکجــار زۆری بــۆ ئێــران هەیــە، ئەمــڕۆ دەنگــی نەتەوەخــوازی زیاتــر لەهەمــوو کاتێــک لــە کوردســتانی ڕۆژهــەڵات دەبیســترێت.

«ئۆفــرا بنگیــۆ» (ofra bengio)، توێــژەری پایەبــەرزو سەرۆکبەشــی توێژینــەوە کوردییــەکان لەناوەنــدی مۆشــەدایان بــۆ ڕۆژهەڵاتــی ناڤیــنو ئەفریقــا لەلێلکۆڵینەوەیــەکدا لەســەر کــورد دەڵێــت: «لــە ســەدەی بیســتویەکدا، جیهانــی کــوردی هەندێــک گۆڕانــکاری پاڕادیمــی لەخــۆ گرتــووە، گرنگترینیشــیان بووژانــەوەی نەتەوەیــیو وەگەڕخســتنەوەی ناســنامەیە.

فاکتەرگەلــی جۆراوجــۆر دەوری لــەم ڕینسانســەدا هەبــووە؛ لاوازبوونــی ئــەو دەوڵــەتو حکوومەتانــەی کــە کوردەکانیــان ســەرکوتکرد، دەوری پڕبایەخــی میدیــای نــوێ کــە بووژانــەوەی زمانــی

کـوردی مەیسـەرکردو ئاسـانکاری بـۆ پەیوەندەییـە ئەودیو-سـنورییەکانی نێـوان کوردانـی چوارپارچـە کـرد، ڕۆڵـی دیاسـپۆرا وەک سـەرچاوەی وزەی داڕشـتنی ناسـنامەی کـوردی بەڕەچاوکردنـی ئـازادی ڕادەربڕینێـک کـە لەڕۆژئـاوا لێـی بەهرەمەنـدن‌و گەشـەی سیسـتەم‌گەلی پـەروەردە کـە سـەرەڕای سـنوردارکردنە چڕەکانیـان، دەسـت پێڕاگەیشـتنی بـە کەلتـوور، مێـژووو کەلەپـووری کـوردی مەیسـەر کـرد.»[٧]

دەتوانیـن دەیـان نموونـەی وەک بەهاناچوونـی لێقەوماوانـی بۆمەلـەرزەی کرماشـان نێـو بەریـن کـە نیشـاندەدات هەسـتی نەتەوەیـی لەڕۆژهـەڵات لەئاسـتێکی بەرزدایـە. بەشـێکی دیکـەی ئـەو هەسـتە لەنێـوان نوخبـەی ڕۆژهـەڵات لـە نێوخـۆ و دەرەوەیـە کـە بەگرنگـی‌دان بەباسـی نەتەوەیـی، چاپ‌کردنـی دەیـان وتـارو کتێـب و تەنانـەت ڕەخنەیـان لـە حیزبـەکان کـە داخـوازی کوردیـان کەمـتر کـردووە، دەتوانیـن وەک بەڵگەیەکـی دیکـەی گۆڕانـکاری لەکۆمەڵـگای کوردسـتان چـاو لێبکـرێ. بۆیـە دۆخـی ئێسـتا لەهـەر بارەیەکـەوە جیـاوازی زۆری لەگـەڵ چەنددەیـە پێـش هەیـە. هەربۆیـەش یەکێـک لـە پێداویسـتییەکانی ئەمـڕۆ بـۆ بەردەوامـی خەبـات، گۆڕانـکاری لـە گوتـارو داخـوازی‌و ویسـتی کـوردە، بـۆ ئـەوەی بتوانـێ لـەو گۆڕانکارییانـەی کـە هاتوونەتـە ئـارا کەڵـک وەرگـرێ تاکـوو خەبـات و شـۆڕش بـەرەو ڕزگاری کۆتایـی ئاراسـتە بـکات.

**سەرچاوەکانی بەشی چوارەم**

١. بزاڤی نەتەوەیی کورد لەروانگەی سیاسیەوە، بێهزاد خۆشحالی، وەرگێڕان ئەفراسیاب گرامی، ( وتاری گرنگی ژیۆپۆلتیکو ژیۆئیستراتژیکی کوردستان، دکتۆر ئەسعەد رشیدی)
٢. گۆڤاری تیشک، ژمارە ٤٨، وتاری بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی خەباتی شار، نووسینی عەباس ئەحمەدی.
٣. ئینترنێتو پێناسەی هێزو گوتار لەرۆژهەڵاتی کودرستان، ژیوار رەسووڵی، 2018/11/23
٤. گۆڤاری تیشک، ژمارە ٤٨، وتاری بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی خەباتی شار، نووسینی عەباس ئەحمەدی.
٥. گۆڤاری تیشک، ژمارە ٤٨، وتاری بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی خەباتی شار، نووسینی عەباس ئەحمەدی.
٦. The Kurds in Iran: balancing national and ethnic identity in a securitised environment Shahram Akbarzadeh, Zahid Shahab Ahmed, Costas Laoutides & William Gourlay
٧. گۆڤاری پۆلیتیا، ساڵی دووەم، ژمارەی دووەم، کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینێکی ناجێگیردا، ئەفرا بێنگۆ، وەرگێران: هەرمان سەعید.
سەرچاوەی ئامارەکان
استان در یک نگاه، استان کرمانشاه، مرکز آمار اطلاعات راهبردی ١٣٩٥.
استان در یک نگاه، استان آزربایجان غربی، مرکز آمار اطلاعات راهبردی ١٣٩٥.
استان در یک نگاه، استان ایلام، مرکز آمار اطلاعات راهبردی ١٣٩٥.
استان در یک نگاه، استان لرستان، مرکز آمار اطلاعات راهبردی ١٣٩٥.
استان در یک نگاه، استان کردستان، مرکز آمار اطلاعات راهبردی ١٣٩٥.
بررسي روند تولیدفرآوردەهای پروتئینی کشور طی ٤ دهە سال ١٣٥٣ لغایت ١٣٩٢ بهمن‌ماه سال ١٣٩٣.

آمارنامه کشاورز سال ١٣٩٦ محصولات باغی.
آمارنامه کشاورز سال ١٣٩٦ محصولات زراعی.

# بەشی پێنجەم

## گۆڕانکاری لە فاکتەرە کاریگەرەکانی ژێئۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین[1]

«سیاسەتی هەر وڵاتێک لە جوغرافیاکەی دایە»
ناپلیۆن بۆناپارت

**١. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بایەخەکانی**

لەکاتێکدا بەدوای هۆکاری ڕووداوەکانی ئەمڕۆی کوردو چەوسانەوەکەی دەگەڕێیو لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەیەوە، کاریگەری زۆری فاکتەرێکی سەرووی گرفتە ناوخۆییەکان بۆ من سەرنج ڕاکێشە.

پێموایە ئەو بابەتە کەمتر لەنێو کورددا خراوەتە بەرباسو لێکۆڵینەوە، ئەویش ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەیە. واتە کاریگەری جوغرافییەکەمان لە نەهامەتییەکەمان جوێ نییە، چونکە بەڕوونی دیارە بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی دونیا لەو ناوچەیە خاوەن بەرژەوەندییەنو وڵاتانی ناوچەش هەر بەوشێوەیە لەهەوڵی پەرەپێدانی هەژمونی خۆیان دان. لەگۆڕەپانێکی وەها پڕ لەئەکتەردا خوێندنەوەی ئەوەی چی ڕوودەدات، سەرەتای کارکردنە بۆئەوەی ببێت بەبەشێک لەهاوکێشەکانو دواتریش هەوڵی ئەوە بدرێ لەو هاوکێشانەدا بەقازانجی خزمەتکردن بەنەتەوەکەت کەڵک وەرگری. لەو بەشەدا هەوڵی شیکردنەوەی ئەم پرسە دەدەین کە کام لەو گۆڕانکارییانە لەئاستی ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەکەدا ڕوودەدەن تاکوو خوێندنەوەو روانینی زانستی بۆ جوغرافییەکەمان بکەین بەمەبەستی گۆڕینی مەترسی بۆ قۆستنەوەی دەرفەتەکان، هەروەها گۆڕینی ئەو گوتارەی کە بەهۆی باری ژێئۆپۆلیتیکی لەچەند سەدەی ڕابردوودا دروستببوو و تا چەنددەیە پێش ئێستا

بەردەوامــی هەبــوو؛ خوێندنــەوەی ئــەو گۆڕانکارییانــەش کاتێــک زیاتــر بەپێویســت دەزانــرێ کــە کــورد بــیو خاوەنــی مێژوویەکــی درێــژی نەهامەتــی.

وشــەی رۆژهەڵاتیناڤیــن یەکەمجــار لەلایــەن «ئاڵفێــرد ماهــان»، ئەفســەری هێــزی دەریایــی ئامریــکا لەســاڵی ١٩٠٢زایینــی، بەکارهێــنرا. مەبەســتی ماهــان لــەو وشــەیە ئەوەبــوو کــە ئــەو ناوچەیــە بەنیســبەت رۆژئــاوا دەکەوێتــە نێــوان ڕۆژهەڵاتــی دوور _هێندوســتان_ و رۆژهەڵاتــی نزیــک _ناوچەکانــی ژێردەســتی دەوڵەتــی عوســمانی_. دواتــر ئــەو وشــەیە بەفراوانــی باســی لێکــراو و وەک ناوچەیەکــی گرنــگ ســەیرکرا.

هیچــکات ســنوورێکی دیاریکــراو بــۆ رۆژهەڵاتــی ناڤیــن دیارینەکــراوە، بــەڵام بەشــێوەیەکی گشــتی بــە وڵاتانــی باشــووری رۆژئــاوای ئاســیاو باکــووری ئافریقــا دەوترێــت. رۆژهەڵاتــی ناڤیــن بەپێــی گرنگــیو هەڵکەوتــەی جوغرافــی بەنێوەڕاســتی دونیــاش دادەنرێــت. کوردســتان واتــە نیشــتمانی کــوردان، دەکەوێتــە نێوەڕاســتی ڕۆژهەڵاتــی ناڤیــن کــە خاکەکــەی دابەشکــراوە بەســەر چــوار وڵاتــی گرنگــی رۆژهەڵاتــی ناڤیــن، واتــە تورکیــەو ئێــرانو ســوریەو عێراقــدا.

هەڵکەوتــەی جوغرافــی ڕۆژهەڵاتــی ناڤیــن کــە دەکەوێتــە نێــوان ســێ قــاڕەی ئاســیاو ئافریقــاو ئەورووپــا بەگوێــرەی تیۆرییەکانــی زۆربــەی بیرمەندانــی ژێئۆپۆلیتیــک جێــگای ســەرنجو تێڕامــان بــووە، تەنانــەت هەندێکجــار بەشــی ســەرەکی تیۆرییــەکان بــووە، هەربۆیــەش بــەردەوام جێــگای بایــەخ و مشــتومڕی وڵاتانــی زلهێــز بــووە.

بەگوێــرەی بۆچوونــی «مەکینــدەر»، رۆژهەڵاتــی ناڤیــن دەکەوێتــە هیلالــی نــاوەوەو بــۆ هارتڵانــد زۆر گرنگــە. بەپــێ بۆچوونــی «ماهان»یــش

بەهـــۆی هەبوونـــی کەنـــداوی فـــارس‌و زۆر گـــەرووی گرنگـــی وەک بوســـفۆرو هۆرمـــۆز، گرنگییەکـــی تایبەتـــی هەیـــە. لەتیـــۆری «ریملانـــدی ســـپایکمەن»یش، رۆژهەڵاتـــی ناڤیـــن بەهـــۆی هەبوونـــی ناوچـــەی زۆری نێـــوان وشـــکی‌و ئاویـــی، گرنگییەگـــی زۆری هەیـــە. بەگوێـــرەی سیاســـەتی نێونەتەوەیـــی ئێســـتاش، ڕۆژهەڵاتـــی ناڤیـــن ڕۆڵێکـــی گرنگـــی هەیـــە لەهەبوونـــی هێژمۆنـــی بەســـەر دونیـــادا. لەهەمان‌کاتـــدا رۆژهەڵاتـــی ناڤیـــن، وەکـــوو بێشـــکەی شارســـتانییەتەکانی مرۆڤایەتـــی، چەندیـــن ئاییـــن‌و زمـــان‌و کەلتـــووری جیـــاواز لەخـــۆ دەگـــرێ‌و لەهەمـــان کاتیشـــدا دەکـــرێ بڵێیـــن زۆرتریـــن ململانێـــی زلهێـــزەکان لـــەو ناوچەیـــە دایـــە.

### ٢. کورد، نەتەوەی بێ‌دەوڵەت

کوردســـتان‌و هەڵکەوتـــە جوغرافیاییەکـــەی لەچاخـــی کۆلۆنیالیســـتی، لەکاتـــی شـــەڕە جیهانییەکانـــدا، لەشـــەڕی ســـاردو دواتریـــش بەهـــۆی هەمـــوو هاوکێشـــەکانی ژئۆپۆلیتیکـــی‌و وزە، ســـەنتەری بایەخـــی سیاســـەتی زلهێـــزان بـــووە. هەروەهـــا ئەکتەرەکانـــی ناوچـــەش بەرنامـــەی خۆیـــان هەیـــە کـــە زۆرجـــار دژایەتـــی یەکـــتر دەکـــەن‌و لەئاســـتی نێوخۆیـــش هەمووجـــۆرە ســـەرکوتێک بـــۆ بەردەوامـــی هێژموونـــی خۆیـــان‌و بەهێزبوونیـــان بـــەڕەوا دەزانـــن.

بەگوێـــرەی ئامـــاری جیـــاواز لەســـاڵی ٢٠١٠ زایینـــی، «ڕۆژهەڵاتـــی ناڤیـــن خاوەنـــی نزیکـــەی ٥٧،٤٪ ســـەرچاوەی نەوتـــی دیـــتراوەی هەمـــوو دونیایـــە، هەروەهـــا ٤٢،٣٪ گازی دونیـــاش لـــەو ناوچەدایـــە». تەنیـــا ئـــەو تابلۆیـــە گرنگـــی ئابـــووری ڕۆژهەڵاتـــی نێوەڕاســـت بـــۆ هەمـــوو هێزێـــک نیشـــان‌دەدات، بەتایبەتـــی لەدونیـــای نـــوێ کـــە کێبڕکـــێ زۆر جیـــددی

ئابــووری، بــۆ بــوون بەدەوڵەتــی خــاوەن ئابــووری بەهێــز لەئــارا دایــە.

لــەڕووی ســتراکچێرەوە، دەوڵەتەکانــی ناوچــە خاوەنــی دەوڵەتــی لەحاڵــی پێشــکەوتنن، جیــا لــە ئیسرائیــل کــە تەنیــا دێموکڕاســی ڕاستەقینەی نێوخۆیــی هەیــە لەناوچــەدا؛ زۆربەیــان خاوەنــی سیســتەمی دیکتاتــۆری یــان دێموکڕاســییەکی زۆر لاوازن، ململانــێ ناوچەیــی ئــەو وڵاتــە دیکتاتۆرانــەو هەوڵــی زلهێــزان بــۆ هەبوونــی هەژمۆنــی، هەروەهــا بوونــی بەبــازاڕی چەکــی دونیــا، ڕۆژهەڵاتــی ناڤینــی نائــارام و پــڕ لــە ئاڵــۆزی کــردووە. واتــە بەشــێکی بەرچــاوی داهاتــی سامانی ئــەو وڵاتانــە کــە وەک دیارییەکــی سروشــت بــۆ خەڵکــی ئــەو ناوچــە هەژماردەکرێــت، لەقالبــی چەکــدا بــۆ ململانێیــە ناوچەییــەکانو شــەڕەکان دووبــارە دەدرێــت بــە ڕۆژئــاواو ڕووســیەو چیــن، ئــەوەش وەک ســەرچاوەی بەشــێک لــە بەرژەوەنــدیو کێبڕکێــی زلهێــزەکان لەناوچــە دایــە.

کــورد، وەکــوو یەکێــک لــە گەورەتریــن نەتــەوە بێدەوڵەتــەکان لــەو ناوچــە دایــە کــە بــۆ بەدەســتهێنانی مافەکانــی، دەبێــت بەجۆرێــک بــەرەوڕووی هەمــووی ئــەو هاوکێشــانە ببێتــەوە کــە دووربــوون یــا نەگەیشــتن بــە دەریــای ئــازاد دەرفەتــی پەیداکردنــی دۆســت بــۆ دابینکردنــی لۆجیســتیکی شۆڕشــی لێئەســتاندووە. هەربۆیــە خوێندنــەوەی زانســتی بــۆ ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت لــەڕووی ژئۆپۆلیتیــکو ڕۆڵــی وڵاتانــی وەکــوو ئێــران کــە یەکێــک لــە کاراکتــەرە ســەرەکییەکانی ئــەو ناوچەیەیــە، پێویســتییەکی حاشــاهەڵنەگرە، چونکــە نەبوونــی ئــەو خوێندنەوەیــە بــە فاکتەرێکــی شکســتەکان هەژماردەکرێــت.

### ٣. ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست

ئامریـــکا بەهـــۆی بوونـــی دەیـــان پایـــگای لەشـــکری گەورەوبچـــووک کـــە فرۆکەخانـــەو ناوەنـــدی ڕاهێنانـــی لەخۆگرتـــووە، هەروەهـــا حـــزووری بەشـــێکی بەرچـــاوی هێـــزی پێنجـــی دەریایـــی ئامریـــکا لەبەحریـــن‌و کەشـــتییە فڕۆکەهەڵگرەکانـــی لەناوچـــەدا، وێـــڕای کۆنترۆڵـــی گواســـتنەوەی ســـەرچاوەی وزە، کاریگەرییەکـــی زۆری لەبارودۆخـــی ناوچـــەدا هەیـــە. هـــۆکاری زۆربـــەی شـــەڕەکانی ئـــەو ناوچەیـــەش بـــۆ پاراســـتن‌و ســـەپاندنی زۆرتـــری هەژمۆنـــی بـــووە، بەتایبەتـــی لەدونیـــای دووجەمســـەری یـــان تاکجەمســـەری بەهێـــزو چەندجەمســـەری بچووکـــتر، ئامریـــکا لایەکـــی هاوکێشـــەکەیە. یەکێـــک لـــەو فاکتەرانـــەی کـــە بـــووە هـــۆی ئـــەوەی ئامریـــکا لەســـەدەی ڕابـــردوودا وەک لایەنێکـــی بەهێـــزی هاوکێشـــەکە بمێنێتـــەوە، هەبوونـــی هەژمونـــی‌و کاریگـــەری لەســـەر بەشـــێکی وڵاتانـــی ئـــەو ناوچەیەیـــە.

### ٤. سیاسەتی ئوروپا سەبارەت بە کورد

ئوروپـــا، ڕابردوویەکـــی کۆنـــی لەناوچـــەی ڕۆژهەڵاتـــی نێوەڕاســـتدا هەیـــە، تەنانـــەت بەشـــێکی بەرچـــاوی گرفتەکانـــی ئێســـتاش، بەرهەمـــی سیاســـەتە کۆلۆنیالیســـتییەکانی ئوروپایـــە کـــە زیاتـــر لەهـــەر نەتەوەیـــەک کـــورد قوربانـــی ئـــەو سیاســـەتە بـــووە. زۆربـــەی ڕێککەوتنـــەکان، دابەشـــکردنی ڕۆژهەڵاتـــی نێوەڕاســـت‌و تەنانـــەت دروســـتکردنی وڵاتـــی جۆراوجـــۆر لەپێنـــاو بەرژەوەندییەکانـــی خۆیـــاندا بـــووە. ئێســـتاش ئوروپـــا نزیکـــەی ٥٠٪ پێداویســـتییەکانی وزەیـــی خـــۆی لـــە ڕۆژهەڵاتـــی نێوەڕاســـت دابیـــن‌دەکات کـــە ئـــەو ڕێژەیـــە بـــەردەوام ڕوو لـــە هەڵکشـــانە.

ئوروپــا زۆرجــار لەگــەڵ ئەمریــکا هــاوڕاو هــاوکارە لــە گۆڕینــی هاوکێشــەکان لــە ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت، بــەڵام بەهــۆی قازانــجو بەرژەوەنــدی خــۆی، بەنهێنــی لــە ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت لەگــەڵ ئەمریــکا لەململانــێ دایــە. لایەنێکیتــری کێبڕکــێ نهێنــی ئوروپــاو ئەمریــکا لەســەر ئێــران وەکــوو بازاڕێکــی گــەورەی بــواری ئابــووریو بازرگانــیو کەڵکوەرگرتــن لــەو بــازاڕە تەنانــەت بەنرخــی چاوپۆشــیکردن لەکــردەوە تیرۆریســتییەکانی ڕێژیمــی ئێــران تــەواو بــووە. «ســەرکەوتن و شکســتخواردن لــە شــەڕدا دەبێتــە هــۆی بۆشــاییو لاوازی دەســەڵات لەهــەر دەوڵەتێــکدا، ئــەم ســێ فاکتــەرە ویســتی ئەمپریالیســتەکانە لــە ناوچەکــەدا. لــەو ڕووەوە ئوروپــا کــە خــۆی بــە دۆڕاوی کــۆن لەکێبڕکــێ لەگــەڵ ئامریــکا هەژمــاردەکات، هەمیشــە هەوڵــی کەڵکوەرگرتــن لەدەرفەتــەکان دەدات.»

بەگوێــرەی خوێندنــەوەی ســەرەوە، باشــتر دەردەکەوێــت کــە بۆچــی وڵاتــی لاواز دروســت کــراون، پێموایــە تەنانــەت دابەشکردنــی خاکــی کــوردەکان بەســەر ئــەو چەنــد وڵاتــەدا، لەڕاســتای بەرژەوەنــدی خۆیــان دابــووە، چونکــە کــورد تاگەیشــتن بــە مافەکانــی دەســت لەخەبــات هەڵناگرێــت، سیاســەتی هەڵــەی زلهێزەکانیــش تائێستاشــی لەگــەڵ بێــت پشــتگیریو پاراســتنی حکوومەتــی ناوەنــدی بــووە لەبەرامبــەر جووڵانــەوەی ڕەوای کــورد، کەواتــە هــەردوولا پێــک موحتاجــن، بەوجــۆرە ئــەو ســتراتژییە بەداخــەوە تائێــرە پارێــزراوە.

ڕووســیەی ئێســتاو یەکێتــی ســۆڤیەتی پێشــوو، بــەردەوام لەهــەوڵ دابــووە بــۆ نزیکبوونــەوەو دەستپێڕاگەیشــتن بــە ئاوەکانــی گــەرمو کەنــداو. داگیرکردنــی ئەفغانســتان و پشــتگیریی لەعێراقــی ســەردەمی

سـەدامو هەوڵـدان بـۆ باشـتر ڕاگرتنـی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئێـران، خـۆی لـەو سیاسـەتە دەبینێتـەوە. هەمـوو لایـەک بـاش دەزانیـن هەبوونـی هەژمۆنـی لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دەبێتـە هەژمۆنـی بەسـەر ناوچەیەکـی گرنـگو کاریگـەر لەهەمـوو دنیـادا، چونکـە زیاتـر لەنیـوەی سـەرچاوەی وزە لـەو ناوچـە دایـە یـا بـەو ناوچەیـەدا تێپـەڕ دەبێـت.

دونیـای سیاسـەت قازانـج و بەرژەوەندییـە، ئەگینـا بڕوانـە بنەمـا فیکـریو داخوازییـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد کـە لەگـەڵ بنەمـا فیکـریو بیرکردنەوەکانـی ڕۆژئاوایـی یەکـن. لەبـەر ئەوەیـە خـاکو سـامانی لەلایـەن دەسـەڵاتی حاکـم زەوتکـراوە، کەواتـە نـەوتو سـامانەکەی لەدەسـتی خـۆی دانیـە؛ بـەڵام کەمبایەخـی بـۆ زلهێـزەکان بەگشـتیو ئەمریـکا بەتایبەتـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی تائێسـتاش کـورد نەیتوانیـوە بەشـێوەیەکی پێویسـت فاکتـەری هێـز یـان فاکتـەری کاریگـەر بەسـەر ناوچەکـەدا بێـت، یاخـود ڕۆڵـی لەبەرهەمهێنانـی وزە هەبێـت. بـۆ ڕاسـتی ئـەو پرسـە، «جەمـال نەبـەز» نووسـەری کـورد، لـە کتێبـی «کوردسـتان شۆڕشـەکەی لەسـەر سیاسـەتی زلهێـزان» دەڵێـت: «ئـەوان نـەوتو مـاددە خاوەکانـی کوردسـتانیان دەویسـت تـا ڕەوڕەوەی پیشەسـازییان خێراتـر ببزوێـت. بۆئـەوەش ئـەوان ئێمەیـان پێویسـت نیـەو دەتوانـن ئامانجەکەیـان راسـت لەگـەڵ دەسـەڵاتە داگیرکەرەکانمـان بهێننـە دی.»

### ٥. دەوری ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـۆ دنیـا چەنـدە گرنگـە، ئێرانیـش بـەو ڕادەیـە بـۆ ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت گرنگـە. لەهـەر لایەکـەوە کـە سـەیری ئێـران دەکرێـت، لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت خاوەنـی هەڵکەوتەیەکـی گرینـگ

و هەستیارە؛ لە باکوورەوە ٦٦٠ کیلۆمەتر لەگەڵ دەریای خەزەر، لە باشوورەوە ١٣٥٩ کیلۆمەتر لەگەڵ کەنداوی فارس، ٦٩٧ کیلۆمەتریش لەگەڵ دەریای عومان سنووری هەیە، هەروەها کۆنترۆڵی هەیە بەسەر شوێنی گواستنەوەی نزیکەی ٧٠ ٪ وزەی جیهان؛ لەلایەکی دیکەوە ١٠،٣٪ هەموو نەوتی دونیا لەگەڵ ١٥.٨٪ گازی دونیا لە ئێرانە کە دەکاتە ڕیزبەندی دووهەمی دونیا؛ ئەوە تەنیا دوو لەهەزاران سامانو دەوڵەمەندیی بێوێنەی سەرچاوەی سروشتیو مرۆڤییە لەناوچەیەکی واهەستیاردا. (بەو هەموو دەوڵەمەندییەوە لەئاکامی سیاسەتی شەڕخوازانەو دەسەڵاتێکی بێدادو کردەوە تێرۆریستییەکانی، جیا لەهەژاری و ستەم، شتێکی دیکەی بۆ خەڵکەکەی بەدینەهیناوە.)

لەسەردەمی ئێستادا، خوێندنەوە بۆ ڕۆڵی ئێران لەناوچەدا، زیاتر لە هەڵکەوتەی جوغرافی دەبێ وەکوو هێزێکی شیعەو پەیوەندییەکانی لەگەڵ شیعە سەیربکرێت؛ چونکە ئەو پەیوەندییە وەکوو بنەمای دەستێوەردان بۆ ئاڵۆزکردنی ناوچەو پێکهێنانی هیلالی شیعەیە لە ناوچەکەدا، بەجۆرێک هەر وڵاتێک کە شیعەی هەبێت و لەگەڵ ئێران لەپەیوەندی دابن بەشێوەیەکی زۆر تراژیدیو دژەمرۆڤی تووشی شەڕ و نائارامی بوونە. ئێران بەهاوکاریکردنیماڵیو پێکهێنانی گرووپە شیعەکان، هەوڵی زۆری بۆ سەپاندنی هێژمۆنی خۆی لەناوچە داوە؛ وڵاتانی عێراقو لوبنانو یەمەن، نموونەیەکی زۆر بەرچاوی ئەو ستراتژییەی ئێرانن.

لەو وڵاتانەی کە حەشیمەتی شیعە کەمەو ناتوانرێ ببێتە هۆی فاکتەری هێژمۆنی ئێران، بەهاوکاری ئەو حەشیمەتە

کەمـە، هەوڵـی نائارامکردنـی وڵاتـەکان دەدات. ئـەو هەوڵـەی کۆمـاری ئیسـلامی تەنیـا لەڕێگـەی گرووپـە شـیعەکانەوە نیـە، بەڵکـوو بـۆ بـەردەوام دەسـتێوەردانو بەدەسـتهێنانی ئامانجەکانـی لەگـەڵ هـەر تـاکو گرووپێـک کـە بتوانـێ بەئاشـکراو نهێنـی پەیوەنـدی دەگـرێو کاری لەسـەر دەکات؛ تەنانـەت ڕێکخراوێکـی تێرۆریسـتی وەک ئەلقاعیـدە بـۆ ئێـران دەتوانـێ ببێتـە هاوپەیمانێکـی بـاش. لـەو سـاڵانە بەدەیـان بەڵگـە ئاشـکرابوون کـە بـاس لەپەیوەنـدی ئێـرانو ئەلقاعیـدە دەکـەن. بـەو شـێوەیە سیاسـەتی بەرگـری لەخـۆی لـەدەرەوەی سـنوورەکانی پەیـڕەو دەکات، تاڕادەیـەک لـەو بوارەشـدا سـەرکەوتوو بـووە، بـەڵام بەچەنـد هـۆکار پێدەچێـت کـە ئـەو سـەرکەوتنانە زۆر ناخایەنێـت و پێشـی پـێ دەگیـرێ.

یەکـەم؛ بەهـۆی ئـەوەی کـە ئێـران لەناوخۆیـدا زۆر لاواز بـووەو گەلانـی ئێـران بەگشـتی لەهـەر دەرفەتێـکدا دژی سیاسـەتەکانی ڕێژیـم دەوەسـتنەوە، کـە ئـەوەش وایکـردووە وێـڕای هەبوونـی کاریگـەری لـەدەرەوە بەهـۆی شـیعەو بەکارهێنانـی هێزیکـی زۆری ماڵـی، بـەڵام لەنێوخـۆی وڵاتدا تووشـی قەیرانێکـی گـەورەی کـردووە کـە بۆتـە هـۆی لاوازبوونـی.

هەڵوەشـانەوەی یەکێتـی سـۆڤیەت وەک هێژمۆنـی ئیدیۆلـۆژی لەناوچـەدا کـە «فۆکۆیامـا» بەکۆتایـی مێـژوو وەسـفیدەکات، سـەلماندی کـە ژێئۆپۆلیتیکێـک کـە لەسـەر بنەمـای ئیدیۆلـۆژیو هێـزی لەشـکری دامەزرابێـت، لەناوخـۆش بەدەیـان گرفتـی هەبێـتو لـەڕووی ئابووریـش لاوازبێـت، ناتوانـێ سـەرکەوتوو بێـت، بـەردەوام لەرووخانـی نزیـک دەبێتـەوە.

دووهـــەم؛ ئەگـــەر خاڵـــی بەهێـــزی ئێـــران هەبوونـــی ژمارەیـــەک شـــیعەی نـــاڕازی لـــە وڵاتانـــی ناوچـــە بێـــت، ئـــەوا بزوتنەوەکانـــی ناسیۆنالیســـتی گەلانـــی بندەســـت بەتایبـــەت کـــورد کـــە هێزێکـــی بەرفراوانـــی جەمـــاوەریو ڕێکخـــراوە سیاســـیەکانی هەیـــە، هەروەهـــا هەبوونـــی ڕێژەیەکـــی بەرچـــاوی ســـونەمەزهەبی ژێردەســـت بەخاڵـــی لاوازی ئێـــران هەژماردەکرێـــت.

دوو وڵاتـی کاریگـەری دیکـەی وەک تورکیـەو سـعوودیە، هەوڵـدەدەن بەتاکتیکـی جیـاواز، بـەڵام بەهەمـان ئامـراز، واتـە هەبوونـی هەسـتی هاوبـەش لەئاییـن کەڵکوەرگـرن، بۆئـەوەی وێـڕای پێشـگرتن بـە دەسـتێوەردانەکانی ئێـران، هێژمۆنـی خۆیـان بسـەپێنن. جیـاوازی نێـوان سـعوودیەو تورکیـە ئەوەیـە کـە سـعوودیە بەپشـتیوانی ئامریـکا ئـەو کارە دەکاتو تورکیـە بەجۆریـک هـەوڵ دەدات بەگوێـرەی بەرژەوەنـدی لەگـەڵ هەموولایـەک ڕێـک بکەوێـت.

### ٦. کوردستان گۆڕەپانی ململانێ هێزە بیانیەکان

یەکێـک لەگەورەتریـن نەتـەوە بێدەوڵەتـەکان کـە ئێسـتاش دوای هـەزاران سـاڵ لەژیانکـردن لەنیشـتمانی خۆیـانو مـافو ئازادییەکانیـان بێبەریکـراون، کوردەکانـن، بۆیـە کـوردەکان بـەدوای دەرفەتێـکدا دەگەڕێـن تاکـوو بتوانـن ئەگـەر بەهەمـووی مافەکانیشـیان نەگـەن، لانیکـەم بەشـێک لـە مافەکانیـان بەدەسـت بێنـن.

هەڵکەوتـەی جوغرافـی کوردسـتان دەتوانرێـت بـە هارتلانـدی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بزانرێـت، هـەر وەکـوو بەگوێـرەی بۆچوونـی «مەکینـدەر» هارتلانـدی دونیـا گرنگییەکـی تایبەتـی هەیـەو کۆنتـڕۆڵ

بەسەر ئەو هارتلاندەدا کۆنترۆڵ بەسەر دونیا دێنێت. لە ناوەڕاستبوونی کوردستانیش لە رۆژهەڵاتی ناڤین دەبێت بە هارتلاندی رۆژهەڵاتی ناڤین بشوبهێنرێت کە ئاوا بەو شێوەیە بەدرێژایی مێژوو هەموو وڵاتەکان هەوڵی داگیرکردنی دەدەن. چونکە بەخوێندنەوەی مێژووی ناوچە، دەردەکەوێ کە ئەو ناوچەیە چەندە گرنگی هەیە.

«نەوشیروان مستەفا» لە کتێبی «کورد و عەجەم»دا کە بەوردی هەوڵی شرۆڤەی مێژووی ئەو ناوچەیەی داوە، بەم شێوەیە باسی بابەتەکە دەکات: بەدبەختی کورد لە گرنگی هەڵکەوتی جوگرافی شوێنی ژیانیدا دەرئەکەوێ، هەموو تێکهەڵچوونە مێژووییە گرنگەکان لەسەر ئەرزی ئەو ڕووی داوە.

_ تێکهەڵچوونی داریووشی هەخامەنشیو ئەسکەندەری یۆنانی لە گوگامیلی نزیک هەولێر(٣٣١ پ.ز) کە کۆتایی بەدەسەڵاتی ئێرانی هێناو سەرەتای دەسەڵاتی چەندسەدەی یۆنانی بوو لە ناوچەکەدا.

_ تێکهەڵچوونی لەشکری عەرەبی ـ ئیسلامیو لەشکری ساسانییەکان لە جەلەولاو حەلوانی نزیک خانەقین (٦٤١پ.ز) کە کۆتایی بەدەسەڵاتی ئێرانی هێناو سەرەتای دەسەڵاتی چەند سەدەیی عەرەبی بوو لە ناوچەکەدا.

_ تێکهەڵچوونی لەشکری عەبباسیو لەشکری ئەمەوی لەسەر ئاوی زێیگەورە (٧٥٠پ.ز) کە کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەمەوی هێناو سەرەتای دەسەڵاتی چەند سەدەی عەبباسی بوو.

_ تێکهەڵچوونەکانی مەغول لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان

کـە کۆتایــی بەدەســەڵاتی عەبباســی هێنــاو ســەرەتای کوێربوونــەوەی شارســتانێتی ناوچەکــە بــوو.

_ تێکهەڵچوونــی شائیســماعیل ســەفەویو ســوڵتان ســەلیمی عوســمانی لــە چاڵــدران، نزیــک بایەزیــد (١٥١٤) کــە ناوچەکــەی تــا جەنگــی جیهانــی یەکــەم کــردە دوو بــەش.

هەروەهــا چەندیــن پێکدادانــی گــەورەی خوێنــاوی لــە نێــوان هێزەکانــی بێگانــەدا لەنــاو کوردســتاندا، وە لــە نێــوان هێزەکانــی بێگانــە و خەڵکــی کوردســتاندا.

هــەر یەکــێ لــەم تێکهەڵچوونــە گەورانــە ئەبــێ چ زەرەرێکــی گیانــی و ماڵــی بــە کــورد گەیاندبــێ، بــێ ئــەوەی دەســتی لــە هەڵگیرســاندن یــان کوژاندنەوەیــدا هەبووبــێ؟

جەنگــی جیهانــی یەکەمیــش هــەر بەوجــۆرە کــە بەشــێکی گرنگــی ململانێــی هێزەکانــی لەســەر ڕۆژهەڵاتــی ناڤیــن، تێکهەڵچوونەکانــی لەســەر ئــەرزی کوردســتان قەومــاون. جەبهــەی قافقــازی شــەڕی روســی ـ تورکــی هــەر بەنــاو قافقــاز بــوو، ئەگینــا ئەگــەر مەیدانــی تێکهەڵچوونــەکانو قوربانییەکانــی شــەڕەکە ڕەچاوبکرایــە، ئەبــوو نــاوی جەبهــەی کوردســتان بێــت.»

نەوشــیروان مســتەفا بــە بەڵگەهێنانــەوەی ڕووداوەکانــی مێــژووی ناوچــە کــە هەموویــان زۆر چارەنووسســازبوونەو بەجۆرێــک چارەنووســی ناوچەیــان گۆڕیــوە، جوغرافیــای کوردســتان بێکاریگــەر نابینێــت. ئــەوە هەمــان کاریگــەری جوغرافیــا لەســەر سیاســەت و دەســەڵات دەگەیەنێــت کــە بەواتایەکــی دیکــە یەکێکــە لــە پێناســەکانی ژێئۆپۆلیتیــک.

ئـــەوە تەنیـــا بەشـــێکی زۆرکورتـــی ئـــەو ڕووداوانـــەن کـــە بێگانـــە لەگـــەڵ بێگانـــە بـــۆ داگیرکردنـــی کوردســـتانو ململانێـــی نێـــوان خۆیـــان لەســـەر خاکـــی کـــورد کردوویانـــە کـــە هەندێـــک لـــەو ڕووداوانـــە بەســـەدان ســـاڵ کاریگەرییـــان هەرمـــاوە. خۆئەگـــەر مێـــژووی دوورو درێـــژی خەباتـــی کـــورد بـــۆ گەیشـــتن بـــە داخوازییـــەکانو بەربەرەکانـــێ لەگـــەڵ درواســـێکانی بـــۆ لابردنـــی داگیـــرکاری پێـــوە زیادبکەیـــن، بێگومـــان تابلۆیەکـــی تراژیـــدی لـــە مێـــژووی مـــرۆڤ دەبینـــن کـــە بـــۆ کۆتاییهێنانـــی پێویســـتی بـــە وشـــیارییەکی بێوێنـــە هەیـــە، تاکـــوو بتوانیـــن کۆتایـــی بـــەو مێـــژووە دراماتیکـــە بـــۆ مـــرۆڤ لـــەو ناوچەیـــە بهێنیـــن. وێـــڕای دەیـــان فاکتەریتـــر وەک یەکڕیـــزی کـــە گرنگـــن، هەروەهـــا خوێندنـــەوەی ژێئۆپۆلیتیکـــی ناوچـــەش زۆر بەگرنـــگ دەزانـــم، چونکـــە ئێمـــە دەبـــێ هـــەوڵ بدەیـــن بەفاکتـــەری هێـــزی خۆمـــان ئـــەو ناوچەیـــە جیـــا لـــە کـــورد بـــۆ هیـــچ کەســـیتر ئـــارام بەجـــێ نەهێڵیـــن.

### ٧. کوردستان سەرچاوەی نەوت و ئاوە

هـــەروەک چـــۆن لەســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەمدا، دۆزینـــەوەی نـــەوت بـــووە هۆکاریکیتـــر بـــۆ ئـــەوەی کوردســـتان لـــە لاپـــەڕەی بەرژەوەندییـــەکان لەگـــەڵ وڵاتانیتـــر، کەمـــتر بایەخـــی پێبدرێـــت، هـــەر وەکـــوو لەســـەرەوە ئاماژەمـــان پێـــدا کـــە وەکـــوو فاکتەرێـــک بـــۆ لاوازکردنـــی وڵاتـــان کەڵکیـــان لێوەرگیـــراوە، واتـــە نابـــێ بەهێـــز بـــن تـــا ســـەربەخۆ نەبـــن. نەوشـــیروان مســـتەفا لـــە کتێبەکـــەی بـــەو شـــێوەیە بـــاس دەکات: «ئەگـــەر لـــە ســـەردەمەکانی پێشـــوودا گرنگـــی ســـتراتیجی جەنگـــیو ئابـــووریو بازرگانـــی ناوچـــەی ڕۆژهەڵاتـــی ناڤیـــن، هـــۆی

بزواندنــی هێزەکانــی بێگانــە بووبــێ بــۆ پەلاماردانــی، ئــەوا لــە کۆتایــی ســەدەی ١٩هــەم‌و ســەرەتای ســەدەی ٢٠مــدا هۆیەکی‌تــر پەیــدا بــوو کــە زاڵ بــوو بەســەر هەمــوو ئەوانی‌تــر، ئەویــش پەتــرۆڵ بــوو.»

لەســەدەی نــوێ‌و لەســاڵانی داهاتووشــدا بەهــۆی ئــەوەی کوردســتان ســەرچاوەی ئــاوی ناوچەیــە یــان ڕێــڕەوی ئــاوی وڵاتانــە، دەبێتــە ســەنتەری بایــەخ پێدانــی وڵاتانــی ناوچــە.

«ئاگــری ئســماعیل‌نژاد» لــە وتارێکــدا، لــە ژمــارە ٧١٤و٧١٥ی ڕۆژنامــەی کوردســتان، لەژێــر نــاوی « ئــاو، کۆڵەکــەی ســتراتیژی داهاتــووی کوردســتان»، بەشــیکردنەوەی دۆخــی قەیرانــی ئــاو لــە ئێــران بــەو ئاکامــە دەگات؛ «کوردســتانی ڕۆژهــەڵات، شــاڕێی ئــاوی‌و هارتڵەنــدی ئێرانــەو تەنیــا ڕێگەهیــوای دەرچوونــی ئێــران لــە قەیرانــی ئاوییــە؛ ئــەوەی کــە دەڵێیــن کوردســتان شــاڕێیەکی ئاوییــە، تەنیــا دەرفەتێــک بــۆ کوردســتان نییــە، بەڵکــوو مەترسییەکیشــە لەســەر کوردســتان».

ئــەو بابەتــە زۆر زووتــر لەلایــەن تورکیــە گرنگــی پێــدراوە، پــڕۆژەی گــەورەی گاپ(GAP) کــە دەکەوێتــە باکــووری کوردســتان، دروســت کردنــی ٢٢ بەنــداو لەســەر ئــاوی دیجلــەو فــرات، هەروەهــا دەیــان پرۆژەی‌تــر لــە ڕووبــەری چەنــد پارێــزگا لەخۆدەگرێــت کــە ســەرەتاکەی بــۆ ســالی١٩٧٠ دەگەڕێتــەوە. کەواتــە کوردســتان بەشــێوەیەک لەشــێوەکان هەمیشــە ســەنتەری بایەخ‌پێدانــی وڵاتانــی ناوچــەو بێگانەیــە، هەربۆیــە پێویســتە کــورد جوغرافیاکــەی زیاتــر لەمەترســی بگۆڕێــت بــۆ دەرفــەت، ســەرەتای ئــەو هەنــگاوەش هەســتکردن بــەو دەرفەتەیــە.

بزووتنــەوەی کوردســتانی ڕۆژهــەڵات لەســاڵانی ڕابــردوو بــۆ بــوون بــە فاکتــەری هێــز، وێــڕای وەگەڕخســتنەوەی شــۆڕش لــە کوردســتانی

ڕۆژهـــەڵات، کـــە بـــە ڕاســـان ناوبانگـــی دەرکـــرد، ترســـێکی گـــەورەی بـــۆ کۆمـــاری ئیســـلامی دروســـت کـــردووە. شـــۆڕش لـــە ڕۆژهـــەڵات کاریگـەری لەسـەر ئێـران وەک یەکێـک لـە کاریگەرتریـن وڵاتـی ناوچـە دەبێـت، کاریگـەری لەسـەر ئێـران کاریگـەری لەسـەر دۆخـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن دەبێـت؛ ئـەوەش سـەرەتای دروسـتبوونی ڕۆژهەڵاتـی ناڤینێکـی نوێیـە.

ئێـران زۆر بەباشـی ئـاگاداری خاڵـە لاوازەکەیەتـی، هـەر بۆیـەش بـە هەمـوو شـێوەیەک هەوڵـی دامرکاندنـی شـۆڕش بەشـێوەی جیـاواز دەدات. لەهەمانکاتـدا، دابەشکردنەکانـی کوردسـتان لەنێـوان عوسـمانیو سـەفەویو دواتـر لەنێـوان تورکیـەو ئێـرانو سـوریەو عێـراق بۆتـە هـۆی لاوازکردنـی بزووتنـەوەکان، بەجۆرێـک هـەرکات یەکێـک لـەو چـوار وڵاتـە بیانهـەوێ، دەتوانـن بەئاسـانی سـەرەڕای هەمـوو ناکۆکییەکانیـان یەکبگـرنو بـۆ سـەرکوتی بزوتنەوەکانـی کـورد پێکـەوە کاربکـەن کـە بەدەیـان نمونـەی وا بـۆ دامرکاندنـەوەی شۆڕشـەکان لـە مێـژووی سەدسـاڵەی ڕابـردوودا دەبیندرێـت.

### ٨. دۆخی ئەو وڵاتانەی کوردی تێدایە

ئـەوەی ئەمـڕۆ وەک گۆڕانکاریەکـی گرینگـی ژئۆپۆلیتیکـی دەتوانیـن ئامـاژەی پێبکەیـن، نەمانـی چـوار وڵاتـی بەهێـزی ناوچەیـە، واتـە لەلایـەک سـوریە تاسـەر لێـواری ڕووخـان ڕۆیشـتو بەپاڵپشـتیو پیلانـی ئێـران ماوەتـەوە کـە نارەزاییەکـی زۆری نێوخـۆی لێکەوتۆتـەوە. کەواتـە یەکێکـە لـەو وڵاتانـەی کـە مانـەوەی بەئێرانـەوە بەسـتراوەتەوە، ئـەوەش بۆتـە هـۆی لاوازی. لاوازی سـوریە لەداهاتـوو کاریگـەری لەسـەر

بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کورد لەهەموو بەشەکان دەبێت.

یەکێکی دیکە لەو وڵاتانەی کە ئێستا بەفیزیکی وەک دراوسێی کوردستانی ڕۆژهەڵات زۆر بەکەمی ماوە، عێراقە. بوونی حکوومەتی خۆجێی کوردستانی باشوور و ڕووخانی عێراق دوای ٢٠٠٣و نەگەیشتنی دەسەڵاتی ناوەندی بەسنورە دەسکردەکانی لە باکوور کە دەکەوێتە نێو خاکی کوردستان، یەکێکی دیکە لەبەڵگەکانی گۆڕانکاری لەناوچە دایە کە ئەگەر کورد کەمترین یەکگرتن یان لانیکەم شەڕی یەکتر نەکەن، دەتوانێ فاکتەرێکی دیکەی بەهێزبوونی بزاڤی کورد بێت، بەتایبەتی لە باشوور دەتوانن زیاتر لەو دەستکەوتانەی بەدەستیان هێناوە بەدەستی بێننو بەباشی بیپارێزن.

دوای هاتنە سەرکاری حیزبی داد و گەشەسەندن لە تورکیەو گۆڕینی سیستەمی وڵات، ئەردوغان بەرەو دیکتاتۆریەتی تاکەکەسی هەنگاو هەڵدێنێ، بەڵام ناتوانێ وەک جاران سەبارەت بەناوچە بەهێزو کاریگەر بێت، بەتایبەتی کە هێماکانی قوڵبوونەوەی ناکۆکییە نێوخۆییەکان تاڕادەیەک بەرزبۆتەوە، ئەو وڵاتەی بەرەو لاوازی بردووەو تەنانەت وڵاتان بەتایبەتی ئەمریکا وەك هێزێکی ناتو هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکاتو هەستیارییەکانی بەرچاوناگرێتو بەردەوام لەگەڵ گرووپگەلی جیاواز کە گرفتیان لەگەڵ تورکیە هەیە رێک دەکەوێت. هەموو ئەو گرفتانەی کە لەنێوان ئەمریکاو تورکیە دروستبووە، بەتایبەتی دوای کڕینی سیستەمی بەرگری موشەکی لە ڕوسیە، وایکردووە پێگەی ئەو وڵاتە لە ڕۆژئاوا لاواز بکات، ئەوەش نیشان دەدات ئەگەر هێزی کوردی وەک فاکتەر

لەناوچـــەدا بتوانـــێ دەربکەوێـــت، ئەگـــەری پشـــتیوانی بەنیســـبەت پێشـــووی زیاتـــرە.

هەمـــووی ئەوانـــە بەلایـــەک، پێشـــکەوتنی پرســـی کـــورد لەئاســـتی نێونەتەوەیـی لایەکـی دیکـەی ئـەو گۆڕانکارییەیـە. هەرچەنـد مەسـەلەی کـــوردو دۆزە ڕەواکـــەی لەهەوڵـــی بێوچـــانو بەرخۆدانـــە بـــەردەوامو دینامیکییەکـەی، بەنێونەتەوەیـی بـووەو لەسـنوری وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـــن کـــە خولقێنـــەری پرســـی کـــوردن، تێپەڕیـــوەو دەبینـــن ئەمـــڕۆ بۆتـە پرسـێکی نێونەتەوەیـی. هـەروەک چـۆن لێکدانـەوەی سـتراتیژیکی «پـــاول هوربـــرت»، کارناســـی جوغرافیایـــی_ سیاســـی ئەمریکایـــی، کـــە دەڵێـــت: «ســـەقامگیری ڕۆژهەڵاتـــی ناڤیـــن لەگـــرەوی مەســـەلەی عەرەب-ئیسرائیـلدا نیـە، بەڵکـوو لەگـرەوی چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کـــوردەکانو دۆزینـــەوەی ڕێـــگای چارەســـەری بـــۆ ئـــەوان دایـــە، ڕاســـتییەکی بەرچـــاوە.»

هەروەهـــا هەڵســـووکەوتی ڕۆژئـــاوا لەگـــەڵ کوردســـتانی باشـــوور ئەگـــەر بـــۆ ســـەربەخۆیش پشـــتیوانی لێنەکـــەن، بەڵگـــەی بەهێـــزو یاســـایین ســـەبارەت بـــەدۆزی کـــورد، چونکـــە کوردســـتانی ئێســـتا لـــە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـەراورد بەچەنـد دەیـە پێـش گۆڕانـکاری زۆری تێیـــدا ڕوویداوە کـــە دەتوانیـــن ئـــەو گۆڕانکارییانـــە بەهەندوەرگریـــنو ئۆمێـــدی ســـەرکەوتنی زیاتـــری پێببەســـتین.

پێویســـتە ئێمـــەی کـــورد، بەرلـــە هەربابەتێـــک بەباوەڕبەخۆبوونـــەوە ســـەیری دۆخـــی خۆمـــان بکەیـــن. «کریـــس کۆچـــرا» ڕۆژنامەنووســـی بەناوبانگـی فەڕانسـەوی، سـەبارەت بـە کـورد لـە کۆتایـی کتێبەکـەیدا دەڵێـت: «ڕێگەچـارەی پرسـی کـورد، سـەرەڕای ناشـارەزایی سـەرکردەکانی

کـورد، لەڕێگـەی دامەزراندنـی شۆناسـێکی نەتەوەیـی کـوردی پاڕێـزراوە کـە لەلایـەن کۆمەڵـگای نێودەوڵەتییـەوە دانـی پێـدا دابنرێـتو لەسـەر هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق چارەسـەر دەبێـت. دواتـر لەتورکیـە ناوچەیەکـی کـوردیو بـە تێپەڕینـی کات دەوڵەتێکـی فیـدرال دروسـت بـکات. دواتـر چـە دەبێـت؟ بەتایبەتـی لـە ئێـران؟ کـوردەکان دەبـێ وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بدەنـەوەو کاربکـەن، ئەگـەر دەیانهـەوێ ڕۆیـای سـەربەخۆیو خستنەسـەریەکی هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتان بێتـە دی».

ئەگـەر بێـتو ڕاسـانی ڕۆژهـەڵات بـەو نرخـەش کـە بـۆی داوەو دەیـدا بتوانـێ زیاتـر گەشـە بـکات، دەتوانـێ شـوێنپێی خـۆی زیاتـر لـە ڕۆژهـەڵات بکاتـەوە، لـە هـەردوو ڕەهەنـدی ڕاپەرینـی شـارەکان و بەهێزکردنـی شـاخ و داهێنانـی هێـزی وەک پێشـمەرگەی شـار بـەردەوام بێـت، زۆر بەباشـی دەتوانـێ لـەو گۆڕانکارییانـە کەڵکوەرگرێـتو ببـێ بەدینامیزمـی گۆڕانـکاری لەهەمـوو ناوچـەش.

بـەڵام چـۆن دەتوانیـن بەهێـز بیـن؟ پێموایـە بەبنەمـا وەرگرتنـی ڕاسـان وەک گوتـار کـە هەیـە، بەسـەردەمی کردنـەوەی گوتـاری شـۆڕش لـە دێموکڕاسـیخوازیەوە بـۆ داخـوازی ئـازادیو رزگاری نیشـتمان، دەتوانـێ گڕوتینێکـی زۆر بـدات بەخرۆشـانی شـار، واتـە ڕاپەڕینـی شـارەکان. هەربۆیـەش پێویسـتیمان بـە پێناسـەکردنی دۆخـی ڕۆژهەڵاتـە وەک خاکـی کوردسـتان کـە کەوتۆتـە ژێردەسـتی داگیـرکار؛ دواتـر هەوڵـی بەجەماوەریکردنـی ئـەو گوتـارە بدەیـن بـە کەڵکوەرگرتـن لەڕێـکارە نوێیـەکان کـە ئاسـانکاری دەکاتو گۆڕانکارییەکانـی ناوچـەش، وەک نەمانـی دەوڵەتـی عێـراق و لاوازبوونـی سـوریەو دۆخـی هەسـتیاری

تورکیـە، دەتوانـێ وەکـوو فاکتەرێکـی گرینـگ لەبزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورددا کاریگـەری هەبـێ.

لەکتێبـی «تاریـخ کردسـتان»ی کۆمەڵێـک نووسـەری رووسـی کـە لەسـاڵی ١٩٩٩ لـە مسـکۆ چـاپ کـراوە، هاتـووە: «بـەو شـێوەیە لەدواییـن دەیـەی سـەدەی بیسـتەمدا، وێـڕای هەبوونـی گۆرانـکاری جیـددی، بـەڵام تائێسـتا ئـەو پرسـە (پرسـی کـورد) بـە بێچارەسـەری ماوەتـەوەو وەکـوو میراتـی ئـەو هەزارەیـە بـۆ داهاتـوو دەگوازرێتـەوە، سـەرەڕای ئەسـتەمی ڕێـگاو چەنـد قونـاغ بوونـی، بـەڵام هۆکارگەلـی زۆر هـەن بۆئـەوەی باوەڕمـان بـە بەدیهاتنـی ئـارەزووی کۆنـی کـوردان، واتـە کوردسـتانێکی سـەربەخۆ و یەکگرتـوو هەبـێ».

ئایـا ئـەو گۆڕانکارییانـە وایـان کـردووە کـە داخـوازی کـورد لـە دێموکڕاسـیخوازی بـۆ ئـازادی نەتەوەیـی بگۆڕیـن؟ یـان بەپێچەوانـە گۆڕینـی داخوازییـەکان کاریگـەری لەسـەر دۆخـی شـۆڕش لـە رۆژهـەڵات دەبێـت؟ بێگومـان دەتوانیـن هەمـوو ئەوانـە وەک پێداویسـتی یەکـتر سـەیر بکەیـن، بـەڵام بـە بێخوێندنـەوەی فرەڕەهەنـدو دانانـی بەرنامـە لەسـەر ئـەو ڕەهەنـدە جیاوازانـە، ناتوانیـن هیـوای سـەرکەوتنمان لـە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵاتدا هەبێـت. پێموایـە بەخێرایـی گۆڕانکارییەکانـی ناوچـە، ئەگـەر لـە گۆڕانـکاری خۆمانـدا درەنـگ بکەویـن، ناتوانیـن سـەرکەوتوو بیـن. لـە کتێبـی «The Kurds in Iran The Past, Present and Future» لەسـەر دۆخـی کـوردەکان لەئێسـتادا هاتـووە: « دەبـێ لـەوە تێبگەیـن کـە کـوردەکان وەک ئـەوەی لەڕابـردوو بـوون، نیـن، پێشـکەوتنیان بەخـۆوە دیـوە، ڕاهاتـوونو پڕاگماتیکیـنو ئەزموونیـان بەدەسـتهێناوە، لـەو بەسـەرهاتە پـڕ لەئازارانـەی کـە بەسـەریان

هاتــووە فێربــوون چــۆن خۆیــان بەڕێوەببــەن، هەروەهــا فێربــوون چــۆن یارمەتــی دەرەکــی لەپێنــاو ئەجێنداکانیــان نرخــی دەبــێ».

مــن زیاتــر لــەوەی بــەو وتەیــە بــاوەڕ بکــەم، پێموایــە دەبــێ وابــێ بۆئــەوەی لــە نەهامەتــی ژێردەســتەیی ڕزگارمــان ببێــت، بۆیــە پێموایــە دەســتپێکی راســانو گۆڕینــی پێکهاتــەی کارگێــری حیــزب، هەروەهــا گۆڕانــکاری لەبەرنامــەو ئەساســنامەی حیــزب واتــە داخــوازیو ئامانجــەکان لەداهاتوویەکــی نزیــک، دەتوانــن یەکــتر تــەواو بکــەن؛ تەواوکردنــی ئــەو چەنــد گۆڕانکاریــەش لەگوتــاری مافخــوازی بــۆ گوتــاری دژەداگیــرکاری، بێگومــان شــوێندانەری دەبێــت.

## سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم

١. بەشێکی بەرچاوی ئەو بەشە بە گۆڕانکاری لە وتارێکی نووسەر ب ناوی ژئۆپۆلیتیک و کورد کە لەسایتی کوردستان میدیا بڵاو بۆتەوە، وەگیراوە.
٢. فصلنامه علمی ـ پژوهشی و بین‌المللی انجمن جغرافیای ایران، بهار ١٣٩٣ ، شماره٤٠ دوره جدید، سال دوازدهم، معمای بنیان‌گذاری جغرافیای سیاسی راتزل یا تورگو؟ دره میرحیدر، مرجان بدیعی، ندا هی، یاشار ذکی و فاطمه سادات میراحمدی
٣. GEOPOLITICS AND THE STUDY OF INTERNATIONAL RELATIONS BY SEMRA RANÂ GÖKMEN2
٤. مسابقه تسلیحاتی ثبات راهبردی و نظم منطقه‌ای خاورمیانه، فرهاد قاسمی.
٥. فصلنامه تحقیقات جغرافیای، سال پیاپی، زمستان ١٣٩٠ ، چهارم، ١٠٣ شماره عنايت يزداني الله بین، مجتبی تویسرکانی.
٦. فصلنامه سیاست، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دوره ٤٦، شماره ٢، تابستان ١٣٩٥، صفحات ٥٥١-٥٣١، جایگاه نظریه ژئوپلیتیک مکیندر در سیاست‌های جهانی بریتانیا، حسام‌الدین واعظزاده.
٧. تحولات ژئوپلیتیک خاورمیانه و تقابل استراتژی‌ها، امیر قدسی.
٨. تحليلي بر رقابت ژئوپلیتیکی قدرت‌ها در بیضی استراتیژیک انرژی
٩. کورد و عەجەم، نەوشیروان مستەفا
١٠. بزاڤی نەتەوەیی کورد لەڕوانگەی سیاسییەوە، بێهزاد خۆشحالی، وەرگێڕان ئەفراسیاب گرامی.
١١. جنبش ملی کورد و خواست استقلال، کریس کۆچرا و عزیز ماملی
١٢. تاریخ کردستان، مسکۆ ١٩٩٩، رداکتورها م.س. لازاریف ٠ ش.خ.محوی مولفان م.س. لازاریف ٠ ش.خ.محوی ی. ای واسیلییەاوا – م.ا. حسرتیان او. ای. ژیگالینا مترجمان؛ کامران امین خواه و منصور صدقی.
١٣. The Kurds in Iran The Past, Present and Future Kerim Yildiz and Tanyel B. Taysi

# بەشی شەشەم

## دانانی بەرنامە لەسەر

## بنەمای خەباتی داگیرکەر و دژی داگیرکەر

### ١. کۆیلایەتی یا خەبات بۆ ڕزگاری

کاتێـک لەبـەردەم پەرلەمانـی بریتانیـا، پەیکەرێکـی تایبەتـی گانـدی، ڕێبـەری خەباتـکارو ئازادیخـواز کـە ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە ئازادکردنـی وڵاتـی هیندوسـتان لەژێـر دەسـتی بریتانیـا هەبـوو، بەنیشـانەی ڕێزگرتـن لـەو کەسـایەتییە دانـرا، «دێویـد کامێـرۆن»، سـەرۆکوەزیرانی بریتانیـا، لەکاتـی پـەردە لەسـەر هەڵگرتنـی ئـەو پەیکـەرە، گووتـی؛ ئیـتر ئـەو پەیکـەرە نیشـاندەدات کـە گانـدی شـوێنێکی هەمیشـەیی لـە بریتانیـا هەیـە.

باسـی داگیرکـەری یـا کۆلۆنیالیـزم ئەگـەر بـۆ بەشـێکی بەرچـاوی مرۆڤایەتـی بەشـێک لەمێـژوو بێـت کـە داگیرکـەرو داگیرکـراو لەچوارچێـوەی ڕەوتـی گەشەسـەندنی مـرۆڤ دەیبینـن، هەوڵـدان بـۆ قبووڵکردنـی ئـەو مێـژووە وەک جێـگای شـەرمی مرۆڤایەتـی و بەشـێک لەمێـژووی ڕابـردووی داگیرکـەر، دووبارەنەبوونـەوەی سیاسـەتی داگیرکاریـش وەک باسـێکی لۆژیکـیو بەشـێک لـە پـەروەردە بـۆ نـەوەی نـوێ هەژماردەکرێـت.

باسـکردن لەدۆخـی کـورد وەکـوو داگیرکـراوو هەوڵـدان بـۆ پێناسـەی خەباتەکـەی وەک ڕزگاری لەدەسـت داگیرکـەر، باسـێکی ئاسـایی نیـەو لـەڕووی زەمـەن درەنگـە، بـەڵام ڕێگەچارەیەکـی دیکـە جیـا لـەو پێناسـەیە بـۆ گرتیـن بەخشـین بەخەبـات لەپێنـاو ڕزگاری کۆتایـی وەکـوو فاکتـەر شـک نابەیـن. هەربۆیـەش بـۆ ئـەوەی هێڵەکانـی خەبـات لەنێـوان دوو بـەرە، واتـە داگیرکـەرو داگیرکـراو دابڕێژینـەوە، پێویسـتیمان بـەو باسـە هەیـە.

«ئیسـماعیل بێشـکچی»، یەکێـک لـە دۆسـتە دەگمەنەکانـی

کـورد کـە لەنێـو ڕێژیمـە داگیرکـەرەکاندا هەڵکەوتـووەو نرخـی ئـەو دۆستایەتییەشـی بەزینـدانو ئەشـکەنجەو دورکەوتنـەوە لـەوڵات داوە، لـەو بـوارەدا تێـزی تایبـەت بەخـۆی هەیـە. بێشـکچی لەکاتـی شـیکردنەوەی دۆخـی دەوڵەتانـی کۆلۆنـیو سیاسـەتی کۆلۆنیالیـزم، لەسـەر تایبەتمەنـدی دۆخـی کـورد دەڵێـت: «کاتێـک کـورد لەمـاڵو مـەزرای خـۆی دەردەکـرێو گوندەکانیـان دەکرێـن بەشـوێنی نیشـتەجێبوونی تـورکو عـەرەبو فـارسو زەوت دەکـرێ، کاتێـک دەزگا کشـتوکاڵییەکانی سـەر بەدەوڵـەت زەوییـە بەپیتەکانـی کـورد بەکاردەهێنـن یـا پێگـەی سـەربازی لەسـەر دروسـتدەکەن، ئـەوا ئـەم کارەیـە پەیوەنـدی هەیـە بـە پەیڕەوکردنـی سیاسـەتێکی تایبەتـەوەو دژی نەتـەوەی کـورد».

بـە وردبوونـەوە لەمێـژووی ٢٥٠٠سـاڵەی نەهامەتـی کـوردو ئـەوەی لەلایـەن دوژمنانـی کـوردەوە، بەتایبەتـی حکوومەتـە یەکلـەدوای یەکەکانـی ئێـران بەسـەرمان هاتـووە، پرسـیاری ئـەوەی کام داگیرکـەری دیکـە لەدونیـا ئـەو هەمـوو سـتەمەی بەسـەر داگیرکراوەکـەی هێنـاوە؟ لامـان دروسـت دەبێـت. داگیرکـەر پـەرە بەکەلتـووری قبووڵـی کوێلایەتـی یـا بەکـەم ڕازیبوونـی مافەکانـی کـورد دەدات تـا بتوانـێ داگیرکـراو لەهێـزی بەرگـری لاواز بـکات.

تەنانـەت لـەم سـەردەمەدا یەکێـک لـە تاکتیکەکانـی داگیرکارانـەی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی بـەدژی کـورد، ئەوەیـە، بانگەشـە بـکات کـە کـورد ناتوانـێ بەئـاکام و ڕزگاری کۆتایـی بـگات تاکـوو هەسـتی باوەڕبەخۆبـوون لەنێـو کـورددا لـەرزۆک و لەرزۆکـتر بـکات. سـەرەڕای ئـەوەش، نەیتوانیـوە ئـەو هەسـتە لەنێـو هـزرو بیـری کـورددا بمرێنێـتو

کـورد لەهــەر دەرفەتێــک کــە بــۆی ڕەخســابێت بــۆ ســەلماندنی بوونــی خــۆی کەڵکــی وەرگرتــووە. «لــە چارەکــی یەکەمــی ســەدەی بیســتەمەوە تاکـــوو ئێســـتا گەورەتریـــن ڕووداوی تراژیـــدی مێـــژووی ڕۆژهەڵاتـــی نزیــکو دونیــا، بریتییــە لــە؛ نەهامەتــی نەتەوەیــەک کــە ڕازی نیــە بــەو چارەنووســەی سیســتەمی سیاســی کۆلۆنیالیزمــی دەوڵەتــی لەکوردســتان پیـــادەی دەکات. کـــورد لەچارەکـــی یەکەمـــی ســـەدەی بیســـتەمەوە، شــێلگیرانە دژی چارەنووســێک خەبــات دەکات کــە دەوڵەتــە ئیمپڕیالییــە گــەورەکانو هاوکارەکانــی لــە هەرێمەکــە بەســەریدا ســەپاندوویانە. لەڕاســتیدا جگــە لــە وشــەی «تراژیدیــا»، وشــەیەکی دی شــک نابەیــن خەباتــی سەرکێشــانەی کــورد لــەدژی چەکــی کیمیــاوی و بایۆلۆجــی وەســف‌بکات، بۆیــە هەردەبێــت خەباتــی درێژخایــەنو لێنەبڕاوانــەی کــورد ڕۆژێــک لــەڕۆژان ببێتــە مایــەی چارەســەرکردنی کێشــەکە».

هەروەکــوو لــە تێــزی ڕووناکبیــرو نووســەر «ئیســماعیل بێشــکچی» لەبـــارەی کـــوردەوە هاتـــووە؛ داگیرکـــەران بەپەیـــڕەوی سیاســـەتی «پەرتکـــە و زاڵبـــە»، توانیوویانـــە بـــەدژی ئازایەتـــی و ئازادیخـــوازی کــورد بوەســتنەوەو مێــژووی ٢٥٠٠ســاڵەی نەهەماتــی بەســەر کــورددا بــەردەوام بکــەن. بــەڵام ئــەوەی جیــگای ســەرنجە، دۆخــی کــورد لێــڕەدا دۆخـــی گەلێکـــی داگیرکـــراوە کـــە دەبـــێ خەباتـــی هەمەلایەنـــەی خـــۆی دژی داگیـــرکار بـــەردەوام بـــکات، تـــا بـــە ئـــاکام دەگات. بـــۆ ئـــەوەش پێویســتی بــەوە هەیــە هێڵــی خەباتــی خــۆی دژی داگیرکــەر دابڕێــژێ، نــەک لەســەر بنەمــای دێموکڕاســی‌خوازی یــا شــارومەندی یــا برایەتــی گــەلان کــە بەدرێژایــی ســاڵەکان بــەردەوام بــووە.

هەربۆیــەش کۆمــاری ئیســلامی هەمــوو هەوڵــی خــۆی دەدات کــە

پرسی کورد لەئێران وەکوو پرسێکی فەرهەنگی نیشان بدات، هەرکاتیش باس لەپرسی کورد بکات، باس لە ئاوەدانی یان هەڵاواردن دەکرێ، بۆ پرسی فەرهەنگی دەگەڕێنێتەوەو خۆی لەپرسی سیاسی بوونی کورد دەبوێرێ.

**٢. ئایا بە دێموکڕاسی، پرسی کورد چارەسەر دەبێ**

ئێمە هەندێکجار خۆشمان پێمان وایە ئەگەر دێموکڕاسی بەرپابێت یان نەمانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیو هەبوونی حکوومەتێکی سکولار دەتوانێ پرسی کورد چارەسەر بکات، بەڵام قبووڵ نەکردنی مافی گەلی کورد تەنانەت لەلایەن بەناو دێموکڕاتەکانی نەتەوەی فارس کە لەوڵاتانی دێموکڕاتیک ژیان دەکەن، بەڵگەیە بۆ ئەوەی دێموکڕاسی ناتوانێ پرسی کورد چارەسەربکات. بەڵکوو دێموکڕاسی کاتێک بەرپا دەبێ کە پرسی مافی نەتەوەکان دابینبکرێت، بەبێ دابینکردنی ئەو مافەو ڕێزگرتنو پەسەندکردنی لەلایەن حکوومەتەکانی ناوەندی، دێموکڕاسیش بەدی نایێ؛ کەواتە ئێمە وەکو کورد دەبێت، پرسی خاک و ئازادیمان بەر لەهەمووشتێک دابنێین.

من وەک خۆم داهێنەری ئەو بابەتە نیم، بەڵام بەڕامانێک لەمێژووی ٢٥٠٠ساڵە، هەروەها بەرجەستەبوونی ئەو بیرە لەنێوان توێژی نوخبەی کوردیو بە شیکردنەوەیەک بۆ داهاتووی کوردو ئەو گۆڕانکارییانە کە لەبارودۆخی نێوخۆییو نێونەتەوەییو هەروەها هۆشیاری کورد ڕوویداوە، بەو ئاکامە دەگەین کە دەبێ گوتاری خەبات ببێ بەتێزی گەلو خاکی داگیرکراو، بۆ

گەیشتن بەئازادی، بەتایبەتی بۆ هێزێکی نەتەوەخوازی. بەدرێژایی مێژوو و لانیکەم خەباتی نزیک بە سێ‌چارەکە سەدە، هەوڵمان داوە بیسەلمەنێین کە جیاخواز نین، بەڵام هەر وەک ئەوەی جیاخوازبین دەچەوسێندرێینەوە. ئیتر بەسە، کاتی ئەوە هاتووە، ئەوان بەدابینکردنی هەموو ئازادی و مافەکانی کورد بیسەلمێنن کە جیاخواز نین‌و نایانهەوێ کورد جیاببێتەوە؛ نەک کورد کە بە شەهیدکرانی دەیان ڕێبەری لەسەر مێزی گفتوگۆ، سەلماندوویەتی ئاشتیخوازەو دەیهەوێ لەچوارچێوەی ئێران‌دا بمێنێتەوە.

هەموو تایبەتمەندیەکانی داگیرکەران، لە ڕێژیمەکانی ڕابردووو ئێستای وڵاتی ئێران‌دا هەبووە هەر بۆیەش کوردستانیان وەک وڵاتێکی داگیرکراو کە دەیهەوێ ئازاد ببێت بەڕێوەی دەبەن. بەڕێوەبردنی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکەرەوە بەو مەبەستانە دێت؛ تاڵان‌کردنی سامانی کوردستان، بەکارهێنانی هێزی لەشکری بۆ سەرکوت‌و ژینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان، لەناوبردنی سروشتی جوانی کوردستان‌و تەنانەت شەهیدکرانی ئەو ژینگەپارێزانەی کە هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکان دەدەن. کام‌ڕۆژ هەیە کە حکوومەتی ناوەندی بەنیسبەت کورد جینایەتێک نەخولقێنێ، هەر ئەندامێکی سەربە حیزبە کوردییەکان بکەوێتە دەست ڕێژیم بە موحاربە(شەڕ لەگەڵ خوا)و هەوڵی ئەمنییەتی دژی وڵات، حکوم دەدرێت، واتە کورد بوون؛ چونکە داوای مافی نەتەوەیی‌و ئازادی یا هەرداخوازییەکی دیکە بەدوورو نزیک بەلای ئەوانەوە بەشەڕ دژی خودا هەژماردەکرێت. لەبەرانبەر ئەو تێڕوانینە، نەرمی‌نواندن نەک جیاوازی لە بیروبۆچوونی داگیرکەر دروست‌ناکات، بەڵکوو

ڕێگـەی سـەرکوتو بەلاڕێبـردن زیاتـر خـۆشدەکات. هەربۆیـەش، کـورد دەبـێ وەک نەتـەوەو وڵاتێکـی ژێردەسـت، ڕزگاری کوردسـتانو ئـازادی کـورد بـکات بەئامانـج و هەمـوو جـۆرە چارەسـەرێکیش ببەسـتێتەوە بـە ئازادکردنــی نیشــتمان.

ناکرێــت پرســی ئێمــە پرســی نەتەوەیــیو خــاک بێــت، بــەڵام وەک هاوڵاتییەکــی ئێرانــیو دانیشــتووی تــاران داوای مافــی شــارۆمەندی بکەیــن. ئەگــەر ئەمــە لــە دەیەکانــی ڕابــردوودا مومکیــن نەبــوو واتــە کــورد ناچــار بــوو بــۆ دەربــاز بــوون لــە قوناغێــک بــۆ قوناغێکــی دیکــە بــاس لــە لانــی کەمــی مافەکانــی بــکات، ئەمــڕۆ بــەو گۆڕانکارییانــەی کــە ڕوویانــداوە زۆر ئەســتەم نیــە، دەتوانــێ ببــێ بــە هێــزو تواناییەکــی گــەورەی جەمــاوەری بــۆ جۆشدانــی خەباتێکــی شــێلگیر.

لێــرەدا پرســیارێک دێتەپێــش، ئــەرێ گەلــۆ ئەگــەر ئێمــەی کــورد یــان هێــزی شــۆڕش ئــەو داوایــە بهێنینــە بەربــاس چ گۆڕانکارییــەک ڕوو دەدات؟

بەنیســبەت ڕێژیــم، گۆڕانکارییــەک ڕوونــادات، چونکــە ئێســتا کــە ئێمــە داخوازیــمان کەمــتر لەوەیــە، لەهیــچ کردەوەیەکــی دژەمرۆیــی بــۆ لەنێوبردنــی ئێمــە دەســتیان نەپارســتووە، کەوابــوو لــەوە زیاتــر چ دژایەتییەکــی دیکــە دەکــەن؛ بــەڵام بەنیســبەت کــورد ئــەو هەســتە دروســتدەکات کــە لەبەرانبــەر داگیرکــەردا وەســتاوەو دەبــێ هەوڵــی ئازادکردنــی وڵات بــدات. لەلایەکــی دیکــەوە، ئێمــە کــە باســی فیدڕاڵــی دەکەیــن جارجــار هەندێــک لــە بەرپرســانی حکوومەتــی ناوەنــدی، تــازە بــاس لەئەگــەری جێبەجێکردنــی ماددەکانــی پانــزدەو نــۆزدە دەکــەن کــە لەقانونــی بنەڕەتــی ئێــراندا پەســەندکراونو تێــدا هاتــووە

لەتەنیشــت زمانــی فەرمــی وڵات، کەمایەتییەکانــی دیکــەش دەتوانــن بەزمانــی زگماکــی خۆیــان بخوێنــن؛ ئــەوەش تەنیــا لەکاتــی بانگەشــەی هەڵبژاردنــەکان بــە کــورد دەفرۆشــرێتەوە. تەنانــەت ئــەو هێزانــەی کــە لــەدەرەوە بــۆ نەمانــی کۆمــاری ئیســلامی کاردەکــەن، وەڵامیــان بــۆ پرســی کــورد لــەوە زیاتــر نەڕۆیشــتووەو هەندێکجاریــش ئــەو بڕگەیــەش بــۆ کــورد بــە ڕەوا نازانــن. کەواتــە هــەرکات کــوردو هێــزی کــورد توانــی بەهێــز ببێــتو داوای بەدەســتهێنانی ئــازادیو ڕزگاری کوردســتان بــکات، ئــەوکات ئەوانیــش ئامــادەن لەســەر بابەتــی گەورەتــر لەئەســڵی پانــزدەی یاســای بنەڕەتــی، بــۆ نموونــە خۆبەڕێوەبــەری بــاس لەســەر کوردســتان بکــەن.

پرســیار لێرەدایــە، ئایــا ئێمــە هێــزی داواکردنــی ئــەو داوایەمــان هەیــە؟ بێگومــان داواکــردن تەنیــا بەشــێکی ئــەو بابەتەیــە، لەلایەکــەی دیکــەوە دەبــێ هەوڵــی خۆبەهێزکــردن بەکەڵکوەرگرتــن لــەو گۆڕانکارییانــە بدەیــن کــە لەبەشــەکانی پێشــووتر باســمان کــردو بیکەینــە بەرنامــەی کاری خۆمــان. پێموایــە بــە پێشــکەوتنی دۆزی کــوردو کەڵکوەرگرتــن لەدەرفەتەکانــی دونیــای ســەردەم، شۆڕشــی کــورد دەتوانــێ ئــەو هێــزە دروســت بــکات. ڕاســان لــە رۆژهــەڵاتو گۆڕانکاریــی لەســاختاری حیزبــی دێموکــڕات، دەتوانــن هەنــگاوی بــاش بــنو بەهێنانــەدی بەرنامەیەکــی لەوشــێوە لەگــەڵ هەمــوو هێــزە سیاســییەکانی دیکــە، گۆڕەپانــی خەبــات دەتوانــێ ســتراتژی گەیشــتن بــەو ئامانجــە خێــرا بــکاتو ببێتــە فاکتەرێکــی جێگرتــووو بەهێــز بــۆ گەیشــتن بــە ئامانجەکانمــان.

# بەشی حەوتەم

## سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک دوای چەند دەیە!

**١.شــەهید بوونــی دوکتــور قاســملوو خەســارەتێکی گــەورەی لــە بزووتنــەوەی کــورد دا**

بەرلــە باســکردن لەســەر سۆســیالیزمی دێموکراتیــک، ســەری ڕێــز بــۆ خەبــاتو زانایــی شــەهیدی نەمــر دکتــۆر عەبدولڕەحــمان قاســملوو دادەنوێنــم. هەبوونــی کەســایەتییەکی لێهاتــووو ڕێبەرێکــی سیاســی وا بەشانســێکی گــەورە بــۆ بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلــی کــورد دەزانــم، چونکــە شــوێندانەری ڕێبــەری نەمــر لــە بەرەوپێشبردنــی بزاڤەکەمــان لەچەنــد ڕەهەنــدو ئاســتی جیــاوازدا زۆر تایبــەتو جێــگای ســەرنجە. ئــەو شــوێندانەرییە تەنانــەت ئەمــڕۆ دوای ســێ دەیــە لــە شــەهیدبوونی بــەدی دەکرێــت. دکتــۆر قاســملوو ئەگــەر دەرفەتــی کار لــە کوردســتانێکی ئــازادی هەبــا، دەیتوانــی بەهــۆی لێهاتــوویو زانایــی ئــەو وڵاتــە لــەڕووی ئابــووریو سیاســیو دامەزراوەیــی زۆر بەرەوپێــش ببــات، هەربۆیــەش تیــرۆری کەســایەتییەکی وەک دکتــۆر قاســملوو نــەک بــۆ کــورد و بزووتنەوەکــەی، بەڵکــوو بــۆ بزووتنــەوەی ئازادیخــوازی سەرانســەری ئێــرانو کوردســتان خەســارێکی گــەورە بــوو، چونکــە دکتــۆر قاســملوو کەســایەتییەکی نێونەتەوەیــی، ئێرانــیو کوردســتانی بــوو.

بایەخــدان بەنرخێکــی گەردوونــی وەک دادپــەروەریو گرنگــی پێویســتی ئــەو نرخــە بــۆ بەختــەوەری مــرۆڤ، هەروەهــا هەبوونــی هەژموونــی بیــری چــەپ لەســەردەمی لاوێتــیو خــۆ پیگەیاندنــی بــۆ بــە دەســتهێنانی زانســتو زانیــاری لەفەلســەفەی بیــری سۆسیالیســتی، وای کردبــوو کــە هەندێــک خەڵــک دکتــۆر قاســملوو بەچــەپ بزانــن یــا بیــری چەپــی دکتــۆر قاســملوو زیاتــر بەرجەســتە بکەنــەوە، بــەڵام ئــەوەی

مـن لەبیـرو هـزری دکتـۆر قاسـملوودا دەبینـم زیاتـر نەتەوەیـیو دێموکڕاتیکبوونـی دکتـۆر قاسـملوویە، نـەک بیـری چـەپ. بـەڵام سـەرنجدان بـە ڕێئالیتـەی مەوجـوود لەهـەر کاتێـک وایکـردوە کـە دکتـۆر قاسـملوو لـە بیرۆکـەو ئایدیـای جیـاواز کەڵکوەربگرێـت؛ بـۆ نموونـە دەتوانیـن ئامـاژە بـە فاکـتو هەوڵەکانـی دکتـۆر قاسـملوو بـۆ سـەلماندنی نەبوونـی دژایەتـی سۆسـیالیزم لەگـەڵ مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی نەتـەوەکان بدەیـن. لـە «کوردسـتانو کـورد»دا لـەو بـارەوە دەڵێـت: «چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کـورد بەسـتراوەتەوە بەپێشـکەوتنی دێموکڕاتـیو سۆسـیالیزم لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا».

هەربۆیـەش دکتـۆر قاسـملوو بـۆ خزمەتکـردن بـە کـوردو کوردایەتـی دینامیزمەکانـی سـەردەمی وەک مێتۆدێـک لەسیاسـەتدا بەکارهێنـاوە. ئـەو بابەتـە وای کردبـوو شـوێندانەری دکتـۆر قاسـملوو لەسـەر خەباتـی نەتەوایەتـی بێوێنـە بێـت. یەکێـک لـەو بابەتانـەی کـە بەنـاوی دکتـۆر قاسـملووە گرێـدارەوە، سۆسـیالیزمی دێموکراتیکـە کـە بەهەنگاوێکـی پێشـکەتووی هـزری حیزبـی دێموکـڕات لەسـەردەمی خۆیـدا هەژماردەکرێـت. لـەدوای دکتـۆر قاسـملوو و نەمانـی تەوژمـی چـەپو شـینەکردنەوەیەکی پێویسـتی بـواری هـزری سۆسـیالیزمی دێموکراتیـک، زیاتـر لەچوارچێـوەی پاراگرافێـک قەتیسمـاوە، تەنانـەت هەندێـک کـەس کـە ویسـتیان شرۆڤـەی بکـەنو بیگـۆڕن بەبیرێکـی سـەردەمیتر یـان لایببـەن، وێـڕای شرۆڤەکەیـان کـە زۆر بەنرخـە، پێموایـە بەهـۆی ترسـی کاردانـەوەی ڕای گشـتی، نـەکا ئـەو بیرکردنەوەیـە بەدژایەتـی بیـری دکتـۆر قاسـملوو هەژماربکرێـت، بەڕوونـیو ئاشـکرا بـەو شـێویەی کـە دەبـێ لەسـەردەمی ئێسـتادا

وەکــوو پێویســتی هەڵســەنگاندن بــۆ بەرنامەیەکــی وا بکرێــت، کاری بــۆ نەکــراوە.

بۆیــە لــەو بەشــەدا بــاس لــە سۆســیالیزمی دێموکراتیــک وەک پێویســتییەکی مێژوویــی بــۆ بارودۆخــی سیاســی ســەردەمی خــۆیو کاریگــەری و هــۆکارە ئەرێنییەکانــی پەســەندکردنی سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک دەکەیــن کــە بەجــێ بــوون.

### ٢. سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک لەبەرچــی هاتــە نێــو پرۆگرامــی حیزبــەوە؟

هــۆی ســەرەکی بنەمــای شــیکردنەوەی سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک، وەک پێویســتییەکی مێژوویــی کەشــی سیاســی ئــەوکات لەجێــی خۆیــدا بــوو، هەروەهــا وەڵامــی ئــەو پرســیارە دەداتــەوە کــە بۆچــی سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک لــەو کاتــەدا بەپێویســت زانــراوە؟ چونکــە بــەو شــێوەیە باشــتردەتوانین بیربکەینــەوە کــە بەنەمانــی کەشــی سیاســی ئــەوکات، ئایــا لەســەردەمی ئێســتاشدا بوونــی سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک چەنــدە پێویســتە؟ بــە ئاوڕدانــەوە لەبارودۆخــی کەشــی سیاســی ســەردەمی هاتنــە بەرباســی سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک دەبینیــن؛

یەکــەم؛ هەژموونــی بیــری چــەپ لەدەیەکانــی پەنجــاو شەســتی هەتــاویدا وەک فاکتێــک بــۆ هەمــووان ئاشــکراو ڕوونــە، بەتایبەتــی توێــژی ڕوشــنبیرو خوێنــدەواری ئــەو ســەردەمە بەهــۆی پڕۆپاگەنــدەی زۆری چەپــەکان لەنێــو کۆمەڵــگادا، بەشــێکی گرنگــی هێزیــی مرۆیــی کۆمەڵــگاو شۆڕشــی بەخــۆوە ســەرقاڵ کردبــوو، هەروەهــا هەبوونــی ڕێکخراوگەلــی چــەپ لــە کوردســتانو جوداکردنــەوەی ڕێکخــراوەی

خۆیـان لەحیزبـی تـوودە، لەلایەکـی تریشـەوە کاریگـەری تودەییـەکان لەنێـو کۆمەڵـگاو تەنانـەت لەنێـو حیزبـی دێموکراتیشـدا لایەنگـرو شـوێنکەوتووی خـۆی هەبـوو.

دکتـۆر قاسـملوو لەشـیکردنەوەی کورتەبـاس‌دا ڕاشـکاوانە لەهەوڵـی ئـەوان بـۆ دژایەتییەکـی جیدیـی سۆسـیالیزمی دێموکڕاتیـک‌و ئاکامـی ئـەو دژایەتییـە دەگات. دکتـۆر قاسـملوو وێـڕای ئامـاژەدان بەجیاکردنـەوەی تەشـکیلاتی حیـزب لـە حیزبـی تـوودەو خسـتنە سـەرپێی حیزبـی دێموکـڕات وەک حیزبێکـی سـەربەخۆ؛ نایشـارێتەوەو دەنووسـێ هەتـا بەرلـە کورتەبـاس؛ «پاشـماوەی شـێوە فیکرکردنەوەیەکـی تودەئیسـتی لەحیزبـی ئێمـەدا هـەر هەیـە».

دووەم؛ هەبوونـی ئـەو فەزایـە لەلایـەک‌و پڕۆپاگەنـدەی جیـددی ئـەو لایەنانـە لەنێـو کۆمەڵـگا بـەدژی حیزبـی دێموکـرات لەلایـەک کـە حیزبێکـی پێشـڕەو نیـە یـان ناسیۆنالیسـت و دواکەوتووە_چەمکـی «حیزبـی پێشـڕەو» لـە شـۆڕش و ئایدیـای چـەپ دا بـۆ بەرەنـگاری دژبـە دیکتاتـۆری کـە دەبـێ خـاوەن ئایدیـای ڕوون بـۆ داهاتـوو بێـت، گرنگـە_. بۆیـە حیزبـی دێموکـڕات پێدانـی وەڵامێکـی زانسـتی لەمـەڕ ئـەو ڕەخنانـە بەپێویسـت زانـی. ئـەم ڕوانینـە بەشـێک بـوو لەکەشـی سیاسـی ڕۆژهـەڵات‌و حیزبـی دێموکـڕات لـەو کاتـەدا. هەربۆیـەش لەسـەرەتای دەسـتپێکی کورتەبـاس بـەو شـێوەیە وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەدرێتـەوە، بۆچـی حیزبـی دێموکـڕات بـاس لـە سۆسـیالیزم دەکات؟: «ح.د.ک.ئ. هەرچەنـد حیزبێکـی دێموکڕاتـی میللی‌یـە، بـەڵام لەهەمـان کاتـدا حیزبێکـی پێشـڕەوە. حیزبـی پێشـڕەو بـەو مانایـە کـە دەیهـەوێ هـاوڕێ لەگـەڵ چارەسـەرکردنی مەسـەلەی نەتەوەیـی‌و وەرگرتنـی مافـی

نەتەوەیــی گەلەکەمــان، مەســەلەی کۆمەڵایەتیــش چارەســەر بــکا».

ســێیەم؛ نەمــر دکتــور قاســملوو هەمیشــە ڕوانینــی چەندڕەهەنــدی بــۆ بابەتــەکان هەبــوو، ئــەوەش ئەرکــی هــەر سیاســییەکی شۆڕشــگێرو حیزبێکــی سیاســییە کــە خــۆی بەرانبــەر بــە پرســەکانی نەتەوەکــەی بەرپرســیار بزانێــت. دکتــۆر قاســملوو پێوابــوو حیزبێکــی وەک حیزبــی دێموکــرات دەبــێ خــاوەن بەرنامەیەکــی دیاریکــراو بــۆ پرسگەلــی جیــاواز بــێ، ئــەو جــۆرە بیرکردنەوەیــەش وایدەخواســت کــە دکتــۆر قاســملوو بــۆ پرسگەلــی جیــاواز لــە کۆمەڵــگادا خــاوەن تێــزی خــۆی بێــت. بــە بۆچوونــی دکتــۆر قاســملوو بەهەمــان شــێوە کــە خەبــات بــۆ مافــی نەتەوەیــیو لابردنــی ســتەمی نەتەوەیــی دەکرێــت، نابــێ بابەتگەلــی دیکــە پەراوێــز بخرێــن؛ هەربۆیــەش هەوڵــدان بــۆ چارەســەری پرسگەلــی کەلتــووریو ئابــووریو کۆمەڵایەتــی یــان پرســی مافــی ژنــانو یەکســانی، بەبەشــێک لــە ئەرکــی خــۆیو حیزبــی دێموکــرات دەزانــی.

هەربۆیــە لەســەردەمێکدا کــە بیــری چــەپ وەک دوگمایــەک لەهەندێــک کتێــب یاخــود لەڕێبــازی هەندێــک حیزبــی دەرەکــیدا خــۆی بەرجەســتەدەکردو بێئــەوەی لەگــەڵ دۆخــی کۆمەڵــگا بگونجــێ، وەردەگیــراو هێــزی مرۆیــی لەکوردســتان بەتایبەتــی توێــژی لاوانــی بــەلاڕێدا دەبــرد؛ دەبــا حیزبــی دێموکــرات بەرنامەیەکــی ڕوونــی بــۆ ئــەو بابەتــە هەبــا تــا بەشــێوەیەکی لۆژیکــی بتوانــێ پێشــی ئــەو بەلاڕێدابردنــە بگــرێ.

دکتــۆر قاســملوو لەســەر هەژموونــی بیــری چــەپ کــە بەچــەوت لەنێــو کۆمەڵــگادا بڵاوببــووە، لەشــیکردنەوەی کورتەبــاسدا دەڵێــت:

«ســاڵەهای ســاڵە ئەدەبیاتــی سۆسیالیســتی لــە ئێرانــدا- ئەگــەر بــە موبالغــە نەبــێ – ســەدی نــەوەد هــی بەڕێوەبەرانــی حیزبــی توودەیــە کــە پــڕە لــە بیروبــاوەڕی ناڕاســت و چــەوت. دەرهێنانــی ئــەو ئەدەبیاتــە چەوتــە لەمێشــکی لاوان کــە هەندێــک لەئەندامانــی حیزبــی خۆشــمانی لەگەڵــن‌و ئەوانیــش بیروبــاوەڕی سۆسیالیســتییان هــەر لەڕێــگای ئەدەبیاتــی توودەییــەوە وەرگرتــووە، کارێکــی زۆری دەوێ».

سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک بەگشــتی لــە کەشــێکی وەهــادا هاتــە بەربــاس‌و بــوو بەجێــی موناقشــە، دواجــار لــە کۆنگــرەی شەشــی حیــزب‌دا پەســەند دەکرێــت. ئەگــەر ئێمــە بمانهــەوێ لــە ئێســتادا بــاس لــە سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک بکەیــن، دەبێــت کەشــی ئەمــڕۆ هەڵبســەنگێنین، گونجاندنــی بەرنامەیەکــی وەهــا لــە پڕۆگرامێکــی حیزبــی سیاســیدا بــە پێداویســتییەکانییەوە دەبــێ هەمــوو کەلێــن‌و کەلەبەرەکانــی ســەردەمی ئەمــڕۆ و داهاتــوو لەبەرچــاو بگیــرێ و لەڕوانگــەی ئەمڕۆییــەوە هەڵبســەنگێندرێ، نــەک چەنــد دەیــە بــەر لەئێســتا؛ بــەڵام ناکــرێ کاریگەرییــە ئەرێنییەکانــی داهێنــان‌و پەســەندکردنی سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک لــەو ســەردەمەدا بەهەنــد وەرنەگریــن.

### ٣. تایبەتمەندییەکانی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک

بەپێویســت دەزانیــن بەشــێک لەخاڵــە ئەرێنیەکانــی داهێنــان‌و پەســەندکردنی سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک لێــرەدا بخەینــە بەردیــدی خوێنــەران.

١. داهێنانــی سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک بەقوناغێکــی پێشــکەوتنی

خەباتــی کــورد هەژماردەکــرێ، چونکــە بەرنامەیەکــی داڕێــژراو لەســەر بنەمــای هەلومــەرج و تایبەتمەندییــە جیاوازەکانــی کۆمەڵــگای کــوردی بەدەســتی کــورد بــوو. ئــەوەی لێــرەدا شــایەنی باســە، ئامانجــی کــورد بەگوێــرەی بیــرو ئەندێشــەی مارکــسو ئەنگڵســی ئوروپایــی یــان تێڕوانینــی چەگوارایانــەی ئەمریکای‌لاتیــن یــان جێبەجێ‌کردنــی بێ‌ئەملاوئــەولای هێڵــە هزرییەکانــی مائویســتی چیــن بــەدی نایــێ، بەڵکــوو هــەر بەرنامەیــەک بەگوێــرەی هەلومــەرجو پێداویســتیو تایبەتمەنــدی کۆمەڵــگای خــۆی دادەڕێــژێ و ناکــرێ سەدلەســەد بــۆ کۆمەڵگایەکــی دیکــە بــە دروســت بزانــرێ، ئــەوەش لەکاتێــك دایــە بەشــێک لــەو هزرانــە تەنانــەت لــە کۆمەڵگاکانــی خۆشــیان تووشــی گرفتــی ســەرەکی بــوونو لەئاکامــی جێبەجێکردنیــان نــەک بەختەوەریــان بــۆ وڵاتەکەیــان بەدی‌نەهێنــاوە، بەڵکــوو تووشــی گرفتیــش بــوون.

هەربۆیــە بەرنامــەی سیاســی حیزبێــک دەبــێ ئەوەنــدە پێشــکەوتووو لۆژیکــی بێــت کــە بەگوێــرەی تایبەتمەندییەکانــی ســەردەمیانەی کۆمەڵــگای خــۆی دیــاری بکــرێو دابرێــژێ، دکتــۆر قاســملوو بەهێنانــە بەرباســی سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک ئــەو بابەتــەی لەنێــو کــورددا بەشــێوەیەکی زانســتی جێگیرکــرد کــە دەبــێ کــورد لەســەر بنەمــای کــوردو کوردســتان بەرنامــە دابنــێ، نــەک واردی بــکات. لــەو بارەیــەوە لەشــیکردنەوەی کورتەبــاس‌دا دەڵێــت: «فەرقــی ئێمــە لەگــەڵ زۆربــەی ئــەو دەســتەو تاقمانــە ئەوەیــە کــە ئــەوان هــەوڵدەدەن واقعییەتــی وڵاتەکەمــان لەگــەڵ تیۆرییەکەیــان ڕێکبخــەنو ئێمــە بەپێچەوانــە دەمانهــەوێ بەکەڵک‌وەرگرتــن لەتیــۆریو ئەزموونــی شۆڕشــگێڕانەی وڵاتەکانــی دیکــەو دەرســەکانی جووڵانــەوەی مێــژووی گەلــی کــورد،

بەجۆرێــک رێک‌وپێکــی بکەیــن کــە وەڵامــدەری واقعییەتــی هەڵقــوڵاو لــە وڵاتەکەمــان‌و گەلەکەمــاندا بــێ».

ئــەو داهێنانــە لەســەردەمێک‌دا کــە توێــژی ڕۆشــنبیر هەمــوو هەوڵــی ئــەوە بــوو، وەڵامــی هــەر پرســیارێک لەکتێبەکانــی مارکســدا بدۆزنــەوە، ئــەوەش بەپێشــکەوتنێکی جیــددی خۆیــان هەژماربکــەن، پێشــکەوتنێکی بەرچــاو بــوو.

٢. پێشــگیری لــە بەلاڕێداچوونــی هێــزی مرۆیــی ئــەوکات بەهــۆی خراپ‌تێگەیشــتن لــە سۆســیالیزم‌و هەژموونــی چەپــی تونــدڕەو، بەوەڵامدانەوەیەکــی زانســتی بــۆ سۆســیالیزم‌و دۆخــی کوردســتان لــەو ســەردەمەدا. دکتــۆر قاســملوو بــە سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک، وێــڕای دەستنیشــانکردنی گرفتەکانــی سۆســیالیزمی مەوجــوود لەوڵاتانــی جیــاواز، لایەنــە نەرێنییەکانــی ئــەو ئایدیایــەی خســتەڕوو کــە بــۆ هەنــدێ لەپەیڕەوانــی ئــەو ئایدیایــە بەتابــۆ هەژماردەکــرا. ئــەو تابــۆ هەژمارکردنــە وەک پەردەیــەک پێشــی بەدیتنــی ڕووی ڕاســتەقینەی ئــەو ئایدیایــە لەلایــەن بەشــێک لەلاوانــی کوردســتانەوە گرتبــوو؛ بــەڵام دکتــۆر قاســملوو بەشــیکردنەوەی زانســتی بــۆ سۆســیالیزم و تێروانینــی جیــاواز لەمــەڕ ئــەو ئایدیایــە، نیشــانی‌دا سۆســیالیزم لەوڵاتــە جیــاوازەکان هەرگیــز ئاکامــی دڵخــوازی بەدەســت نەهێنــاوەو توانــی بەلێکدانەوەییەکــی زانســتی سۆسیالیزم‌ناســی‌و تێڕوانینــی زانســتی بــۆ ئایدیاکانــی، وێــڕای خســتنە بەرباســی کەم‌وکوڕییەکانــی، تێزێکــی دیکــە بــۆ کۆمەڵــگای کوردســتان بخاتــەڕوو. بۆیــە دەڵێــم زانســتی، چونکــە لەهەمــان‌کات‌دا کــە بــاس لەگرفتەکانــی ئــەو ئایدیایــە دەکات، بــاس لەلایەنــە ئەرێنییەکانیــش دەکات، بەتایبەتــی ئــەو لایەنانــەی کــە

لەگەڵ دۆخی کوردستان دەگونجێ؛ ئەوەش پێی دەوترێ تێڕوانینی ئۆبژێکتیوانە کە بنەمای تێڕوانینی زانستییانە بۆ بابەتگەلی جیاواز هەژماردەکرێ.

بەو شێوەیە، دکتۆر قاسملوو توانی بەشێکی بەرچاوی هێزی کۆمەڵگا لەژێر ناوی حیزبی دێموکڕات، بۆ ڕزگاری نەتەوەی کوردو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای کورد بەکاربهێنێ. لەئەگەری نەبوونی تێڕوانینێکی لەو شێوە، کەلێنێکی گەورە لە بەرەوپێشچوونی شۆڕشو خزمەتکردنی کۆمەڵگا دروست دەبێتو دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوونی هێزو وزەی کۆمەڵگا بۆ خزمەت بە مەکتەبو ئایدیای جیاواز، چونکە کورد لەو بوارەدا ئەزموونێکی باشی نیە. کەم نەتەوە بە ئەندازەی کوردی چەپی سادقی بە سۆسیالیزم و ناوەندە سۆسیالیستیەکان هەیە، بەڵام هیچکات پرسی کوردو چەوساندنەوەی کورد بۆ چەپو وڵاتە سۆسیالیستییەکان گرنگ نەبووە، بگرە لەشوێنی خۆشی خیانەتیان لەکورد کردووە؛ هەروەک کورد خۆی ئیسلامە، بەڵام زۆرجار دوژمنانی کورد لەژێر ناوی ئیسلام فتوای جیهادیان بەسەر کورد داوە یان ئەنفال کراوە.

٣. پێشگرتن بە دوورکەوتنەوەی حیزبی دێموکڕات لەبنەما نەتەوەییەکانو ئەو دێموکراسییەی کە کۆمەڵگای کوردستان و حیزب پێویستی پێی هەیە. ئەوە ڕاستە کە سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک، زیاتر سۆسیالیزمەکەی زەقدەکرێتەوەو زۆرجاریش بەبنەمای چەپبوونی حیزب دادەنرێ، بەڵام خزمەتی سەرەکی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک بە دێموکراسیو نەتەوەییبوونی حیزبی دێموکراتە. سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک بەدانانی سنووربەندی ڕوونوئاشکرا

لەگـــەڵ حیزبـــە چەپـــەکان، بەتایبەتـــی بیـــریو ئایدیـــای توودەییـــەکان، توانـــی تایبەتمەنـــدی خزمـــەت بـــە چەمکـــی نەتەوەیـــی لـــە حیـــزبدا وەک ئەســڵێک بپـارزێو خەباتـی بـۆ بـکات. ناکـرێ پرسـی نەتەوەیـی لەبەرنامـــەی هیزێکـــی سیاســـی کـــە بـــۆ کـــورد خەبـــات دەکات، ڕەنـــگ نەداتـــەوە؛ چونکـــە ئـــەوکات لـــە ســـەرەکیترین پرســـی گـــەل دووردەکەویتـەوە، ئەگەریـش دوورکەوتـەوە ناتوانـێ خزمـەت بـە گـەل بـکات لەکاتێـکدا گەورەتریـن گرفتـی ئـەو نەتەوەیـە پشـتگوێ دەخـات. کەواتـە بەدانانـی ئـەو سـنووربەندییە، توانـرا حیزبـی دێموکـڕات کـە وەک حیزبێکـــی پێشـــڕەو خـــاوەن بەرنامـــە بـــۆ پرسگەلـــی جیـــاوزە، پرســـی نەتەوەییـــش وەک ســـەرەکیترین بنەمـــای خەبـــات ببینـــێ و بـــۆ لابردنـــی ســـتەمی نەتەوایەتـــی خەبـــات بـــکات. تەنانـــەت پێناســـەکردنی دروشـمی ڕۆژو تاکتیـکو سـتراتژی، هەروەهـا دیاریکردنـی سۆسـیالیزمی دێموکڕاتیـــک وەک ئامانجـــی دواڕۆژ، _نـــەک لەبـــەر ئـــەوەی پەســـەند کـراوە_ لەپێنـاو ئـەوە بـوو کـە دەبـێ بەشـی سـەرەکی خەبـات بـۆ پرسـی نەتەوەیـی، واتـە دابینکردنـی ئـازادی لەئێسـتادا تەرخـان بکرێـت.

لەلایەکـــی دیکـــەوە، پاشـــگری دێموکڕاتیـــک، مانایەکـــی تایبەتـــی هەبـــوو. دکتـــۆر قاســـملوو گرفتـــی سۆســـیالیزمی کـــە لـــە وڵاتگەلـــی جیـــاواز نەیتوانـــی ســـەرکەوتن بەدەســـت بێنـــێ، لـــەوەدا دەبینـــی کـــە دێموکڕاســـی لـــەو وڵاتانـــە وەلانـــراوەو بنەمـــای ســـەرکەوتنی سۆسیالیزمیشـــی بەهەبوونـــی دێموکڕاســـی دەزانـــی؛ ئەمـــەش نیشـــانەی گرینگیـدان بـە دێموکڕاسـییە لـە سۆسـیالیزمی دێموکڕاتیـکدا. هەروەهـا ئاماژەکـردن بـــەوەی کـــە ئێمـــە وەک حیزبـــی دێموکـــڕات لـــە ئێســـتاو داهاتـــووی کوردســـتانو تەنـــات ئێرانیـــش، دێموکڕاســـی وەک بنەمایـــەک

دەبینیـــن‌و کار بـــۆ بەدیهاتنـــی دەکەیـــن، ئەمـــەش نیشـــانەیەکی دیکـــەی ئـــەو گرنگـــی پێدانەیـــە. لـــە شـــوێنێکی دیکـــەدا دەڵێـــت: «سۆســـیالیزمی بـــێ دێموکڕاســـی، وەک کاریکاتێرێکـــە»، واتـــە ڕاســـتە بـــاس لـــە بنەماکانـــی سۆســـیالیزم دەکـــرێ، بـــەڵام بەدیهاتنـــی ئـــەو سۆســـیالیزمە لەگـــرەوی بەدیهاتنـــی دێموکڕاســـی لەئاســـتی جیـــاوازدا دەزانـــێ، ئـــەوەی کـــە دەبیـــنرێ، دکتـــۆر قاســـملوو بەئایدیایەکـــی دژ، خزمـــەت بـــە دووبابەتـــی ســـەرەکی‌و پێویســـت دەکات، ڕاســـتە نامۆیـــە، بـــەڵام لەهەمان‌کاتـــدا ئـــەوە هونـــەری دکتـــۆر قاســـملوو وەک هزرمەندێکـــی سیاســـی‌و ڕێبەرێکـــی بەرپرســـیار بەرانبـــەر گـــەل‌و نیشـــتمانەکەیەتی کـــە جێـــگای ڕێـــزو شـــانازی نەتـــەوەی کـــوردە.

٤. گرنگی‌پێـــدان بەئەســـڵی ســـەربەخۆیی لەسیاســـەت‌و بڕیـــاردان وەک پرەنســـیپێک لـــە حیزبـــی دێموکراتـــدا جێگیرکـــراوە، چونکـــە لـــە کورتەبـــاس‌دا پەیوەندی‌گرتـــن لەگـــەڵ یەکێتـــی ســـۆڤیەت و ناوەندگەلـــی سۆسیالیســـتی بەشـــێوەیەک شـــی‌کراوەتەوە کـــە حیزبـــی دێموکڕاتـــی کوردســـتانی ئێـــران نـــە دژایەتـــی دەکات‌و نـــە پەیـــڕەوی لەهیـــچ لایەنێـــک دەکات، بەڵکـــوو پەرەپێدانـــی دۆســـتایەتی بەپاراســـتنی ئەســـڵی ســـەربەخۆیی وەک سیاســـەتی پەیوەندی‌گرتـــن ئامـــاژە پـــێ‌دەکات. جەختکردنـــی لەســـەر چۆنیەتـــی پەیوەنـــدی لەگـــەڵ هێـــزە سۆسیالیســـتەکان، بەتایبەتـــی یەکێتـــی ســـۆڤیەت لەژێـــر بنەمـــای پاراســـتنی ســـەربەخۆیی، یەکێکـــی دیکـــە لـــە کاریگەرییـــە ئەرێنییەکانـــی سۆســـیالیزمی دیموکڕاتیـــک بـــوو کـــە بەوشـــێوەیە توانـــی کاریگـــەری ئەرێنـــی لەســـەر حیـــزب بـــۆ خزمەت‌کردنـــی کۆمەڵـــگا دابنێـــت.

**٤. سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک و خوێندنەوەیەکی سەر لەنوێ**

بــەو شــیکردنەوەی ســـەرەوە، هەوڵــماندا دوو بنەمــای کەشــی سیاســی ســـەردەمی هاتنــە بەرباســی سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک و پێویســتی و ســودەکانی سوســیالیزمی دێموکراتیــک بخەینــەڕوو کــە پێــمان دەڵــی بۆچــی سۆســیالیزمی دیموکڕاتیــک پێویســتە. هەروەهــا ڕوانیــن لــە کاریگەرییــە ئەرێنییەکانــی دەردەکــەوێ کــە دکتــۆر قاســملوو بــە چ لێهاتووییــەک توانیویەتــی بــەو بەرنامەیــە خزمەتــی بزاڤەکەمــان بــکات، بــەڵام هەڵوێســتی ئێســتامان کــە چەنــد دەیــە بەســەر پەسندکردنی ئــەو بەرنامــە تێپــەڕ دەبێــت، گرنگییەکــی تایبەتــی هەیــە. بۆیــە پێویســتە سۆســیالیزمی دیموکڕاتیــک لەلایــەن کەســانی شــارەزاوە بخرێتــە بەرخوێندنــەوەو داڕشــتنەوەیەکی ســەر لەنــوێ.

ســەرەتا، ڕەتکردنــەوە، لابــردن یــا ڕەخنەگرتــن لــە سۆســیالیزمی دیموکڕاتیــک، بەمەرجێــک کــە بنەمــای زانســتی بەمەبەســتی شــیکردنەوە یــان دانانــی بەرنامەیەکــی دیکــە بــێ، نابــێ بەتابــۆ بزانیــن؛ بەڵکــوو گفتوگــۆی زانســتی لــەو بــارەوە پێویســتە، جــا بەمەبەســتی تەئیــد یــا ڕەتکردنــەوەی سۆســیالیزمی دیموکڕاتیــک بــێ، فــەرق نــاکا، بەڵکــوو بەدەوڵەمەنــدیو گەورەیــی دکتــۆر قاســملووی دەزانیــن. چونکــە هەمــوو بابــەت و تیۆرییەکــی زانســتی کــە دێتــە ئــاراوە دواتــر دەکەوێتــە بــەر لێکۆڵینــەوەو پێداچوونــەوەی زانســتی ڕەخنەگرانــە. ئــەوە نــەک لــە گرنگــی زانســتی تیۆرییەکـــە کەمناکاتـــەوە، بەڵکـــوو دەوڵەمەندتـــری دەکات، چونکــە زانســت بــەردەام لــە گەشــەکردن دایــەو لــە دونیــای زانســتدا بــەردەوام تیۆرییــەکان لەبــەردەم تاقیکردنــەوە دان بۆئــەوەی ڕاســتیو دروســتیان دەرکــەوێ، هەروەهــا تیۆرییــەک کــە بــۆ هەلومەرجێــک

ئاکامێکـی باشـی دەبـێ، زۆر ئاسـاییە کـە لـە هەلومەرجێکـی دیکـەدا ئاکامـی جیـاوازی هەبێـت. بریـا ئەمـڕۆ دکتـۆر قاسـملوو زینـدوو بایـەو بێگومـان بۆچوونـی نـوێو خوێندنـەوەی سـەردەمیانەی _چـۆن ئـەوکات کردوویەتـی_ ئێسـتاش دەیکـرد. بۆیـە نابـێ لـەوە ترسـمان هەبـێ کـە کەسـێک لەسـەر سۆسـیالیزمی دیموکڕاتیـک ڕەخنـەی هەیـە یـان ڕەتیدەکاتـەوە، ئـەوە لەزەمانـی حەیاتـی شـەهید دکتـۆر قاسملووشـدا هەبـووە. بـە بـڕوای مـن کەسـێک بتوانێـت بەفاکتـی زانسـتی ئـەو بابەتـە دەوڵەمەنـد بـکات یـان جێگـرەوەی بـۆ بدۆزێتـەوە، دەبـێ بـەدڵ فراوانییـەوە پێشـوازی لێبکەیـن. بۆیـە بەڕەچاوکردنـی بنەمـا زانسـتییەکان ئەگـەر بەپێچەوانـەی ڕای گشـتیش بـێ، دەبـێ ڕوانگـەی خۆمـان بـۆ بەرەوپێشبـردنو گەشـەکردنی تیـۆریو بنەمـا فکرییەکانـی حیـزب بەڕاشـکاوی بڵێیـن.

بەوشـێوەیە پەیڕەوەیـمان کـردووە لـە بنەمایی‌تریـن مێتـۆدی دکتـۆر قاسـملوو کـە هیـچ بابەتێکـی بـە دوگـم وەرنەدەگـرت، بەڵکـوو بەگوێـرەی گونجـانو خزمەتیـان بەپرسـی نەتەوەیـیو کۆمەڵـگای کوردسـتان کەڵکـی لێوەردەگـرت. ئێمـەش نابـێ بیـری دوکتـۆر قاسـملوو بەدوگـم وەرگریـن، چونکـە هەمـوو بابەتـە هـزریو لێـدوانو کردەوەکانـی هـەر بیرمەندێـک لەقوناغـی جیـاوازدا ئاڵوگـۆڕی بەسـەردا دێو بیرمەندانـی داهاتـوو تەواوکـەری دەبـن؛ چونکـە هەلومەرجـی سـەردەم کاریگـەری هەبـووە لەسـەر هەندێـک بابـەت. ئەگـەر بیـری دکتـۆر قاسـملوو بـە دوگـم وەرگریـن، ئـەوا بەپێچەوانـەی دکتـۆر قاسـملوو هەنـگاو هەڵدەگریـن یـان بەشـێوەیەکی دیکـە دکتـۆر قاسـملووی مەزڵـومـان ناسـیوە.

ئەگـەر بمانهـەوێ ئـەو هەڵوێسـتەی سـەرەوە ببێـت بەبەشـێک لـە بەرنامـەی حیـزب، پێویسـتە ئـەو بابەتـەش ڕەچاوبکەیـن کـە هـەر بیرکردنـەوە، بەرنامـە یـان تیۆرییـەک تـا ئەوکاتـەی کـە لەکۆنگـرەی حیزبـدا پەسـەند دەکرێـت، پـڕۆژە یـا پێشـنیارێکە کـە بـە گفتۆگۆیەکـی تەندروسـت، دەکـرێ ڕەت، قبـووڵ یـان دەوڵەمەنـد بکرێـت؛ بـەڵام کـە لەبەرزتریـن ناوەنـدی یاسـادانانی حیـزب واتـە کۆنگـرە پەسـندکرا، دەبێتـە یاسـاو دەبـێ جێبەجـێ بکـرێ. هەربۆیـە بەپێـی جیـاوازی نێـوان یاسـاو پـڕۆژە یاسـا دەبـێ هەڵسـوکەوت بکەیـن، واتـە پڕۆژەیاسـا بـە پێشـنیارو ڕەخنـە دەوڵەمەنـد بکەیـن تـا یاسـایەیکی باشـی لـێ دروسـت بێـت کـە بـووش بەیاسـا جێبەجـێ بکـرێ تـا سـەرکەوێ.

سۆسـیالیزمی دیموکڕاتیـک کـە لەبەرنامـەی حیزبـدا لەئاسـتی پاراگرافێـک قەتیـس ماوەتـەوە، پێموایـە مێتـۆدی داهێنانـی وەک باسـێکی مێـژووی‌و مێتـۆدی بەرنامەداڕێـژی بـۆ بەرنامـەی حیزبێکـی سیاسـی لەپێنـاو خزمەتـی گـەلدا دەبـی بـەردەوام کەڵکـی لێوەربگیرێـت. سۆسـیالیزمی دێموکڕاتیـک لـە کەشـێکدا پێویسـتی دەنوانـد، بـەڵام ئێسـتا کـە هەلومەرجـی نێونەتەوەیـی بەگشـتی ئاڵوگـۆڕی بەسـەردا هاتـووە ئایـا سۆسـیالیزمی دێموکڕاتیـک هەنووکـە گرنگـی خـۆی لەدەسـت نـەداوە؟ ئایـا ئـەو هەلومەرجـەی کـە سۆسـیالیزمی دێموکڕاتیـک تێیـدا لەدایکبـووە ئێسـتا وەک خـۆی مـاوە؟ بـۆ نموونـە دەتوانیـن ئامـاژە بـە هەژموونـی چـەپو سـنووربەندی لەگـەڵ ئـەو هێزانـە بکەیـن کـە ئێسـتا هـەر لـە ڕۆژەڤدا نەمـاون؛ تەنانـەت ئـەو لایەنـە چەپانـەی کـە بەتوونـدی دژایەتـی سۆسـیالیزمی دێموکڕاتیـک‌و ناسیۆنالیسـتبوونی حیزبـە کوردییەکانیـان وەک دژبەرێکـی حیزبـە

کۆمنیستییەکانیان دەکرد، ئێستا لە حیزبی دێموکڕات زیاتر خۆیان بە نەتەوەیی دەزانن، تەنانەت دان بە هەڵەی ئەوکات بۆ دژایەتی بیری دکتۆر قاسملوو دادەنێن.

بەهۆی گۆڕانکاری لەئاستی کۆمەڵگای کوردیو دۆخی دونیای نێودەوڵەتی، بەتایبەتی دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، ناکرێت بەرنامەیەک کە لەسەر بنەمای هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستانو دونیای نێودەوڵەتی هەبوو بۆ ئەمڕۆش وەک بەرنامەیەک بۆ داهاتوو دابنرێت. لەکاتی نووسینی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک، هێشتا سیستەمی دەربەگایەتی بەتۆخی خۆی لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەنواند کە ئێستا یان نەماوە یان زۆر کاڵ بۆتەوە؛ هەروەها جیاوازییەکی زۆر لە چەمکی چینایەتی کە بنەمای سۆسیالیزمە لە ئێستادا لەگەڵ پێشوو هەیە. لە کورتەباسدا باس لە گرنگی دێموکراسی دەکرێو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە لەداهاتووی کوردستاندا، ئێمە بەرنامەی خۆمان وەک حیزب دەخەینە بەردەم هەڵبژاردن، ئەگەر خەڵک دەنگی پێنەدا ڕێز لەبڕیاری خەڵک دەگرین. کەواتە دانانی بەرنامە بۆ داهاتوویەکی نادیار کە لە کورتەباسدا بە سێ قوناغ باس دەکرێو تا ئێستا ئێمە بە قۆناغی یەکەمی واتە ڕزگاری نەگەیشتوون، زیاتر لەبابەتێک کە پەیوەندی بە پرسی ڕۆژ و خاوەن ئەولەوییەت هەبێ لە پاراگرافێکدا قەتیس دەمێنتەوە.

لەدونیای ئێستادا کە خێرایی گۆڕانکارییەکان بەڕادەیەک زۆرە کە تەنانەت دانانی بەرنامە بۆ ١٠ساڵ و ٢٠ساڵیش کەم وکوڕی خۆی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر بەرنامەکە بۆ پرسی کۆمەڵگا بێت، چونکە کۆمەڵگا بە هەموو پێوەرەکان بەردەوام لە گۆڕانکاری دایە.

هەربۆیەش ئێمە کە باوەڕمان بە دێموکڕاسی هەیە، هەروەها لەچوارچێوەی دێموکڕاسیدا دەرفەتی باشتربوونی سیستەمگەلی جیاوازی ئابووریو ئیداریو کەلتووریو کۆمەڵایەتی هەیە، دەبێ بەرنامەکان بەگوێرەی قۆناغو سەردەم دابڕێژرێت. بۆیەش لەوانەیە هەلومەرجی ئابووری لە کوردستانی ئازادی داهاتوو زیاتر لە ئابووری سۆسیالیستی، پێویستی بە بنەماکانی ئابووری لە سیستەمە لیبڕالەکان هەبێ، یان لەوانەیە لەیەک کاتدا لەهەندێ بواردا دەوڵەتی سۆسیال پێویست بێتو لەهەندێک بواریتردا بنەماکانی لیبڕالیزم وەڵامدەرەوەی گرفتەکان بن. ئەوە هەلومەرجی ئەوکاتەیە باشتر بڕیار دەدات، کەواتە بەرنامەی ئابووری_کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانو بەرەوپێشبردنیان دەبێ لەسەر بنەمای پێوەرە سەردەمییەکان بێت. لەئێستاوە دیاریکردنی ئەو چوارچێوەیە بۆ داهاتوو بەگوێرەی پێوەرەکانی ئەمڕۆ کەموکوڕی لەداهاتوودا دروست دەکات.

دوای پێشنیارکردنی نەمانی پێویستی هەنووکەیی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک، یەکسەر پرسیاری جێگرەوەی لەمێشکی زۆرکەسدا دروست دەبێت.

بە بڕوای من، ئەم باسە کاری هەموو کەسو نووسەرێک نیە، ئەوە کاری کەسانی شارەزای ئەو بوارەیە کە پیموایە حیزب دەبێ هەوڵبدات لێژنەیەک لەوجۆرە کەسانە دیاری بکات تا لەسەر ئەم تێزە توێژینەوە بکەن، یان دەوڵەمەندو شەفافی بکەن یان بەدیلێکی بۆ بدۆزنەوە؛ چونکە کاریکی ئاسان نیە، بۆ نموونە لەسەر شرۆڤەی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک هەوڵێک

بـــۆ لێکشـــوبهاندنی لەگـــەڵ سۆســـیال دێموکڕاســـی هەیـــە کـــە بەتایبەتـــی لـــە وڵاتانـــی ئێســـکاندیناوی توانیویەتـــی بەختـــەوەری زۆرتـــر لەچوارچیـــوەی دەوڵەتـــی خۆشـــگوزەران دروســـتبکات، دەبیندرێـــت کـــە ئـــەو لێکشـــوبهاندنە لەلایـــەن خـــودی دکتـــۆر قاســـملوو ڕەت کراوەتـــەوە. پێـم وایـە ئـەو هەوڵـە زیاتـر بـۆ ئەوەیـە تـا لەژێـر چەتـری نـاوی دکتـۆر قاسـملوو بـەرەو بەرنامەیـەک بڕۆییـن کـە ئەزموونێکـی سـەرکەوتووی هەبـووە. بـەو شـێوەیە ناڕاسـتەوخۆ بڵێیـن کـە مەبەسـتی دکتـۆر قاسـملووش هەرهەمـان سۆسـیال دیموکڕاسـییە. ئـەم شـێوازە تێڕوانینـە لەوانەیـە دروسـت نەبێـت، چونکـە هەلومـەرجو کەلتـووری وڵاتانـــی ئێســـکاندیناوی نـــەک لەگـــەڵ کوردســـتان جیـــاوازە، بەڵکـــوو لەگـــەڵ وڵاتـــی ئەڵمانـــی درواســـێو فەرەنســـای ئوروپـــاش جیـــاوازە. هـــەروەک چـــۆن سۆســـیال دیموکڕاســـی لەئاڵـــمان جیـــاوازە. ئابـــووری فەڕەنسـاو وڵاتانـی دیکـەی ئوروپیـش وێـڕای جیـاوازی هـەرکام لەسـەر تایبەتمەندییەکانـــی خۆیـــان داڕێـــژراون. هەربۆیـــە ئەگـــەری نەگونجانـــی ئابـووری ئێسـکاندیناوی لەگـەڵ کوردسـتان هەیـە، پێـش داوەریکـردن لەئێســـتاوە لەبـــارەی جێگۆڕکـــێ ئـــەو دووانـــە واتـــە سۆســـیالیزمی دێموکڕاتیــک بــە سۆســیال دێموکڕاســی لەوانەیــە گرفــت بخولقینــێ.

### ٥. ڕێگا چارە

بـە بـڕوای مـن پێویسـتە دوای دانـەوەی ڕاپۆرتـی لێژنـەی شـارەزایانی پێداچوونـــەوە بـــە سۆســـیالیزمی دێموکڕاتیـــک، ئـــەو بابەتـــە بێتـــە نێـــو بەدەنـــەی حیزبـــەوەو دواجـــار بخرێتـــە بەرنامـــەی کاری کۆنگـــرەوە بـــۆ بڕیـاری کۆتایـی؛ بۆیـە دەکـرێ هـەر تاکێکـی حیـزب ڕاوبۆچوونـی خـۆی

بەزارەکــی یــان نــووسراوە بخاتــەڕوو بــۆ دەوڵەمەندکردنــی بابەتەکــە. مــن پێموایــە، دەبــێ بەرنامــەی حیــزب لەســەر بنەمــای ڕزگارکردنــی نیشــتمانو ئــازادی بــۆ کــورد لەکوردســتانو بەتەوەروەرگرتنــی ئــازادی دابڕێژینــەوە، چونکــە ئازادکردنــی نەتــەوە وێــڕای پێویســتی هەنووکەیــی بەهــۆی چەوســاندنەوەی گەلەکەمــان بەتوندتریــن شــێوە، پرســێکی گرنگــەو تەنانــەت هەرمانــی نەتەوەیــیو شۆڕشــی پێــوە بەســتراوەتەوە. کەواتــە بەرنامــەو هەوڵــی ئێمــە دەبــێ بەدیهێنانــی ڕزگاری نیشــتمانی بێــتو دواتــر بەڕێوەبردنــی دێموکڕاســیانەی ئــەو نیشــتمانەی کــە ئــازادی تێیــدا بەدەســت دێ. لەبارودۆخێکــی وەهــادا لەجێــگای سۆســیالیزمی دێموکڕاتیــک، دەکرێــت بــۆ ســێ قونــاغ بەرنامەیەکــی تۆکمــە بۆحیــزب دابنرێــت کــە ئێســتا کوردســتان زۆر پێویســتی پێیەتــی. هەروەهــا لەکۆنگــرەکان ئــەو بەرنامەیــە بەگوێــرەی هەلومەرجــی ســەردەم نوێبکرێتــەوە، بەوشــێوەیە دەتوانیــن ئەســڵی ســەردەمیبوون بــۆ حیــزب کــە ئەســڵێکی گرنگــە بەتایبەتــی لــە دونیــای خێــرای گۆڕانکارییەکانــی ئێســتا دروســت بکەیــن. قۆناغەکانــی ئــەو بەرنامەیــە بەشــێوەی خــوارەوە دەبینــم:

قۆناغــی یەکــەم: قۆناغــی ئازادکردنــی کوردســتان واتــە لابردنــی داگیرکــەر. هێڵەکانــی بەرنامــەی ئــەو قۆناغــە وێــرای میکانیزمەکانــی بەهێزکردنــی شــۆڕش لەهەمــوو ئاســتەکان، کارکــردن بــۆ دانانــی میکانیزمــی پێویســتو شــەفاف بــۆ هاوخەباتــی لەگــەڵ هێــزو لایەنــەکان لەخــۆ دەگرێــت.

قۆناغــی دووەم: میکانیزمــی چۆنیەتــی بەڕێوەچوونــی قوناغــی دوای ئــازاد بــوون تاکاتــی دامەزراندنــی دامــەزراوە نیشــتمانییەکانو دۆخــی

ئاسـایی، واتـە قوناغـی گواسـتنەوە.

قوناغـی سـێیەم: قوناغـی میکانیزمـی دامەزرانـدن و بەڕێوەبردنـی دامـەزراوە نیشـتمانیەکان لـە سـەر بنەمایەکـی دێموکراتیـک.

دانانـی بەرنامەیەکـی لەوشـێوەیە، وێـڕای ئـەوەی نەخشـەڕێگای ئـازادی دیـاردەکات، هەوڵـدان بـۆ دروسـتکردنی هاودەنگـی لەسـەر ئـەو نەخشـەڕێگایە دەتوانـێ وەک ئامـرازی بەهێزکردنـی شۆڕشـیش ببینیـن. لەهەمـووی گرنگـتر ئـەوکات باشـتر دەتوانیـن لـە کوردسـتانی ئـازاد کـە بەدیهـات بنەمـا دادپەروەییـەکان، هەروەهـا ئابوورییەکانـی سۆسـیالیزمی دێموکڕاتیـک کـە لەگـەڵ دۆخـی کوردسـتانی ئـەوکات دەگونجـێ، لەچوارچیـوەی بەرنامـەی حکوومەتێکـی دێموکڕاتیـک کـە بـە هەڵبژاردنیکـی ئـازادو یاسـایی‌و دیموکڕاتیـک دێتـە سـەرکار بـەدی بێنیـن. هەروەهـا لەکاتـی شـۆڕش تـا بەدیهاتنـی ئـازادی، بنەمـا دادپەروەرییەکانـی سۆسـیالیزمی دێموکڕاتیـک‌و نرخـە گەردوونـی و مرۆڤیـەکان وەک بنەمـای چوارچێـوەی هـزری و کردەوەیـی حیزبـی دێموکـڕات بـن.

# کۆبەند

بەچاوخشاندنێک بەمێژووی تێڕوانینی ئێران بۆ کورد، دەردەکەوێ سیاسەتی داگیرکارانەی دەوڵەتە یەکلەدوای یەکەکانی ئێران نیسبەت بە گەلی کورد وایکردوە کە مەملەکەتی ماد لەڕابردوو و لەسەردەمە جیاوازەکاندا بە کوردستانی ئێستاوە نەتوانێ خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێزو سەربەخۆ بێت؛ بەڵام بەهۆی بەرخۆدانی بەردەوام، خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی ڕەگی لەنێو خوێنی تاکەکانی ئەو گەلەدا داکوتاوەو تائەمڕۆش لە بیرو مێشکماندا جێگیربووەو لەگەڵ ئەوەی سەربەخۆیی هەرێمیو ناوەبەناوەیان هەبووە، بەڵام  سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی حکوومەتەکانی ئێران نەیانهێشتووە ئەو سەربەخۆییە هەرێمیانە جێگیربێت، بەڵکوو بەردەوام بە دڕەندانەترین شێوە بۆ لەناوبردنی ئەم دەسەڵاتو پرسە تێکۆشاوو سیاسەتی سەرکوتی بزووتنەوەکانی گەلی کورد بەشێکی دانەبڕاوی سیاسەتی حکوومەتەکانی ناوەندی بووە. ویستی ئاشتیخوازی کورد بەگشتی لەڕابردوواو نزیکەی یەک سەدەشە حیزبی دێموکرات داخوازییە ڕەواکانی کورد ئاراستەی حکوومەتە یەکلەدوای یەکەکانی ئێران دەکات، کەچی وەڵامی دیکتاتۆران بۆ داخوازییە بەرحەقەکانی کورد لە سێچارەکە سەدەی ڕابردوودا بە ئاگرو ئاسن وەڵام دراوەتەوە. ئەمە بەڵگەی بەهێزی سەلماندنی ئەم ڕاستییەن کە خۆی لە بیرو مێشکو ڕوخساری داگیرکەرانەی سەرانی ئێراندا وێنادەکات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو مێژووە خوێناوییە، دەردەکەوێ کە حکوومەتی ناوەندی قەت ئامادەنەبووە دان بەکەمترین مافی کورددا بینێو بەهەر شێوەیەکیش بۆیکراوە بەدژی وەستاوەتەوە.

بــۆ حکوومەتــە یەکلــەدوای یەکەکانــی ئێــران گرنــگ نیــە کــورد تــا چ ڕادەیــەک داوای مافــی خــۆی دەکات یــان چەنــدە خزمەتیــان بەحکوومەتــی ناوەنــدیو گەلــی فــارس کــردووە، بەڵکــوو گرنــگ ئــەوە بــووە کــورد بەهێــز نەبــێو نەتوانــێ داوای مافــی خــۆی بــکات، هەربۆیــە بــەردەوام چەوســاندوویانەتەوە.

ئایــا تێڕوانینــی دەســەڵاتدارانی حکوومەتــی داهاتــووی ئێــران بــۆ کــورد دەگۆڕێــت؟ پرســیارێکی جیددیــە بــۆ ئــەوەی کــورد لــە نەبوونــیدا ڕێکارێکــی دیکــە بگرێتەبــەر، ئەگــەر تێڕوانینەکــە عەقڵانــی بــێو لەگــەڵ هەلومەرجــی ئەمــڕۆی دونیــا یەکبگرێتــەوەو بیــر لــە ئێرانێکــی ئــازادو دێموکــرات بکاتــەوە کــە حکوومەتێکــی فیدراڵــی لەخۆدەگرێــتو مافــی نەتەوایەتــی هەمــوو نەتــەوە پێکهێنەرکانــی ئێــران دابیــنو دەســتەبەردەکات، جــێ ڕێــزو پشــتیوانیو دڵخۆشــیە. ئــەوە دەتوانــێ ئێــران بــەرەو کرانــەوە بــەرێو دەرگای ئارامــی، ئــازادیو بەختــەوەری بــەڕووی گەلانــی ئیــراندا بکاتــەوە، بــەڵام ئەگــەر عەقڵییــەت ئاڵوگــۆڕی بەســەردا نەیــەت، گۆڕیــن تەنیــا بــۆ دەموچــاوەکان بێــتو هەمــان ئەزموونــی ڕابــردوو نیســبەت بەگەلانــی ئێــران دووپــات ببێتــەوە، هیــچ لــە مەســەلەکە ناگــۆڕێ. ئەگــەر لــە هەڵوێســتو تێروانینــی ئۆپۆزســیۆنی دژبــەری حکوومەتــی ئاخونــدی بڕوانیــن، مــرۆڤ تووشــی گومــانو دڵســاردی دەکات، چونکــە ئۆپۆزســیۆنی تاراوگــە حکوومەتێکــی بەهێــزی ناوەنــدی کــە کەمــتر دێموکڕاتیــک بێــت لەهەبوونــی مەترســی بۆســەر یەکپارچەیــی خاکــی ئێــران بەباشــتر دەزانــن.

بەلێکدانــەوەی بیروئایدیــای هێــزەکان، داهاتــووی ئێــران زۆر ڕووناکــتر لەمێــژووی ڕەشــی ڕابردوومــان نایەتــە بەرچــاو، چونکــە هــەر

هێزێـک لەئێرانـی دوای کۆمـاری ئیسـلامی دەسـەڵات بەدەسـت بگـرێ، ئاسـۆی گەیشـتن بەئـازادیو پەرەسـەندنی مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس لـە ئێرانـی ئـازاددا بـەدی ناکرێـت. لەبارودۆخێکـی وەهـادا پێویسـتیمان بـە پێناسـەی خەبـات لەسـەر بنەمـای ڕزگاری نەتـەوەی کـوردو خـاکو ئازادییەکەیەتـی، نـەک ئێرانـی ئـازادو یەکپارچـە کـە هیـچ خێرێکـی بـۆ کـورد نەبـووە؛ تەنانـەت خەباتـی بەردەوامـی ئـەو نەتـەوە بندەسـتانەش تـا ئێسـتا هێزێکـی ئەوتۆیـان نەدۆزیوەتـەوە کـە بـڕوای تـەواوی بـە چارەسـەرکردنی مافـی گەلانـی بندەسـت هەبـێ.

ئـەو ڕاسـتییە دەمانهێنێتـە سـەر ئـەو بڕوایـە کـە بـۆ بەردەوامـی خەبـات، دەبـێ گۆڕانـکاری لەهێڵـە گشـتییەکان وەک پێویسـتییەکی گرنـگ لەگوتـاری نوێـی خەبـاتدا خـۆی بنوێنێـت؛ بـەڵام ئەمـە بەتەنیـا تەواوکـەر نیـەو فاکتەرگەلـی دیکـە وەک گۆڕانکارییـە ئابـووریو کۆمەڵایەتـیو کەلتوورییەکانـی نێوخـۆی ڕۆژهەڵاتیـش دەبـێ ڕەچاوبکرێـت. چونکـە ناکـرێ بەبیرکردنـەوەی چەنـد دەیـە پێـش سیاسـەت بـۆ کۆمەڵگاییـەک بکـرێ کـە گۆڕانـکاری زۆری بـە هۆکارگەلـی جیـاواز تێـدا ڕووداوە، واتـە ناتوانیـن پەیـڕەوی لەسـەنتێزیک بکەیـن کـە بـۆ دۆخـی چەنـد دەیـە پێـش ئێسـتا نـووسراوە یـا ئامادەکـراوە.

بـە چاوخشـاندنێکی کـورت بـەو گۆڕانکارییانـەی کـە لەدۆخـی ئابـووری، کۆمەڵایەتـیو کەلتـووری خەڵکـی ڕۆژهـەڵاتدا ڕوویانـداوەو کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر بزووتنـەوەکان بـووە، دەبینیـن ئاسـتی گۆڕانکارییـەکان بەڕادەیـەک بەرچـاون کـە دەتوانیـن بەڕاشـکاوی بـاس لـە کۆمەڵگاییەکـی نوێـی ڕۆژهـەڵات بکەیـن کـە لـە زۆر ڕوووە گۆڕانـکاری ئەرێنـی بەسـەرداهاتووە. ئـەو گۆڕڕانکارییانـەش پاڵنەرێکـی گرنگـن بـۆ

دروســـتبوونی گۆڕانــکاری لەگوتــارو ویســـتو داخوازییەکانــی گەلــی کــورد، بۆیــەش دەتوانیــن لــەو گۆڕانکارییانــە کەڵکــی دروســت وەرگریــن بــۆ خەبــات و شۆڕشــێکی بەرین‌تــر و هەنــگاو بــەرەو ڕزگاری کۆتایــی.

ســەرەڕای گۆڕانــکاری نێوخۆیــی، گۆڕانــکاری لەفاکتــەرە کاریگەرەکانــی ژئۆپۆلیتیکــی ڕۆژهەڵاتــی ناڤیــن، فاکتەرێکــی دیکــەی گرنگــی ئەمــڕۆی گۆڕەپانــی پرســی کــوردە کــە دەبــێ رەچــاو بکرێــن. بزووتنــەوەی کوردســـتانی ڕۆژهــەڵات لەســاڵانی ڕابــردوودا بــۆ بــوون بــە فاکتــەری هێــز یــان «هێــزی شــوێندانەر»، وێــڕای وەگەڕخســتنەوەی خەباتێکــی شــیلگیرتر لــە کوردســتانی ڕۆژهــەڵات، ترســێکی گــەورەی بــۆ کۆمــاری ئیســلامی دروســت کــردووە کــە ئــەو خەباتــە بــەرەو شــۆڕش بــڕوات؛ ڕوونــە کــە ئــەو شۆڕشــە لەڕۆژهــەڵات کاریگــەری لەســەر ئێــران وەک یەکێــک لــە کاریگەرتریــن وڵاتانــی ناوچــە دەبێــت، کاریگەریــش لەســەر ئێــران کاریگــەری لەســەر دۆخــی کــورد لــە رۆژهەڵاتــی ناڤیــن دەبێــت، ئــەوەش ســەرەتای دروســت بوونــی رۆژهەڵاتــی ناڤینێکــی نوێیــە. ئێــران زۆر بەباشــی ئــاگاداری ئــەو خاڵەیــە، بۆیــە بەهەمــوو شــێوەیەک هەوڵــی کپ‌کردنــی ئــەو خەباتــە دەدات؛ لەهەمان‌کاتــدا ڕاســتە دابەشــکردنی کوردســتان لەنێــوان عوســمانیو ســەفەویو دواتــر لەنێــوان تورکیــەو ئێــرانو ســوریەو عێــڕاق بۆتــە هــۆی لاوازبوونــی بزووتنەوەکانــی کــورد، بەجۆرێــک هــەرکات شۆڕشــی کــورد لەپارچەیەکــی کوردســتان بگاتــە لوتکــە، ئــەو چــوار وڵاتــە بەئاســانی هەمــوو ناکۆکییەکانیــان وەلادەنێــنو یەک‌دەگــرنو دژ بەکــورد هەرچــی لــە توانایــان دابێــت بــۆ لەناوبردنــی شــۆڕشو خەبــات دەیکــەن.

لــەو پەیوەندییــەدا، ئــەوەی ئەمــڕۆ وەک گۆڕانکارییــەک دەتوانیــن

ئامــاژەی پێبکەیــن، نەمانــی (گۆڕینــی جوغرافیــای) چــوار وڵاتــی بەهێــزی ناوچەیــە، واتــە لەلایــەک ســوریە تاســەر لێــواری ڕووخــان ڕۆیشــتووەو تەنیـا بەپاڵپشـتی ڕووسـیەو ئێـران ماوەتـەوە، لاوازی سـوریە لەداهاتــوو کاریگــەری لەســەر بەرەوپێش‌چوونــی بزووتنــەوەی کــورد لەهەمـوو بەشـەکان دەبێـت. یەکێکـی دیکـە لـەو وڵاتانـە، عێراقـە، دوای ڕووخانـی ڕێژیمـی بەعـس لـە٢٠٠٣وە، عێـراق بۆتـە وڵاتێکـی فیـدراڵو کــورد لەوبەشــە بەبەشــێک لەمــافو ئازادییەکانــی گەیشــتووە، ئــەو مافــەش لــە دەســتوری ئــەم وڵاتــەدا دەســتەبەرکراوە، بۆیــە پێویســتە کــورد زۆر بــە وریایــیو حەکیمانــە لــەو بارودۆخــەدا هەڵســوکەوت لــە دوو بــواردا بــکات؛ یەکــەم، لەئاســتی نێونەتەوەیــیدا زیاتــر پرســی کــورد بەنێونەتەوەیــی بکرێــت کــە پشــتیوانی ڕای گشــتی بــەدوادا بێــت، دووەم؛ کــورد دەبــێ نێوماڵــی خــۆی ڕێکبخــاتو یەکگرتــووو یەکهەڵوێســت بــێ، هەربۆیــە کاتێــک ســتراتژی کــورد بــەرەو چــارەی خۆنووســین هەنــگاو هەڵگــرێ، دەبێتــە هێزێکــی شــوێندانەر کــە کاریگــەری ئەرێنــیو ڕاســتەوخۆی هــەم لەناوچــە هــەم لەســەر بەشــەکانی دیکــەی کوردســتان دەبێــت. بەپێچەوانــەوە دەبێتــە هــۆی لەناوچوونـی ئەزموونـی حکوومەتـە خۆجێیەکـەی کـە شـوێندانەری زۆر نێگەتیڤــی لەســەر بزووتنــەوەی کــورد دەبــێو لەوانەیــە چارەنووســی کــورد بــەرەو ئاقارێکــی نادیــار بەرێــت.

هەربۆیــە دەتوانیــن لەچەنــد ڕوووە بەرۆژەڤبوونــی پرســی کــورد لەدونیــا وەک هەنگاوێکــی دیکــەی ئەرێنــی ببینیــن کــە دەکــرێ دیپلۆماسـی بـۆ کـورد ئاسـانتر لەڕابـردوو بـکات، هەروەهـا لەدیاسـپۆراش وەک ڕەهەندێکـی هێـزی شـۆڕش سـەیربکرێت بـۆ پشـتیوانیو گەیاندنـی

دەنگــی کــورد کــە هیچــکات بــەڕادەی ئێســتا نەبــووە.

هەمــوو ئــەو بابەتگەلــەی کــە ئاماژەمــان پێکــرد، دەتوانــن ببنــە داخــوازی بەرنامــەی خەبــات بــۆ حیزبێکــی نەتــەوەی کــورد لەســەر بنەمــای خەباتــی داگیرکــراو دژی داگیرکــەر؛ واتــە بــۆ کــوردی ژێردەســتە ڕزگاری نیشــتمانی لەســەرووی هەمــوو داخوازییەکانــی دیکەوەیــە، چونکــە ڕوانگــەی حکوومەتەکانــی ناوەنــدی کــە کــوردی تێدایــە ڕوانگەیەکــی داگیرکەرانەیــە بــۆ کوردســتان، بۆیــە ئێمــە ناتوانیــن بەپێــی هەندێــک داواکاری ســەرەتایی وەک هــەر هاوڵاتییەکــی ئێرانــی دانیشــتووی تــاران کــە داوای مافــی شــارۆمەندی دەکات، هەڵســوکەوت بکەیــن. چونکــە پرســی ئێمــە خاکــە کــە دەبــێ ئــەو خاکــە داگیرکــراوە ڕزگار بکەیــن، بەتایبەتــی کــە دەبینــن ڕوانگــەو عەقڵییەتــی حاکــم لــە ئێــران بەنیســبەت کــورد ڕوانگــەی داگیرکەرانەیــە. دانانــی بەرنامەیەکــی لــەو شــێوەیە وێــڕای ئــەوەی نەخشــەڕێگای ئازادکردنــی نیشــتمان دیــاریدەکات، هەوڵدانــە بــۆ دروســتکردنی هاودەنگــی بزووتنــەوەی گەلــی کــورد لەســەر ئــەو نەخشــەڕێگایە کــە دەتوانــرێ وەک ئامــرازی بەهێزکردنــی شۆڕشــیش ببینرێــت؛ بــە کورتــی ئــەو بەرنامەیــە دەکــرێ بــە ســێ قونــاغ دابــەش بکــرێ:

قۆناغــی یەکــەم: قۆناغــی ئازادکردنــی کوردســتان واتــە لابردنــی داگیرکــەر. هێڵەکانــی بەرنامــەی ئــەو قۆناغــە وێــرای میکانیزمەکانــی بەهێزکردنــی شــۆڕش لەهەمــوو ئاســتەکان، کارکــردن بــۆ دانانــی میکانیزمــی پێویســتو شــەفاف بــۆ هاوخەباتــی لەگــەڵ هێــزو لایەنــەکان لەخــۆ دەگرێــت.

قۆناغــی دووەم: میکانیزمــی چۆنیەتــی بەڕێوەچوونــی قوناغــی دوای

ئـازاد بـوون تـا کاتـی دامەزراندنـی دامـەزراوە نیشـتمانییەکانو دۆخـی ئاسـایی، واتـە قوناغـی گواسـتنەوە.

قوناغـی سـێیەم: قوناغـی میکانیزمـی دامەزرانـدن و بەڕێوەبردنـی دامـەزراوە نیشـتمانیەکان لـە سـەر بنەمایەکـی دێموکراتیـک.

بەرنامەیەکـی لــەو شــێوە لەســەر بنەمــای فاکتــی مێژوویــیو گۆڕانکارییەکانـی ئێسـتاو پێداویسـتییەکانی داهاتـووی ئـەم پرسـەیە، دەتوانـێ پشـتیوانیو پشـتگیری زیاتـری کۆمەڵـگای ڕۆژهـەڵات بۆخـۆی مســۆگەربکات.

لــەو کتێبــەدا هەوڵــی ئەوەمــان داوە، پێویســتی گۆڕانــکاری چوارچێــوەی بەرنامــەو گوتــاری داهاتــووی حیــزب وەک هێزێکــی شــوێندانەر لــە ڕۆژهەڵاتــدا بخەینــە بەربــاس کــە لــە ســەر بنەمــای فاکتگەلــی؛ مێژوویــی، هەڵســوکەوتی داگیرکەرانــەی داگیرکــەران بەرانبــەر ئاشــتیخوازی کــورد، گۆڕانکارییــە ژئۆپۆلیتیکــیو کۆمەڵایەتــیو ئابوورییــەکان کــە کاریگــەری لەســەر دۆخــی کــورد هەبــووە، داڕێژرابــێ.